WWW.RUDAW.NET

# ڕووداو RÛDAW

خوێنەری ڕووداو زۆرتر دەزانێت

ژمارە (374) دووشەممە 2015/9/7 16ی گەلاوێژی 2715 (750) دینار

## کۆچبەران ناسنامەی کوردی ئێزدی دەدزن

**ڕووداو- هەولێر**

خەیری بۆزانی، بەڕێوەبەری کاروباری ئێزدییەکان لە وەزارەتی ئەوقافی حکومەتی هەرێمی کوردستان بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند خەڵکانێک بەنێوی کاری مرۆییەوە دەچنە نێو کەمپەکان، لەوێ ناسنامە و ڕەگەزنامە لە کوردە ئێزدییەکان وەردەگرن و پاشان کۆپییەکی لێدەبەن بۆ ئەوەی لە ئەورووپا مافی پەنابەری پێوەربگرن.

خەیری بۆزانی کە بەدواداچوونی بۆ ئەو پرسە کردووە دەڵێت "بۆمان دەرکەوت، ئەوە پێشتر حاڵەت بوو، بەڵام ئێستا بووەتە دیاردە".

بەپێی ئاماری ئیدارەی پارێزگای دهۆک 20 کەمپ لە سنووری پارێزگای دهۆک هەن و 16 لەو کەمپانە تایبەتن بە کوردی ئێزدی کە ژمارەیان 36 هەزار کەسە.

خەیری بۆزانی باسی چۆنیەتی بردنی ناسنامەی ئێزدییەکان دەکات و دەڵێت "کۆمەڵێک گەنج بەناوی ڕێکخراوی مرۆیی باجیان بۆ خۆیان دروستکردووە و چوونەتە نێو کەمپەکان، بەناوی ئەوەی کاریان بۆ دەکەن، کۆپی ناسنامەی ئێزدییەکانیان وەرگرتووە، بەڵام بۆ مەرامی دیکەی وەکو کۆچکردن بەکاریان هێناوە، تەنانەت هەندێکیان کە ئەو ناسنامانەیان بردووە، ئێستا لە ئەورووپان".

« 2



نەخشەڕێیەک بۆ چارەسەری پرسی کەرکووک

23

ئامەد بڕوای بە مانەوە لەگەڵ ئەنقەرە نەماوە

6



محەممەد حەکیم:

ئێستا بارزانی سەرۆکی پارتییە

5

شاندێکی ئێرانی بۆ چارەسەری کێشەکە دەگاتە هەرێمی کوردستان

# پارتی داوای کاندیدی سەرۆک لە چوار لایەنەکە دەکات

« 3




مەکتەب سیاسییەکی کۆمەڵ: با چوار لایەنەکە د. بەرهەم یان کاک قوباد کاندید بکەن

لە ستۆکهۆڵم هەندێ گەڕەک لە سویدی قەدەغەن

9

کاسکێتەکەی بەکر عەلی بە ئێران سپێردرا



21

لە ڕانیە دەستدرێژی دەکرێتە سەر کچێکی پێنج ساڵان

2

ڕووداو
ژمارە (374) دووشەممە 2015/9/7

### وەزارەتی تەندروستی داوای قەرەبووی ئەمبولانسەکەی دەکاتەوە

**ڕووداو- سلێمانی**

وەزارەتی تەندروستی لە راگەیێنراوێکدا داوا لە لایەنە پەیوەندیدارەکان دەکات رێککاری یاسایی لە هەمبەر سوتاندنی ئەمبولانسێکی تەندروستی کۆیە بگرنەبەر و قەرەبووی ماددی و مەعنەوی لەوانە وەرگرن کە ئەمبولانسەکەیان سووتاندووە.

کۆتا شەوی مانگی رابردوو بەهۆی گرفتێکی کۆمەلایەتییەوە لە سنووری بەڕێوەبەرایەتی تەندروستی کۆیە، هێرشکرایەسەر ئەمبولانسێکی حکومی کە چەند بریندارێکی دەگواستەوە و لە ئاکامدا ئەمبولانسەکە سووتێنرا. وەزارەتی تەندروستی لە راگەیەنراوەکەدا سەرەڕای سەرکۆنەکردنی پەلامارەکە، داوای قەرەبووی ماددی و مەعنەوی دەکات "چونکە ئێستا بەهۆی قەیرانی داراییەوە، کڕین و دابینکردنی ئەمبولانس ئاسان نییە".



# لە رانیە دەستدرێژی دەکرێتە سەر کچێکی پێنج ساڵان

**ڕووداو — رانیە**

خێزانێکی رۆژهەڵاتی کوردستان کە لە کارگەیەکی بلۆک لە دەوروبەری رانیە کار دەکەن، دەڵێن کوڕی خاوەن کارگەکە دەستدرێژیی کردووەتە سەر کچە تەمەن پێنج ساڵانەکەیان، بەڵام باوکی کوڕەکە دەڵێت راست ناکەن و ئەو خێزانە قەرزدارن و بۆ پارە ئەو تۆمەتەیان بۆ کوڕەکەی هەڵبەستووە.

بەپێی زانیارییەکان، رۆژی 2015/8/25 کوڕێک بەناوی (ر.ش.ع) تەمەن 20 ساڵ، کە کوڕی خاوەن کارگەیەکی بلۆکە، دەستدرێژیی کردووەتە سەر کچی خێزانێکی رۆژهەڵاتی کوردستان کە لە کارگەکەی ئەوان کار دەکەن. ئەو کوڕە بەپێی مادەی 396 لە یاسای سزادانی عێراقی دەستگیرکراوە و دواتر بە کەفالەت ئازاد کراوە.

کەسێکی نزیک لە خێزانی کچەکە بە (ڕووداو)ی راگەیاند "ئەو خێزانە سێ ساڵە هاتوونەتە باشووری کوردستان و لە کارگەیەکی بلۆک کار دەکەن". ئەو کەسە گوتیشی "ئەو رۆژە باوکی خەریکی کار بوو لەناو کارگەکە، دایکیشی سەرقاڵی ئامادەکردنی خواردن بووە، کچەکەشیان لە ئۆفیسی کارگەکە لەگەڵ کوڕی خاوەن کارگەکە بووە".

ئەو سەرچاوەیە دەڵێت "ئەو کچە بۆ دایکی باسکردووە کە کوڕی خاوەن کارگەکە چوار جاری دیکە دەستدرێژیی کردووەتە سەری، بەڵام ئەمجارەیان ئاشکرا بووە، ئەویش لەو کاتەدا بووە کە کچەکە گریاوە و دایکی لێی پرسیوە بۆچی دەگری؟ ئەویش ڕووداوەکەی بۆ گێڕاوەتەوە، کاتێک دایکی سەیری دەکات، خوێن بە قاچەکانیدا دێتە خوارەوە".

دایکی کچەکە کاتێک ئەمە دەبینێ تووشی شۆک دەبێت، بۆیە یەکسەر مێردەکەی ئاگادار دەکاتەوە. ئەو سەرچاوەیە گوتی "ئەوان کچەکەیان بردبوو بۆ نەخۆشخانە، بەڵام لەبەر ئابڕووی خۆیان لەلای پزیشک گوتبوویان کچەکەمان بەربووەتەوە، کەچی پزیشکەکە گوتبووی نەخێر ئەمە شتێک چووە بە نێو کۆئەندامی زاوزێیدا، بۆیە دەبێت لیژنە بیبینێ".

لێژنەکە کە لە دوو پزیشک پێکهاتووە، دوای پشکنین، یەکێکیان گوتوویەتی پەردەی لەدەستداوە، ئەوی دیکەشیان گوتوویەتی تەنیا ئازاری پێگەیشتووە. بۆیە بڕیار دەدرێت کچەکە بۆ پشکنین رەوانەی پەیمانگەی دادپزیشکی سلێمانی بکرێ. سەرچاوەکە گوتی "خۆشبەختانە پشکنینەکە سەلامەت دەرچوو، تەنیا ئازار بە پەردەی کچێنی گەیشتبوو".

ئەو سەرچاوەیە باسی لەوە کرد کە کچەکە پێویستی بە چارەسەری دەروونییە "چونکە هەر کاتێک چاوی بە پۆلیس یان پزیشک بکەوێت هاوار دەکات".

بەپێی قسەی ئەو سەرچاوەیە، دوای ڕووداوەکە کەسوکاری کچەکە کارەکەیان جێهێشتووە. خاوەنی کارگەکەش چەند جارێک داوایان لێکردوون بۆ ئەوەی کێشەکە بە سوڵحی عەشایری چارەسەر بکەن، بەڵام ئەوان رەتیانکردووەتەوە و لەدادگا سکاڵایان لەسەر کوڕەکە تۆمار کردووە.

باوکی کوڕەکە رەتینەکردەوە کە کوڕەکەی لەسەر ئەو ڕووداوە دەستگیرکراوە و دواتر بە کەفالەت ئازاد کراوە، بەڵام پێیوایە غەدر لە کوڕەکەی کراوە.

(ش.ع) باوکی کوڕەکە بە (ڕووداو)ی گوت "ئێمە خێزانێکی دینداریـن و نوێژەکانمان لە مزگەوت دەکەین، ئەو جۆرە کارانە لە ئێمە ناوەشێتەوە. جگە لەوەش هەم من و هەمیش کوڕەکەم زۆر هاوکاری ئەو خێزانەمان کردووە و پارەمان بە قەرز داونەتێ".

(ش) رەتیکردەوە کوڕەکەی ئەو کارەی کردبێ و گوتی "ئەو خێزانە پارەیەکی زۆر قەرزدارن، ئەو تۆمەتەیان بۆ کوڕەکەم هەڵبەستووە، دەیانەوێ لەو رێگەیەوە پارەیان دەستبکەوێت و قەرزەکەیانی پێ بدەنەوە". گوتیشی "داوامان لەو خێزانە کردووە کێشەکە لە رێگەی سوڵحی عەشایری چارەسەر بکەین و هەر شتێکیان بووێت بۆیان جێبەجێ دەکەین، بەڵام ئەوان رازی نین".

(ش) ڕووداوەکەی بە جۆرێکی دیکە گێڕایەوە و گوتی "ئەو رۆژە بێجگە لەو منداڵە، منداڵی دیکەش لەلای کوڕەکەم بوون، بەڵام ئەو منداڵە زۆر هاروهاجی کردووە و چووەتە سەر شان و ملی کوڕەکەم. لەو کاتەی کوڕەکەم ویستوویەتی بیهێنێتە خوارەوە، بە قەدەری خوا، پەنجەیەکی چووە بە نێو لەشی کچەکەدا و تووشی ئەو ڕووداوە بووە".

### بۆ مەبەستی کۆچکردن بەکاردێت

# لە کەمپەکان ناسنامەی ئێزدییەکان دەدزرێت

### یاریدەدەری پارێزگای دهۆک: بەدواداچوون بۆ ئەو پرسە دەکەین



(فۆتۆ: فەرزین حەسەن)

**سەریاز سیامەند**
**ڕووداو- هەولێر**

بەرپرسێکی ئێزدی ئاشکرای دەکات کە ژمارەیەک کەس بەناوی رێکخراوە ناحکومییەکانەوە دەچنە نێو کەمپەکان و بەناوی کاری مرۆییەوە، ناسنامە و رەگەزنامە لە ئاوارە ئێزدییەکان وەردەگرن، بەڵام بۆ مەبەستی کۆچکردن بۆ ئەوروپا سوودی لێوەردەگرن.

خەیری بۆزانی، بەڕێوەبەری کاروباری ئێزدییەکان لە وەزارەتی ئەوقافی حکومەتی هەرێمی کوردستان بە (ڕووداو)ی راگەیاند، هاووڵاتیانی نا ئێزدی بەشێوازی جیاواز ناسنامەیان لە کوردی ئێزدی وەرگرتووە و بە مەبەستی وەرگرتنی مافی پەنابەری لە وڵاتانی ئەوروپا، بەکاریان هێناوە.

خەیری بۆزانی کە بەدواداچوونی بۆ ئەو پرسە کردووە، دەڵێت "بۆمان دەرکەوت، ئەوە پێشتر حاڵەت بوو، بەڵام ئێستا بووەتە دیاردە و لە هەر هاووڵاتییەکی ئاسایی لە دهۆک و زاخۆ بپرسیت، ئاگاداری ئەو بابەتەن".

بەپێی ئاماری ئیدارەی پارێزگای دهۆک، 20 کەمپ لە سنووری پارێزگای دهۆک هەن، 16 لەو کەمپانە تایبەتن بە ئاوارە ئێزدییەکان کە ژمارەیان 36 هەزار کەسە.

خەیری بۆزانی باسی چۆنیەتی بردنی ناسنامەی ئێزدییەکان دەکات و دەڵێت "کۆمەڵێک گەنج بەناوی رێکخراوی مرۆیی باجیان بۆ خۆیان دروستکردووە و چوونەتە نێو کەمپەکان، بەناوی ئەوەی کاریان بۆ دەکەن، کۆپی ناسنامەی ئێزدییەکانیان وەرگرتووە، بەڵام ئەوانە ناسنامەکانیان بۆ مەرامی دیکەی وەکو کۆچکردن بەکارهێناوە، تەنانەت هەندێکیان کە ئەو ناسنامانەیان بردووە، ئێستا لە ئەوروپان".

رەنگە ئێستا هیچ کەسێک هێندەی کوردی ئێزدی چانسی وەرگرتنی مافی پەنابەرییان نەبێت، بەو پێیەی دونیا ئاگاداری دۆسیەکەیانە و دەزانن رێکخراوی دەوڵەتی ئیسلامی لە عێراق و شام (داعش) چی بەسەرهێناون.

سەبارەت بە وەرگرتنی مافی پەنابەری لە رێگەی ئەو ناسنامانەوە، خەیری بۆزانی گوتی "ئەمەیان نازانم، بەڵام ئەوەندە دەزانم ئەوانە بەو هۆیەوە چوونەتە دەرەوە".

داعش لە رۆژی 2014/8/3 هێرشی کردە سەر شنگال و داگیری کرد. ژمارەیەکی زۆر کوردی ئێزدی لەلایەن داعشەوە کوژران و ژمارەیەکی زۆریشیان بە ژن و منداڵەوە بردران کە بەپێی ئامارەکان ژمارەیان 5820 کەس بوو، تاوەکو ئێستاش 2200 کەس لەوانە رزگارکراون.

ئیسماعیل محەممەد، یاریدەدەری پارێزگاری دهۆک بۆ کاروباری پەنابەران بە (ڕووداو)ی راگەیاند کە ئەوانیش زانیویانە خەڵکانێکی نائێزدی سوود لە ناسنامەی کوردی ئێزدی وەردەگرن بۆ ئەوەی مافی پەنابەری لە وڵاتانی ئەوروپا وەربگرن. گوتیشی، بەدواداچوون بۆ ئەو پرسە دەکەن.

# سلێمانی قۆناغی بنەڕەتی هەڵدەوەشێنێتەوە

### ئەندامێکی ئەنجوومەنی پارێزگای سلێمانی: ئەو بڕیارە گەڕانەوەیە بۆ سیستمەکەی بەعس



(فۆتۆ: فەرزین حەسەن)

**پشتیوان جەمال**
**ڕووداو- سلێمانی**

بەڕێوەبەرایەتی گشتیی پەروەردەی سلێمانی بۆ ساڵی نوێی خوێندن، قۆناغی بنەڕەتی هەڵدەوەشێنێتەوە، گوتەبێژی وەزارەتی پەروەردە بڕیارەکە بە باش دەزانێت لەبەر دروستبوونی کێشەی کۆمەڵایەتی، بەڵام ئەندامێکی ئەنجومەنی پارێزگا پێیوایە ئەوە هەنگاونانە بۆ دواوە.

ناوەڕاستی هەفتەی داهاتوو وەرزی نوێی خوێندن دەستپێدەکاتەوە، پەروەردەی گشتی سلێمانیش پلانی جیاکردنەوەی قۆناغەکانی یەک هەتا نۆ دەخاتە بواری جێبەجێکردنەوە کە ماوەی نزیکەی هەشت ساڵە ئەو دوو قۆناغە بەبڕیاری کۆنگرەی پەروەردەیی تێکەڵ کرابوون و لە کۆنگرەی ئەمساڵی پەروەردەیی بڕیاری جیاکردنەوەیان درا.

دڵشاد عومەر، بەڕێوەبەری گشتیی پەروەردەی سلێمانی بە (ڕووداو)ی راگەیاند "یەکێک لە ئەنجامەکانی کۆنگرەی پەروەردەیی لەساڵی 2007 تێکەڵکردنی قۆناغی یەک تاوەکو نۆ بوو، لە کۆنگرەی پەروەردەیی ئەمساڵیشدا بڕیارەکە هەڵوەشێندرایەوە، چونکە دیزاینی خوێندنگەکان بۆ ئەو قۆناغە نەگونجاو بوون، بۆ نموونە منداڵێکی تەمەن شەش ساڵ کە لە یەکی بنەڕەتییە لەگەڵ خوێندکارێکی 15 ساڵی بە یەکەوە دەبن".

وەکو بەڕێوەبەری گشتی پەروەردە باسیکرد، بەپێی ئەو توانایەی لە خوێندنگەکاندا لەڕووی بیناوە لەبەردەستیاندایە، ئەمساڵ دەست بەو گۆڕانکارییە دەکەن، بەڵام پێویستە لەلایەن وەزارەتی پەروەردەوە فەرمانی وەزاریی بۆ دەربکرێت و بۆ هەندێک حاڵەتیش رەزامەندی ئەنجوومەنی وەزیرانی دەوێ.

فاتیح مەولەوی زادە، گوتەبێژی وەزارەتی پەروەردەی حکومەتی هەرێمی کوردستان بڕیارەکەی پەروەردەی گشتیی سلێمانی بە باش زانی و بە (ڕووداو)ی گوت کە لە کۆنگرەی پەروەردەدا بڕیار دراوە قۆناغەکانی یەک تا شەش و حەوت تاوەکو نۆ جیاواز بن، چونکە ساڵی رابردووش هەندێک کێشەی کۆمەڵایەتی بەهۆی ئەو تێکەڵاوبوونەوە دروست بوو، بۆیە بڕیارەکەی سلێمانییان بەلاوە باشە بەو مەرجەی کێشەی بینا و مامۆستا دروست نەبێت.

وەک ناوبراو ئاماژەی پێدا، پێشتریش بڕیاری تێکەڵاوکردنی ئەو دوو قۆناغە لە هەندێک شوێنی هەولێر و دهۆک جێبەجێکراوە، بەڵام هەر بەهۆی کێشەی کۆمەڵایەتییەوە هەڵوەشێنراوەتەوە.

بەڵام نیاز حەمەلاو، ئەندامی لیژنەی پەروەردە لە ئەنجوومەنی پارێزگای سلێمانی دژی بڕیارەکەیە و پێیوایە ئەوە هەنگاونانە بۆ دواوە، نیاز بە (ڕووداو)ی راگەیاند "لە زۆربەی وڵاتانی دەرەوەش قۆناغی بنەڕەتی لە یەک تاوەکو حەوت دەستپێدەکات و ئەوکاتەش کاتی گەشەی منداڵە و پاشان قۆناغی هەشت تا نۆ دەبێتە ناوەندی". گوتیشی "لەو قۆناغەدا کەسایەتی نێوان کوڕ و کچ یەکسان دەبن، چونکە کاتێک لە قۆناغی شەش و حەوت پێکەوە بوون، ئاساییە لە هەشت و نۆیش پێکەوە بن".

نیاز رەخنەی لە سیستمی پەروەردە گرت و گوتی "ئێستا بەداخەوە پەروەردە بڕیارەکەی دەگۆڕێ و سیستمەکەی بەعس پەیڕەو دەکاتەوە، چونکە بەو هەنگاوەی پێشتر ویستمان قۆناغێک بڕۆینە پێشەوە و جیاوازییەکان نەهێڵین، بەڵام ئێستا هەنگاو بۆ دواوە دەنێینەوە و جیاوازیی نێوان کوڕان و کچان دروست دەکەینەوە".

# بۆ جاری دووەم ماوەی خزمەتی سەرۆکی داواکاری گشتی درێژ دەکرێتەوە

**هێمن مامەند**
**ڕووداو- هەولێر**

سەرۆکی داواکاری گشتیی هەرێمی کوردستان کە چوار ساڵ بەسەر تەمەنی خانەنشینکردنیدا تێپەڕیوە، بۆ جاری دووەم ماوەکەی بۆ درێژ دەکرێتەوە، بڕیاردەری لێژنەی یاسایی پەرلەمانی کوردستانیش دەڵێت "درێژکردنەوەکە نایاساییە".

سازگار عەلی ناجی، سەرۆکی داواکاری گشتیی هەرێمی کوردستان، ساڵی 1948 لەدایک بووە و ئێستا تەمەنی 67 ساڵە و چوار ساڵ بەسەر تەمەنی خانەنشینکردنیدا تێپەڕیوە کە بەپێی یاسای خانەنشینی دەبووایە لە تەمەنی 63 ساڵی خانەنشین بکرێت، بەڵام ئەو هێشتا لەکارەکەی بەردەوامە.

بەپێی ئەو دۆکیومێنتانەی دەست (ڕووداو) کەوتوون، پێشتر شێروان حەیدەری، وەزیری پێشووی دادی هەرێمی کوردستان بە پشتبەستن بە نووسراوی ژمارە 3942ی ئەنجوومەنی وەزیران کە لە رۆژی 2014/8/26 دەرچووە، بڕیاری داوە بە "درێژکردنەوەی ماوەی خزمەتی بەڕێز (سازگار عەلی ناجی) سەرۆکی داواکاری گشتی لەسەر میلاکی وەزارەتمان بۆ ماوەی یەک ساڵ لە رێکەوتی تەواوبوونی خزمەتی لە 2014/8/26".

ئێستا دوو هەفتە بەسەر ئەو وادەیەدا تێپەڕیوە، بەڵام سەرۆکی داواکاری گشتی هێشتا لەکارەکەی خۆی بەردەوامە. بەپێی هەندێ زانیاری، سینان چەلەبی وەزیری دادی حکومەتی هەرێمی کوردستان کە ئێستا لە دەرەوەی وڵاتە، بەر لەوەی سەفەر بکات بەشێوەی زارەکی بە سازگار عەلی ناجی گوتووە کە لە کارەکەی بەردەوام بێت.

گۆران ئازاد، بڕیاردەری لیژنەی یاسایی لە پەرلەمانی کوردستان لەبارەی ئەو درێژکردنەوەیە بە (ڕووداو)ی گوت "بەپێی مادده 27ی یاسای خانەنشینی، فەرمانبەر لە تەمەنی 63 ساڵی خانەشین دەکرێت، بەڵام دوای ئەو تەمەنە دەکرێ بە رەزامەندیی وەزیرەکەی، ئەگەر پێویستی کرد دوو ساڵی دیکەی بۆ درێژ بکرێتەوە". گوتیشی "بەڵام بۆ سەرۆکی داواکاری گشتی کە تەمەنی 67 ساڵە و بێجگە لە دوو ساڵەکە، ساڵێکی دیکەشی بۆ درێژ کراوەتەوە و ئێستاش ساڵێکی دیکەی بۆ درێژ دەکرێتەوە، ئەوە کارێکی نایاساییە و پێویستە خانەنشین بکرێ".

(ڕووداو) زیاتر لە 10 جار پەیوەندی بە سازگار عەلی ناجییەوە کرد، بەڵام وەڵامی پەیوەندییەکەی نەدایەوە. هەروەها پەیوەندی کرد بە حاکم ئازاد خۆشناو، جێگری یەکەمی سەرۆکی داواکاری گشتی، بەڵام ناوبراو ئامادە نەبوو لەسەر ئەو بابەتە قسە بکات.

هەر بۆ هەمان مەبەست (ڕووداو) پەیوەندی بە جەواد فەتاح ئاغا، جێگری دووەمی داواکاری گشتییەوە کرد، بەڵام ئەو گوتی "بەهیچ شێوەیەک قسە ناکەم، بۆیەش وەڵامی پەیوەندییەکەم داوەتەوە وامزانی کوڕەکەمە کە ئێستا لە دەرەوەی وڵاتە".

نەریمان تالیب، گوتەبێژی وەزارەتی دادی حکومەتی هەرێمی کوردستان، پشتڕاستی کردەوە کە ماوەی خزمەتی سەرۆکی داواکاری گشتی درێژکراوەتەوە و بە (ڕووداو)ی گوت "درێژکردنەوەکە لەسەر خواستی سازگار خان نەبووە، بەڵکو لەسەر پێشنیازی وەزیری داد و ئەوانەی لە مەجالی دادوەری کار دەکەن، لەبەر بارودۆخی هەرێمی کوردستان بە باشیان زانی سەرۆکی داواکاری گشتی لە کارەکەی بەردەوام بێت".



## وەزیری دارایی بانگهێشتی پەرلەمان دەکرێت



**رووداو- هەولێر**

فایەق مستەفا، پەرلەمانتاری فراکسیۆنی گۆڕان لە پەرلەمانی کوردستان بە (رووداو)ی گوت، لەسەر داواکاری 11 پەرلەمانتاری گۆڕان و چوار پەرلەمانتاری فراکسیۆنەکانی دیکە داوای بانگهێشتکردنی رێباز حەملان وەزیری داراییان بۆ دانیشتنێکی ئاسایی پەرلەمان کردووە بۆ روونکردنەوە لەسەر داهات و دواکەوتنی مووچە. وەزیری دارایی لەسەر پشکی گۆڕانە و پەرلەمانتارەکەی گۆڕانیش گوتی "ئەو کۆبوونەوەیە بۆ گفتوگۆ و روونکردنەوەیە، بەڵام ئەگەر وەڵامەکانی قەناعەتپێکەر نەبوون، بانگهێشتی دەکەینەوە بۆ پرساندن. ئەگەر ئەو کاتەش بە وەڵامەکانی قایلی نەکردین، کار دەکەین بۆ ئەوەی متمانەی لێوەربگرینەوە".

### شاندێکی ئێرانی بۆ چارەسەری کێشەکە دەگاتە هەرێمی کوردستان

# پارتی داوای کاندیدی سەرۆک لە چوار لایەنەکە دەکات

**هێڤیدار ئەحمەد و نەوزاد مەحموود**
**رووداو- هەولێر**

شاندێکی سوپای قودسی ئێران لە هەرێمی کوردستانە، سەردانەکەشیان پەیوەندی بە پرسی سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستانەوە هەیە، شاندەکە یەکەم دیداری لەنێو یەکێتی لەگەڵ هێرۆ ئیبراهیم ئەحمەد بووە و بڕیاریشە ئەمڕۆ (دووشەممە) سەردانی شاری هەولێر بکەن.

پێنج لایەنەکە (پارتی، گۆڕان، یەکێتی، یەکگرتوو و کۆمەڵ) شەش کۆبوونەوەیان کردووە، بەڵام هێشتا بەرهەمی کۆبوونەوەکانیان نەدووریوەتەوە. کۆماری ئیسلامیی ئێران، ئەوە سێیەمجارە بۆ پرسی سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان دێتە سەر خەت.

رۆژی 2015/9/6 شاندێکی باڵای سوپای قودسی ئێرانی گەیشتە سلێمانی و بە جیا لەگەڵ هێرۆ ئیبراهیم ئەحمەد و کۆسرەت رەسوڵ عەلی و بەرهەم ساڵح کۆبووەوە.

سەرچاوەیەکی باڵا لە یەکێتی بە (رووداو)ی گوت، شاندە ئێرانییەکە دوو پرسیان لەگەڵ باسکردوون "یەکەم: کێشەی ناوخۆی یەکێتی و دووەم: پرسی سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان". ئەو سەرچاوەیەی یەکێتی گوتیشی "بڕیارە شاندەکەی ئێران لەگەڵ نەوشیروان مستەفا، رێکخەری گشتی بزووتنەوەی گۆڕانیش کۆببێتەوەو دواتر سەردانی هەولێر دەکات و لەگەڵ مەسعود بارزانی، سەرۆکی هەرێمی کوردستانیش کۆدەبێتەوە".

لەناوەڕاستی مانگی رابردوودا دوو شاندی باڵای ئێران بۆ چارەسەرکردنی پرسی سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان سەردانی سلێمانی و هەولێریان کرد. شاندی یەکەم ئەحمەد ئەمیری، یاریدەدەری سکرتێری گشتی ئەنجوومەنی ئاسایشی نەتەوەیی ئێران بووە، شاندی دووەم خودی قاسم سلێمانی، فەرماندەی گشتی سوپای قودسی ئێران بوو.

یەکگرتووی ئیسلامی نایشارێتەوە کە ئێران دەتوانێ "رۆڵی کاریگەر"ی هەبێ لە چارەسەرکردنی ئەو کێشەیەدا.

محەممەد ئەحمەد، یاریدەدەری ئەمینداری گشتیی یەکگرتوو بە (رووداو)ی گوت "من ئاگادار نیم کە شاندی ئێرانی هاتووە، بەڵام ئێران دەتوانێ رۆڵی کاریگەری هەبێ لە چارەسەرکردنی پرسی سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستاندا".

### پارتی لایەنەکانی بێمنەت کرد

بە گوێرەی زانیارییەکانی (رووداو)، لە دوایین کۆبوونەوەی پێنج قۆڵیدا کە رۆژی 2015/8/30 لە هەولێر بەڕێوەچوو، سەرۆکی شاندی پارتی داوای لە لایەنەکان کردووە کاندیدی خۆیان بۆ سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان پێشکەش بکەن.

ئەندامێکی کۆبوونەوەی پێنج قۆڵی کە داوای کرد ناوی بڵاونەکرێتەوە، بە (رووداو)ی گوت "لایەنەکانی کۆبوونەوەکە بە شاندی پارتییان گوت، ئێمە رازین بە مانەوەی بارزانی بۆ دوو ساڵی دیکە، ئێوەش دەبێ سازش بکەن، بەڵام د.رۆژ نووری شاوەیس، سەرۆکی شاندی پارتی بە لایەنەکانی گوت، بۆ هەموو جارێ ئەوە بە چاوی پارتیدا دەدەنەوە کە رازین بە مانەوەی بارزانی و دەبێ پارتی سازش بکات؟ بارزانی ئەو پۆستە وەرناگرێتەوە و فەرموون کاندیدی خۆتان پێشکەش بکەن، بەڵام هیچیان نەهاتنە پێش و بڵێن کاندیدمان هەیە".

سەرۆکی شاندی یەکگرتوو لە کۆبوونەوەی پێنج قۆڵی لەسەر ئەو هەڵوێستەی پارتی زانیاری زیاتر ئاشکرا دەکات و دەڵێت "سەرۆکی شاندی پارتی گوتی ئەگەر ئێوە سوورن لەسەر ئەوەی کە ناتانەوێ بارزانی لە پۆستەکەیدا بمێنێتەوە، فەرموون با لایەنەکان پاڵێوراوی خۆیان پێشکەش بکەن".

### یەکگرتوو خۆی ئامادە کردبوو

بڕیاربوو رۆژی 2015/9/6 حەوتەمین کۆبوونەوەی پێنج قۆڵی بکرێ، بەڵام کۆبوونەوەکە لەسەر دوای یەکێتی نیشتیمانی کوردستان دواخرا.

بەپێی زانیارییەکان یەکێتی پێش ئەوەی داوای دواخستنی کۆبوونەوەکە بکات، لەگەڵ بزووتنەوەی گۆڕان ئەو بابەتەی باسکردووە و گۆڕانیش رازی بووە.

محەممەد ئەحمەد، سەرۆکی شاندی یەکگرتوو بۆ کۆبوونەوەی پێنج قۆڵی دەڵێت "هیچ کێشەمان نەبوو، خۆمان ئامادە کردبوو، بەڵام لەسەر داوای یەکێتی کۆبوونەوەکە دواخرا".

### گۆڕان دەستی یەکێتی دەبڕێ

لەنێو یەکێتیدا باڵی هێرۆ ئیبراهیم ئەحمەد بەباڵی نزیک لە نەوشیروان مستەفا، رێکخەری گشتیی بزووتنەوەی گۆڕان دەناسرێ، بەتایبەتی لە مەسەلەی هەڵوێستدا لە مانەوەی بارزانی، بەڵام هەردوو جێگری سکرتێری گشتیی یەکێتی: کۆسرەت رەسوڵ و بەرهەم ساڵح هەمان هەڵوێستیان نییە. هەر لەسەر ئەوەش دوو پەیامی توندیان بۆ هێرۆ ئیبراهیم ئەحمەد و نەوشیروان مستەفا نارد کە تێیدا هۆشدارییان دابوو لەبارەی دەستبەسەرداگرتنی یەکێتی لەلایەن رێکخەری گۆڕانەوە.

ئەندامێکی مەکتەبی سیاسی یەکێتی لەبارەی دۆخی ئێستای نێو یەکێتی گوتی "یەکێتی لەم گەمەیەدا زەرەر دەکات، چونکە نەیتوانی بێ تەرەف بێ و بووەتە دوو بەش، بەشێک لای گۆڕانە و بەشێکیش لای پارتییە". گوتیشی "شاراوە نییە ئێستا حیزبەکەی ئێمە کە خاوەن نفوز و دەسەڵاتە، بووەتە بارمتە لای گۆڕان و بەتایبەت لای خودی کاک نەوشیروان".

ئەندامەکەی مەکتەبی سیاسی یەکێتی کە داوای کرد ناوی بڵاونەکرێتەوە، نایشارێتەوە کە نەوشیروان مستەفا، رێکخەری گشتیی بزووتنەوەی گۆڕان بەهیچ شێوەک رازی نییە یەکێتی لە پارتی نزیک ببێتەوە و دەڵێت "ئەگەر یەکێتی لەگەڵ گۆڕان نەبووایە، گۆڕانیش وا توند نەدەبوو، بۆیە گۆڕان دەیەوێ ئەو دەستەی یەکێتی لەلای پارتییە ببڕێ".

### پارتی خۆی دزییەوە

فەرید ئەسەسەرد، ئەندامی سەرکردایەتی یەکێتی کە دەگوترێ نزیکە لەو باڵەی دەیەوێ یەکێتی و گۆڕان لەیەکدی نزیک بن، بە (رووداو)ی گوت "لەگەڵ گۆڕان چیدی ناگەڕێینەوە دواوە، راستە باڵەکەی دیکەی نێو یەکێتی (کۆسرەت رەسول و بەرهەم ساڵح) بۆچوونی خۆیان هەیە و دەکرێ لەنێو یەکێتیدا چارەسەر بکرێ و دەرفەتێکیش هەیە بۆئەوەی ئەو کێشەیە چارەسەر بکرێ".

بەڵام ئەندامەکەی مەکتەبی سیاسی یەکێتی دەڵێت "یەکێتی ململانێی شاراوەی لەگەڵ گۆڕاندا هەیە، بەڵام لەهەمانکاتدا هاوپەیمانێتی ئاشکرای هەیە لەگەڵ گۆڕان، لەگەڵ پارتیش یەکێتی ململانێی ئاشکرای هەیە، بەڵام لەهەمانکاتدا هاوپەیمانێتی شاراوەی هەیە".

### گۆڕان پەیامێک بۆ بارزانی دەنێرێ

بزووتنەوەی گۆڕان لە دوو خاڵدا ئەگەر پارتی بێتە سەر خەت، ئامادەیە لەگەڵی رێکبکەوێ. هەڵسوڕاوێکی دیاری بزووتنەوەی گۆڕان باسی دوا هەڵوێستی رێکخەری بزووتنەوەی گۆڕان دەکات و دەڵێت "دوو شت زۆر گرنگن بۆ گۆڕان کە دەیەوێ لە کۆبوونەوەی داهاتووی پێنج قۆڵیدا لەرێگەی نامەیەکەوە بگەیەنرێتە بارزانی".

ئەو هەڵسوڕاوەی گۆڕان زانیاری زیاتر ئاشکرا دەکات و دەڵێت "خاڵی یەکەم بۆ گۆڕان کە گرنگە دەسەڵاتەکانی سەرۆکی هەرێمی کوردستانە، گۆڕان مەبەستێتی بزانێ بارزانی لە پێنج دەسەڵاتی سەرەکی کامیانی لەلا دەبێ و کام دەسەڵاتیش بۆ لایەنی دیکە شۆڕ دەکاتەوە، ئەو پێنج دەسەڵاتەش بریتین لە دەسەڵاتی ئەمنی، سەربازی، پەیوەندییەکانی دەرەوە، جێبەجێکردن و ئابووری".

دەربارەی خاڵی دووەم کە بۆ گۆڕان گرنگە، وەک ئەو هەڵسوڕاوەی گۆڕان دەڵێت "مەسەلەی دەستوورە، وردتر بڵێم شێوازی هەڵبژاردنی سەرۆکە و بزووتنەوەی گۆڕان لەگەڵ لایەنەکانی دیکەش کۆدەبێتەوەو بەفەرمی داوا لە بارزانی دەکرێ هەڵوێستی خۆی لەسەر دەسەڵاتەکان و شێوازی هەڵبژاردن بخاتەڕوو".


دەربارەی هەڵوێستی رێکخەری گشتی بزووتنەوەی گۆڕان لەسەر هەڵبژاردنی پێشوەخت، هەڵسوڕاوەکەی گۆڕان دەڵێت "کاک نەوشیروان لەگەڵ ئەوەیە لایەنەکان بگەنە رێککەوتن، چونکە ئەگەر هەڵبژاردنی پێشوەخت بکرێ، ئەوا زیاتر لە ساڵێکی دیکە پێویستە تاوەکو بکرێ، تاوەکو دوای هەڵبژاردن پەرلەمانی نوێ دابنیشێ و پرسی سەرۆکی هەرێمی کوردستان چارەسەر بکەن دوو ساڵی دیکە دەڕوات، تا ئەو کاتەش بارزانی بەهەموو دەسەڵاتەکانییەوە هەر لە پۆستەکەیدا دەمێنێتەوە، بۆیە کاک نەوشیروان لەگەڵ ئەوەیە ئەو گفتوگۆیانە زوو بگەنە ئەنجام".

### کۆمەڵ دەیەوێ رکابەری بارزانی هەبن

ئەندامێکی مەکتەبی سیاسی کۆمەڵی ئیسلامیش، رەتیکردەوە هیچ بۆچوون و پرۆژەی نوێ هەبێ لەسەر شێوازی هەڵبژاردنی سەرۆک "ئەگەر پارتی رازی ببێ دوو ساڵی داهاتوو سەرۆکی هەرێمی کوردستان لە پەرلەمان هەڵبژێردرێ، دەگەینە ئەنجام". بیلال سلێمان، هەروەها دەڵێ پارتی دەیەوێ کاک مەسعود دوو ساڵی دیکە سەرۆک بێت و هەموو دەسەڵاتەکانیشی هەبێت، دوای دوو ساڵەکە ئینجا قسە لەسەر ئەو پرسانە بکەین".

ئێستا هەڵبژاردنی پێشوەختە بووەتە رایەکی نزیک لە هەموو لایەنەکان، ئەو چارەسەرەی پارتی وەک یەکێک لە پێشنیازەکانی فڕێیدایە بەردەم لایەنەکان. بەڵام وەک بیلال سلێمان دەڵێ، دیسان مەسەلەی سەرۆکی هەرێم بۆ هەڵبژاردنی پێشوەخت دەبێتەوە کێشە لە بەردەم لایەنەکان "چونکە پرۆژەی چوار لایەنەکە دەڵێ، دەبێ سەرۆک لە پەرلەمانەوە هەڵبژێردرێ، کە تۆ سەرۆکی هەرێمت هەڵبژارد لەناو خەڵکەوە کەواتە قسەی پارتییە".

ئەو ئەندامەی مەکتەبی سیاسی کۆمەڵی ئیسلامی دەڵێ، ئەگەر وەک هاووڵاتییەکی ئاسایی و دوور لەو پۆستە سیاسییەم قسە بکەم، دەڵێم با بۆچوونی پارتی بێت و سەرۆکی هەرێم لەنێو خەڵکەوە هەڵبژێردرێ "بەڵام چوار لایەنەکە د.بەرهەم یان کاک قوباد بکەنە کاندید و لە بەرامبەر کاندیدی پارتی دایبنێن، ئەوکاتەی کێشەکە چارەسەر دەبێ".



# ئاشوورییەکان و یەکگرتوو بەشداریی حکومەتی دهۆک دەکەن

### یەکگرتوو: خۆمان بە حیزبەکانی دیکەوە نابەستینەوە

### یەکێتی: بەڵێنمان دابوو بەیەکەوە دانوستاندن لەگەڵ پارتی بکەین

**عوبەید رەشاڤایی**
**رووداو- دهۆک**

بە مەبەستی بەشدارکردنیان لە ئیدارەی پارێزگای دهۆک، پارتی دیموکراتی کوردستان دووجار لەگەڵ بەرپرسانی یەکگرتووی ئیسلامی کوردستان و بزووتنەوەی دیموکراتی ئاشووری کۆدەبێتەوە. یەکگرتوو دەڵێت ئەو پرسە لەم مانگەدا بە بەشداریی ئێمە یەکلایی دەبێتەوە و هەر لەم مانگەشدا کاندیدی خۆیان پێشکەش دەکەن.

بەپێی زانیارییەکانی (تۆڕی میدیایی رووداو)، شاندێکی پارتی دیموکراتی کوردستان کە پێکهاتبوون لە نوێنەری نێچیرڤان بارزانی لە دهۆک و پارێزگاری دهۆک و بەرپرسی لقی پارتی لە دهۆک و سەرۆکی ئەنجوومەنی پارێزگای دهۆک کە ئەویش لە پارتییە، لەو ماوەیەدا دوور لە چاوی کامێراکان لەگەڵ بەرپرسانی یەکگرتووی ئیسلامی و بزووتنەوەی دیموکراتی ئاشووری کۆبوونەتەوە.

غازی سەعید، بەرپرسی شاندی یەکگرتوو بۆ دانوستاندن بە (رووداو)ی راگەیاند، یەکگرتوو لەسەرەتاوە لەگەڵ بەشداریی راستەقینەدایە لە کابینەی هەشتەم و حکومەتە ناوخۆییەکان، بۆ ئەم مەبەستەش داواکارییەکانی خۆمان پێشکەشی پارتی کردووە، ئەوانیش داواکارییەکانیان رەت نەکردووەتەوە، بەڵام قسەی کۆتاییش نەکراوە.

لەبارەی داواکارییەکانەوە، غازی سەعید ئامادە نەبوو هیچ زانیارییەک بدرکێنێ، بەڵام (رووداو) لە ئەندامێکی سەرکردایەتی یەکگرتوو لە بادینان زانیویەتی کە یەکگرتوو داوای هەریەک لە (پۆستەکانی جێگری پارێزگاری دهۆک، دوو بەڕێوەبەری گشتی، سێ بەڕێوەبەری ناحیە، 12 بەڕێوەبەری بەشەکان و لەگەڵ دوو راوێژکاری پارێزگاری دهۆک)ی کردووە.

غازی سەعید دەڵێت "پارتی مەبدەئیەن لەگەڵ داواکارییەکانی ئێمەدایە و گەشبینیشم بەوەی کە لەم مانگەدا بگەینە رێککەوتن لەگەڵ پارتی".

فەهیم عەبدوڵلا، سەرۆکی ئەنجوومەنی پارێزگای دهۆک نەیشاردەوە کە یەکگرتووی ئیسلامی و بزووتنەوەی دیموکراتی ئاشووری لەسەر پرسی ئیدارەی پارێزگای دهۆک کۆبوونەتەوە، بەڵام گوتی "جارێ پێمان باش نییە هیچ قسەیەک لەسەر ئەو بابەتە بکەین، بەڵام ئەوەندە دەڵێم کە نزیک بووینەتەوە لە رێککەوتن".

هەرچی بزووتنەوەی دیموکراتی ئاشوورییە کە خاوەن دوو کورسی پەرلەمانە و کورسییەکیشی لە ئەنجوومەنی پارێزگای دهۆک هەیە، لەگەڵ ئەوەیە بەشداری ئیدارەی پارێزگای دهۆک بکات.

فەرید یەعقوب، بەرپرسی لقی دهۆکی بزووتنەوەی دیموکراتی ئاشووری ئاشکرای کرد کە پارتی لەم ماوەیەدا دووجار لەگەڵیان کۆبووەتەوە. گوتیشی "ئێمە لەگەڵ ئەوەین بەشداری لە حکومەتی نێوخۆیی پارێزگای دهۆکدا بکەین، پۆستیش رێگر نییە لەو بەشدارییە".

سەبارەت بە داواکارییەکانیان لە پارتی، فەرید یەعقوب گوتی "ئێمە بەر لەوەی داوای پۆست لە پارتی بکەین، داوا دەکەین کێشەی قەرەبووکردنەوەی زیانلێکەوتووانی گوندەکانی مەسیحیان چارەسەر بکات و لەسەر ئەم بابەتە نەرمی بنوێنێ".

هەروەها سەبارەت بەو پۆستانەی داوای دەکەن، گوتی "ئێمە داوای پۆستی جێگرێکی پارێزگارمان کردووە، پارتیش ئەو داواکارییەی ئێمەی رەت نەکردووەتەوە". گوتیشی "گەشبینم بەوەی ئێمەش بەبێ گرفت لەگەڵ پارتی دەگەینە رێککەوتن و بەشداری حکومەتی ناوخۆیی دهۆک دەکەین".

سەرۆکی شاندی یەکگرتوو بەشداریکردنی حیزبەکەی خۆی پەیوەست نەکردووە بە بەشداریکردنی یەکێتی و گۆڕان لە ئیدارەی پارێزگای دهۆک و گوتی "خۆمان لەگەڵ هیچ حیزبێک لەسەر ئەو پرسە پەیوەست ناکەین و بەپێی ئیستحقاقی هەڵبژاردن دانوستاندن دەکەین".

عەلی مستەفا، جێگری بەرپرسی مەڵبەندی یەکێتی نیشتمانیی کوردستان لە دهۆک بە (رووداو)ی راگەیاند تا ئێستا پارتی لەسەر ئەو پرسە، هیچ دانوستاندنێکی لەگەڵ ئەوان نەکردووە و دەڵێت "لە مانگی تەمموزی ساڵی رابردوو وەرەقەیەکی هاوبەشمان لەگەڵ یەکگرتوو و گۆڕان و بزووتنەوەی ئیسلامی ئیمزا کرد کە پێکەوە لەگەڵ پارتی داوای ئیستحقاقی هەڵبژاردن بکەین و بەبێ یەکدی نەچینە ژێر باری پارتی و دانوستاندن".



رووداو
راپۆرت
ژمارە (374) دووشەممە 2015/9/7



## عەبادی لەگەڵ فراکسیۆنەکانی پەرلەمان کۆدەبێتەوە

**رووداو– بەغدا**

موسەننا ئەمین، سەرۆکی فراکسیۆنی یەکگرتووی ئیسلامی بە (رووداو)ی راگەیاند، لەلایەن نووسینگەی عەبادییەوە بانگهێشتنامەیان پێگەیشتووە کە کاژێر 8ی شەوی 2015/9/8 عەبادی لەگەڵ سەرۆکی فراکسیۆنەکانی پەرلەمان کۆدەبێتەوە. تەوەری سەرەکی کۆبوونەوەکەش وەرگرتنی بۆچوونیانە لەسەر ئەو چاکسازییانەی کە عەبادی کردوویەتی و خستنەڕووی پلانی داهاتووی. لە مانگی رابردووەوە سەرۆک وەزیرانی عێراق لە ژێر کاریگەری خۆپیشاندانەکانی شارەکانی عێراقدا، پلانێکی چاکسازی راگەیاند و چەندین وەزارەت و دەستەی هەڵوەشاندەوە.

### دکتۆر رۆژ نووری شاوەیس، سەرۆکی تیمی دانوستاندنکاری پارتی بۆ (رووداو):

# پارتی گۆڕانی وەلا نەناوە



(فۆتۆ: فەرزین حەسەن)

**هێڤیدار ئەحمەد**
**رووداو – هەولێر**

د.رۆژ نووری شاوەیس، ئێستا کە سەرۆکی تیمی دانوستاندنکاری پارتییە بۆ چارەسەرکردنی پرسی سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان، دەڵێت "بارزانی بەخۆشحاڵییەوە پێشوازی لە نەوشیروان مستەفا دەکات، ئەگەر بیەوێ سەردانی بکات". رەتیشی ناکاتەوە کە "دەستی دەرەکی" لەنێو دۆخەکەدا هەیە و هۆشداری دەدات کە ئەگەر لایەنەکان کۆنەبنەوە "دوژمنایەتی" روودەدات.

لە هەڤپەیڤینێکدا لەگەڵ (تۆڕی میدیای رووداو) د.رۆژ نووری شاوەیس باسی قەیرانی سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان و پەیوەندی نێوان پارتی و گۆڕان و دۆخی عێراق دەکات کە بەهۆی چاکسازییەکانی عەبادییەوە لە پۆستەکەی دوورخراوەتەوە. ئەو دەڵێت "ئاگام لێ نەبوو کە عەبادی بڕیاری لادانی منی لە پۆستی جێگری سەرۆک وەزیرانی عێراق دا".

### بۆچی پارتی سوورە لەسەر مانەوەی بارزانی؟

دەمێکە هەرێمی کوردستان دووچاری قەیرانێکی هاوشێوەی قەیرانی سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان نەبووە کە لە دوای 23ی حوزەیرانەوە سیاسەتڤان و تەنانەت خەڵکی ئاساییشی بەخۆیەوە سەرقاڵ کردووە.

د.رۆژ لەو هەڤپەیڤینەدا دەڵێ من وەکو پارتی قسە دەکەم و بێ تەرەف نیم، هەر قسەیەک دەکەم قسەی پارتییە. بۆیە کاتێک لێی دەپرسین بۆچی پارتی سوورە لەسەر مانەوەی بارزانی لە پۆستەکەیدا؟ د.رۆژ دەڵێت "بەپێویستی دەزانین بارزانی لە پۆستەکەیدا بمێنێتەوە و لەو باوەڕەداین هەر دەمێنێتەوە". چونکە بەبڕوای ئەو "دۆخی ناوچەکە وا دەخوازێ بارزانی بمێنێتەوە".

مەسعود بارزانی لە 2005دا لە نێو پەرلەمانی کوردستان بە سەرۆکی هەرێمی کوردستان هەڵبژێردرا، لەساڵی 2009شدا لە رێگەی هەڵبژاردنی گشتییەوە کە 70%ی دەنگەکانی هێنا، بۆ جاری دووەم بە سەرۆکی هەرێمی کوردستان هەڵبژێردرایەوە، لە حوزەیرانی 2013ش ویلایەتەکەی بۆ دوو ساڵی دیکە درێژکرایەوە، ئێستاش پارتی دەیەوێ بۆ دوو ساڵی دیکە بارزانی لە کارەکەیدا بەردەوام بێت.

سەرۆکی شاندی پارتی بۆ کۆبوونەوەی پێنج قۆڵی دەڵێت "ئەگەر ئەم دۆخە و ئەو شەڕەی هەیە بخەینە ئەولاوەو بیر لە چوار مانگ پێش ئێستا بکەینەوە، کورد هیچ جارێک هێندەی ئێستا نزیک نەبووەتەوە لە ئامانجە سەرەکییەکانی، گەیشتن بە ئامانجە سەرەکییەکان پێویستی بە کەسایەتییەکی بەتوانا هەیە، ئەو کەسایەتییەش خۆی لە کەسێکی وەکو بارزانیدا دەبینێتەوە".

ئەگەر بە قسەی پارتی بێ وەک د.رۆژ باسی دەکات، ئەوا مەسعود بارزانی "تا بکرێ سەرۆکی هەرێمی کوردستان دەبێ، بەڵام ئەم بابەتە بۆ خودی بارزانی ماوەتەوە". د.رۆژ دەپرسێت "حاڵی حازر کەس دەبینن ببێ بەسەرۆکی هەرێمی کوردستان؟" هەر خۆی وەڵامی پرسیارەکە دەداتەوە و دەڵێت "بەش بەحاڵی خۆم کەس نابینم".

### پەرلەمان لە ململانێدایە

هەریەک لە بزووتنەوەی گۆڕان، یەکێتی، کۆمەڵ و یەکگرتوو لە 23ی حوزەیراندا لە رێگەی پێشکەشکردنی پرۆژەیەکەوە هەوڵیان دا بەهەمواركردنی یاسای سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان بارزانی لە پۆستەکەی دووربخەنەوە، یان ناچاری بکەن لە رێگەی پەرلەمانەوە هەڵبژێردرێ، بەڵام پارتی بەو هەنگاوە رازی نەبوو.

د.رۆژ رەخنە لە ئەدای ئەم خولەی پەرلەمانی کوردستان دەگرێت و دەڵێت "ئەو پەرلەمانەی ئێستا لە ململانێی سیاسیدایە و کاتی ئەوەش نییە. لە 23ی حوزەیراندا پەرلەمان لەگەڵ ئەوە نەبوو کە بارزانی نەمێنێتەوە، بەڵکو لەگەڵ ئەوە بوون یاسای سەرۆکایەتی دەستکاری بکرێ، بەڵام دوای 23ی حوزەیران زۆرینەیەکی دیکە دروست بوو، نەیهێشت ئەو بۆچوونە سەربکەوێ".

بەشێک لەلایەنەکان پێیانوایە پرسی سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان "بێ متمانەیی" دروست کردووە. پارتیش نایشارێتەوە کە "بەڵێ" متمانە لە پرۆسەی سیاسیدا لە هەرێمی کوردستان نەماوە.

لەو بارەیەوە د.رۆژ دەڵێت "ئەگەر بە وردی سەیری بکەین، کوردستان تووشی قەیرانێکی سیاسی بووە و بگرە دۆخی سیاسی کوردستانی تووشی نیوە شەلەل کردووە".

### پێشنیازەکانی پارتی و کۆبوونەوەی پێنج قۆڵی

لەبارەی بژارەکانی پارتی بۆ مانەوەی بارزانی لە پۆستەکەیدا، د.رۆژ باسی چەند بژارەیەک دەکات "مەسعود بارزانی کەسێکی نۆرماڵ نییە، سەرۆکی هەرێمی کوردستانە، سەرۆکی پارتییە و کوڕی مەلا مستەفایە، لە بەرژەوەندی حیزبەکان و گەلی کوردستانە کە پاڵپشتی ئەوە بن بارزانی لە پۆستەکەیدا بمێنێتەوە".

ئایا هەڵوێستی حیزبەکان لە کۆبوونەوەی پێنج قۆڵیدا چییە لەسەر مانەوە و نەمانەوەی بارزانی؟ د.رۆژ دەڵێت "حیزبەکان راستەوخۆ کەسیان رێگر نین لەوەی بارزانی لە پۆستەکەیدا بمێنێتەوە. بۆ ئەوەی نەڵێن پارتی سوورە لەسەر رای خۆی، گوتمان باشە نە رای ئێوە و نە رای ئێمە، با میللەت بڕیار بدات، چونکە میللەت سەرچاوەی دەسەڵاتە، بەڵام حیزبەکان هەر رازی نەبوون".

ئەندامەکەی مەکتەبی سیاسی پارتی پێیوایە ئەگەر دوا پێشنیازی ئەوان قبووڵ نەکرێ کە داوایان کردبوو خولی داهاتووی پەرلەمان شێوازی هەڵبژاردنی سەرۆکی هەرێمی کوردستان دەستنیشان بکات "ئەوا پێشنیازی دواتری پارتی هەڵبژاردنی پێشوەختە دەبێت".

یەکێتی و بزووتنەوەی گۆڕانیش زیاتر لە جارێک لەسەر هەڵبژاردنی پێشوەخت قسەیان کردووە کە ئەگەر نەگەن بە "سازان" ئەوا ئامادەن بۆ هەڵبژاردنی پێشوەخت.

سەرەڕای ئەنجامدانی شەش کۆبوونەوەی پێنج قۆڵی، لایەنەکان هێشتا نەگەیشتوونەتە رێککەوتن بۆ چارەسەرکردنی پرسی سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان، حەوتەمین کۆبوونەوەش بۆ یەکشەممەی داهاتوو دواخراوە.

د.رۆژ لەگەڵ درێژەدانە بە کۆبوونەوەکان و هۆشداری دەدات کە ئەگەر کۆبوونەوە نەکرێ شتی باش چاوەڕوانی لایەنەکان ناکات "بۆیە کۆدەبینەوە بۆ ئەوەی بگەین بە یەکدەنگی و کۆدەنگی، ئەگەر رێکنەکەوتین هەوڵ دەدەین رێکبکەوین. ئەگەر واز لە کۆبوونەوە بهێنین چی روودەدات! بێگومان دوژمنایەتی روودەدات".

### دوورکەوتنەوەی یەکێتی و پارتی لەیەکدی

ئەو بەرپرسە باڵایەی پارتی نایشارێتەوە رێککەوتننامەی ستراتیژیی نێوان حیزبەکەی و یەکێتی کە لە 2007/7/27 ئیمزا کرا، کاری پێناکرێت. بەشێک لە سەرکردەکانی یەکێتیش دەڵێن ئەو رێککەوتنە نەماوە و ئێستا یەکێتی و پارتی تەواو لە دوو بەرەی دژ بە یەکدا بیردەکەنەوە.

د.رۆژ لەبارەی رێککەوتنەکە دەڵێت "رێککەوتنی ستراتیژی بە ئیمزا و دانیشتنێک نابێ، بەڵکو واقیع فەرزی دەکات. ئەم رێککەوتننامەیە لە دۆخێکی هێمندا نووسراوە، بەڵام بەو شێوەیە ئەمڕۆ جێبەجێ ناکرێ".

هەندێ لە بەرپرسانی یەکێتی و پارتی دەڵێن رێککەوتنەکە کە بە ئیمزای بارزانی و تاڵەبانی بووە، تەنیا لەنێوان ئەو دوو کەسە بووە و بۆ خوارەوە شۆڕ نەبووەوە، د.رۆژ ئەوە پشتڕاست دەکاتەوە و دەڵێت "جاران هەر کێشەیەک هەبووایە بە تەلەفۆنێک لە نێوان مام جەلال و کاک مەسعود چارەسەر دەکرا".

ئەو پێیوایە پارتی و یەکێتی چەند تەبا بن، لە بەرژەوەندیی خەڵکە و دەڵێت "هەرکاتێک پارتی و یەکێتی لەیەکدی دووربوون و کێشەیان هەبووە، میللەتەکەمان زەرەری کردووە".

### پارتی گۆڕانی وەلا نەناوە

دەربارەی پەیوەندیی نێوان پارتی و بزووتنەوەی گۆڕان کە مانگی هەنگوینیی نێوانیان لەگەڵ 23ی حوزەیران کۆتایی هات، د.رۆژ بەئاشکرا دەڵێت کە پەیوەندییەکانیان "وەکو جاران نەماوە" و گوتی "بۆچوونی پارتی و بۆچوونی بزووتنەوەی گۆڕان ئەمڕۆ جیاوازە، رەنگە لە گفتوگۆ و هەڵوێستدا جیاوازییەکە گەورەتر بووبێ و رەنگە کەمتر متمانە بە یەکدی بکەین و کەمتر لە یەکدی تێبگەین". بەڵام گوتیشی "بزووتنەوەی گۆڕان لە حیساباتی پارتیدا وەلانەنراوە، پارتی هێشتا خەتی بەسەر بزووتنەوەی گۆڕاندا نەکێشاوە، دواتر پارتی بۆچی خەت بەسەر گۆڕاندا بکێشێ؟ مادام سیاسەتی گۆڕان بەو ئاراستەیە بێ کە رایانگەیاندووە بۆ خزمەتی ئەو میللەتەیە، لە کۆتاییدا رێگایەکی هاوبەش هەر دەدۆزینەوە بۆ گەیشتن بە رێککەوتن".

### بارزانی پێشوازی لە نەوشیروان مستەفا دەکات

لەگەڵ نزیکبوونەوەی نێوان پارتی و گۆڕان، مەسعود بارزانی و نەوشیروان مستەفا باشترین پەیوەندییان هەبوو، چەند جارێک سەردانی یەکدییان کرد، بەڵام بە گوێرەی میدیاکان بێت، ئێستا پەیوەندی نێوان ئەو کەسە لە ئاستێکی خراپدایە، کەچی د.رۆژ لەو بارەیەوە قسەی دیکەی هەیە و دەڵێت "بارزانی ئامادەیە پێشوازی لە نەوشیروان مستەفا بکات".

د.رۆژ باسی پەیوەندی نێوان ئەو دوو سەرکردەیە دەکات و دەڵێت "ئەگەر بەڕێز نەوشیروان مستەفا داوای دیداری جەنابی سەرۆکی هەرێمی کوردستان بکات، بێگومان دەیبینێ و بەخۆشحاڵییەوەش پێشوازی لێدەکات". د.رۆژ پێیوایە "دانیشتنی ئەو دوو سەرکردەیە پێکەوە، کاریگەری زۆری دەبێ لەسەر چارەسەرکردنی کێشەکە".

### دەستی دەرەکی هەیە

پرسی سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان وایکرد، ئێران، تورکیا، ئەمریکا و بەریتانیا بێنە سەرخەت. وەک د.رۆژ دەڵێ "هیچ کێشەیەک لە کوردستان نەبووە دەستی دەرەکیی تێدا نەبووبێ". هۆکارەکەشی بۆ خودی لایەنەکان دەگەڕێنێتەوە و دەڵێت "ئەگەر کێشەی نێوخۆی خۆمان چارەسەر بکەین، دەستی دەرەکی نالێم هیچی پێناکرێ، بەڵام لاواز دەبێ. بۆیە هۆکاری ژمارە یەک لە دەستێوەردانی دەرەکی هەر خۆمانین".

### پەیوەندی هەرێمی کوردستان و عێراق

لەدوای 2003وە د.رۆژ نووری شاوەیس هەر لە عێراق بووە و پۆستی باڵای وەرگرتووە تاوەکو 2015/8/9 دوای ئەوەی حەیدەر عەبادی سەرۆک وەزیرانی عێراق بەناوی "چاکسازی" هەرسێ جێگرەکەی لادا کە د.رۆژ یەکێکیان بوو.

د.رۆژ رەخنە لە سەرۆک وەزیرانی ئێستای عێراق دەگرێ و دەڵێت "کە مووچەی کوردستان بڕدرا دەبێ ئەوە بزانین ئەمە بەبڕیارێکی یەکلایەنە نەبووە، خودی مالیکی ئەو بڕیارەی نەداوە، ئەمڕۆ ئەوە تەکمیلە دەکرێ و عەبادیش دەیکات". بەبڕوای د.رۆژ، ئێستا هەوڵ دەدرێ تەنیا "لایەنێک حوکمی عێراق بکات و لایەنەکانی دیکە هەموویان پەراوێز بخەن".

دەربارەی بڕیاری لادانەکەی لەلایەن عەبادییەوە دەڵێت "من ئاگاداری لادانەکەم نەبووم، ئەوکات لە دەرەوەی وڵات بووم".

حکومەتی عێراق بە تەوافوقی نێوان لایەنەکان دروستبووە و عەبادیش بە رێککەوتنی لایەنەکان بووە بە سەرۆک وەزیرانی عێراق. د.رۆژ دەڵێت "بەبیانووی گوشاری شەقام و مەرجەعیەت بەکەیفی خۆی تێیکەوتووە و هەر رۆژە و بڕیارێک دەردەکات، تەنیا لە ئەنجوومەنی وەزیرانیش نەوەستاوە، بەڵکو دەستی بۆ سەرۆکایەتی عێراقیش بردووە". گوتیشی "کەس دژی چاکسازی نییە، بەڵام هەموومان دژی ئەوەین یەک کەس بڵێ من حوکمی عێراق دەکەم".

جێگری سەرۆک وەزیرانی پێشووی عێراق هۆشداری دەدات کە "ئەگەر دۆخی عێراق بەو شێوەیە بەردەوام بێت، ئەوا عێراق بەرەو کەنارێکی زۆر ترسناک دەڕوات".

- ئەگەر نەوشیروان مستەفا سەردانی بارزانی بکات بە خۆشحاڵییەوە پێشوازی لێ دەکات

- ئەگەر بە قسەی پارتی بێ تا بکرێ کاک مەسعود سەرۆکی هەرێمی کوردستان دەبێ

- هەر کاتێک پارتی و یەکێتی لە یەکدی دوورکەوتبنەوە میللەت زەرەری کردووە

- هۆکاری ژمارە یەک لە دەستێوەردانی دەرەکی هەر خۆمانین

- ئاگادار نەبووم کە عەبادی بڕیاری لادانی منی داوە

- عێراق بەرەو کەنارێکی زۆر ترسناک دەڕوات

## محەممەد حەکیم، ئەندامی مەکتەبی سیاسی کۆمەڵی ئیسلامی بۆ (ڕووداو):

# ئێستا بارزانی سەرۆکی پارتییە



(فۆتۆ: سەرتیپ عوسمان)

محەممەد حەکیم، ئەندامی مەکتەبی سیاسی کۆمەڵی ئیسلامیی کوردستان لە هەڤپەیڤینێکدا لەگەڵ (ڕووداو) پێشبینی دەکات قەیرانی سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان مانگێکی دیکە بخایەنێت و دەڵێت ئەگەر تا مانگێکی دیکە، ئەو پرسە یەکلایی نەبێتەوە، خەڵکیش لێیان قبوڵ ناکا.

ئایا ئەوان ئێستا بارزانی بە سەرۆکی هەرێمی کوردستان دەزانن؟ محەممەد حەکیم دەڵێت "کاک مەسعود بارزانی پیاوێکی بەڕێزە و سەرۆکی پارتی دیموکراتی کوردستانە". بەڵام ئەو هەواڵانەش ڕەتدەکاتەوە کە باس لە کاندیدکردنی ئەمیری کۆمەڵ بۆ سەرۆکی هەرێمی کوردستان کرابێ و دەڵێت ئەو قسەیەم تەنیا لە ئێوە و ئەندامێکی سەرکردایەتی بزووتنەوەی ئیسلامی بیستووە.

هەڤپەیڤین: پشتیوان جەمال
ڕووداو - سلێمانی

**ڕووداو: بڕیار بوو دوێنێ یەکشەممە حەوتەمین کۆبوونەوەی پێنج قۆڵی بکرێت، بۆچی دواخرا؟**

**محەممەد حەکیم:** پێدەچێت لەبەر ئەوە بێت کە لایەنەکان بەسەر دوو ڕای جیاوازدا دابەش بوون، ئەوان لە دوا کۆبوونەوەدا راوبۆچوونی خۆیان گوت. دیارە بۆ کۆبوونەوەی دوێنێش هیچ لایەنێک شتی نوێی پێنەبوو، ئەو دواخستنەش بۆ ئەوە بوو دەرفەتێکی دیکە بدرێتە لایەنەکان تاوەکو لە کۆبوونەوەکەدا بگەنە ئەنجام.

**ڕووداو: دوای هەفتەیەک بۆچی لایەنەکان نەتانتوانی بگەنە سیغەیەکی هاوبەش؟**

**محەممەد حەکیم:** ڕەنگە زەحمەت بێت بگەیتە سیغەی هاوبەش. لەبەرئەوەی ناکۆکی و جیاوازییەکە لەسەر هەڵبژاردنی سەرۆکی هەرێمی کوردستانە و هەردوولاش پێداگیری لەسەر بۆچوونی خۆیان دەکەن، بەتایبەتی ئێمە کە پێمانوایە هەڵبژاردنی سەرۆکی هەرێمی کوردستان دەبێ لەنێو پەرلەمانی کوردستان بێت، ئێستا کێشەیەکی یاسایی هەیە و پەرلەمانیش دامەزراوەیەکی تەشریعییە و دەبێت جێگەی یەکلاکردنەوەی ئەو پرسە بێت.

**ڕووداو: وا نزیکەی سێ مانگە هەر دەڵێن سازان و شەش کۆبوونەوەش کرا، دەکرێت بەڕاشکاوانەتر پێمان بڵێی ئەو لایەنە کێیە کە سازش ناکات؟**

**محەممەد حەکیم:** ئێمە لەبەرئەوەی لە گفتوگۆدایـن و نوێنەرایەتی لایەنێکی ئەو پێکهاتەیەین کە بەشداربووی کۆبوونەوەکانین، زووە جارێ ئەوە بخەینەڕوو، بەڵام دیارە هەموو لایەک دەستیان بە را و بۆچوونی خۆیانەوە گرتووە، بەڵام حەتمەن دیارە کە چارەسەری پرسەکەش لە پەرلەمانی کوردستانە.

**ڕووداو: لە کۆبوونەوەی پێنجشەممەی رابردووی چوار لایەنەکەشدا جەختتان لەسەر هەڵوێستی پێشترتان کردەوە، کەواتە دەکرێت بڵێین ئێستا تۆپەکە لە گۆڕەپانی پارتیدایە؟**

**محەممەد حەکیم:** دەکرێت خۆت لێدوان و بەیاننامەی چوار لایەنەکە بەو شێوەیە لێک بدەیتەوە کە باسی دەکەیت، بەڵام گرفتەکان لەوەوە سەریهەڵداوە کە یاسایەکمان هەیە و ماوەیەکی دیاری کردووە و ماوەکەش کۆتایی هاتووە. ئەو لایەنەش کە دەسەڵاتی هەمووارکردنی یاساکەی هەیە پەرلەمانی کوردستانە و لە پەرلەمانیش لیژنەی یاسایی پڕۆژە یاساکان تاوتوێ دەکات. ئێمە لایەنێک نەبووین ڕێگر بووبین لەوەی لیژنەی یاسایی کۆببێتەوە و پڕۆژە یاسای نەبێت بۆ بەردەست پەرلەمانتاران، زۆرجاریش لیژنەکان کە پڕۆژە یاساکان دەنووسن دەنگی پەرلەمانتاران پرسەکە یەکلایی دەکاتەوە، پارتی دیموکراتی کوردستانیش دەیتوانی لە پەرلەماندا زۆرینەیەک بۆ خۆی دروست بکات و یاساکەی بەو شێوەیە هەموار بکردایەتەوە کە خۆی دەیەوێت، پێموایە بەربەست دروستکردن بۆ کۆنەبوونەوەی لیژنەی یاسایی و پەرلەمانی کوردستان ئەوە گرفتە سەرەکییەکەیە.

**ڕووداو: نزیکەی دوو مانگە کۆدەبنەوە، تاوەکو ئێستا بۆ ڕێککەوتن گەیشتوونەتە لە سەدا چەند؟**

**محەممەد حەکیم:** هیچ. ڕاستە پارتی و لایەنەکانی تر دوو ڕای جیاوازیان هەیە، بەڵام لەناوەڕۆکی ڕا جیاوازەکاندا خاڵی هاوبەش هەیە، بۆ نموونە یاسایەک دادەڕێژین لە 25 مادده، ئاسایییە لە 10 یاخود 15 ماددەدا هاوبەش بین، بەڵام ئەوە خاڵە تەشریفاتییەکانن، لە خاڵە سەرەکییەکاندا هیچ بەرەوپێشچوونێک نەبووە.

**ڕووداو: پێشبینی دەکەن ئەم قەیرانە تا کەی بەردەوام بێت؟**

**محەممەد حەکیم:** کۆنەبوونەوەی دوێنێ پێموایە خاڵێکی باشە بۆ بەیەکگەیشتنمان. بەڵکو گۆڕانکاری لە ڕای بەرامبەردا ڕوویدابێ.

**ڕووداو: واتا پارتی سازش ناکات؟**

**محەممەد حەکیم:** پارتی خۆی پێیوایە تەنازولی کردووە و سێ بژارەی خستووەتە بەردەم لایەنەکان، بەڵام ئێمە پێمانوایە هەر سێ بژارەکە یەک بابەتە و پێداگیرییە لەسەر هەڵبژاردنی سەرۆکی هەرێمی کوردستان لەناو خەڵکەوە.

**ڕووداو: بەپێی یاسا ئێستا هەرێمی کوردستان لە بۆشاییەکی یاساییدایە، بەڵام دوای 19ی ئاب، بۆچی وەکو چوار لایەنەکە بە بەیاننامەیەک هەڵوێستی خۆیان ڕانەگەیاند کە ئایا "ئیعتیراف" بە بارزانی وەکو "سەرۆکی هەرێمی کوردستان" دەکەن یان نا؟**

**محەممەد حەکیم:** ئەو چوار لایەنە هەستیان بە بەرپرسیارێتی هەیە کە ئێستا لەگەڵ لایەنی بەرامبەر لە گفتوگۆدان و نایانەوێت ئاڵۆزییەک لەم پرسەدا دروست ببێت و پێیانوایە هەندێک لێدوان خزمەت بە دانوستاندنەکە ناکات، بەڵام نەیانشاردووەتەوە کە ئێستا بۆشاییەکی یاسایی هەیە.

**ڕووداو: ئێستا ئێوە بارزانی بە سەرۆکی هەرێمی کوردستان دەزانن؟**

**محەممەد حەکیم:** ئێستا بۆشاییەکی یاسایی هەیە و کاک مەسعود بارزانی ڕێزی هەیە و سەرۆکی پارتی دیموکراتی کوردستانە کە خاوەنی 38 کورسی پەرلەمانی کوردستانە. ئێمە ئێستا لە دانوستاندنداین بۆ چارەسەرکردنی پرسی سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان، ئێمە ئەو لایەنەشین کە گوتوومانە دەبێت ئەو پرسە دوور لە شەخسەنە تاوتوێ بکرێت.

**ڕووداو: ئەی ئەگەر بارزانی وەکو سەرۆکی هەرێمی کوردستان بڕیار دەربکات؟**

**محەممەد حەکیم:** پێموانییە بڕیار دەربکات، چونکە دەزانێت ئێستا لایەنەکان کۆبوونەتەوە و ڕای جیاواز لەسەر پرسی سەرۆکایەتی هەیە و پەرلەمان و چوار لایەنی سیاسی قەناعەتیان بەو بڕیارەی ئەنجوومەنی شورای هەرێم نییە، بۆیە پێموایە کاک مەسعودیش لەو ڕووەوە هەست بە بەرپرسیارێتی دەکات و خۆی لە دەرکردنی بڕیار دەپارێزێت.

**ڕووداو: بەڵام ئەگەر وەکو ئەگەرێک دایبنێین؟**

**محەممەد حەکیم:** نازانم دەبێت ئەوکاتە چوار لایەنەکە بڕیاری لێبدەن.

**ڕووداو: لەسەر پرسی سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان ئاڵۆزی کەوتە نێوان ئێوە و یەکگرتوو، تەنانەت گەیشتە ئاستی هێرشی ڕاگەیاندن. هەفتەی ڕابردووش عەلی باپیر و محەممەد فەرەج کۆبوونەوە، ئێستا پەیوەندیتان لەگەڵ یەکگرتووی ئیسلامی چۆنە؟**

**محەممەد حەکیم:** هەردوولا گلەییمان لە یەکدی هەبووە و جەختیشمان لەسەر پتەوترکردنی پەیوەندییەکان و ڕاوێژکردن بە یەکدی کردووە، بەڵام هەردوولاشمان ئازادین لەوەی هەر بیروڕایەکی سیاسیمان هەبێ، ئاسایییە لە پرسی سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستاندا بۆچوونی جیاوازمان هەبێت، چونکە ڕاستە دوو حیزبی ئیسلامین، بەڵام دوو حیزبی سیاسین و تێڕوانین و بۆچوونەکانمان جیایە، وەکو چۆن کۆمەڵێک خاڵی هاوبەشی باشمان هەیە، بۆ نموونە لە ئەنجوومەنی پارێزگای سلێمانی بە یەکەوە بووین، بەڵام بۆ مەسەلەی سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان دەکرێت ڕامان جیاواز بێت.

**ڕووداو: لەگەڵ پارتی پەیوەندیتان چۆنە؟**

**محەممەد حەکیم:** پەیوەندیمان باشە. زۆر ئاسایییە لەم کاتەدا کە باسی ئەو پرسەش دەکەین، وەکو دوو حیزبیش کۆببینەوە و لایەنەکانیش کۆبوونەوەیان پێکەوە هەیە و

> باسی کاندیدکردنی مامۆستا عەلی باپیر بۆ سەرۆک نەکراوە

> هۆکارێکی ڕازینەبوونمان بە هەڵبژاردن، ساختەکارییە

> لە شەڕی نێوخۆ و دوو ئیدارەیی دوورکەوتینەوە

> مافی خۆمانە پۆستێکی هەستیار وەربگرین

> لە هەڵوێستی بزووتنەوەی ئیسلامی نیگەرانین

هیچ ڕێگرییەک نییە.

**ڕووداو: لەسەر ئەو پرسە پەیوەندیتان تێکنەچووە؟**

**محەممەد حەکیم:** نەخێر، پێم باشە پەیوەندییە حیزبییەکان لەسەر پرسە یاساییەکان تێکنەچێت، پارتی دیموکراتی کوردستان خەباتی هەیە و خاوەنی 38 پەرلەمانتارە و چەندین دەزگای هەستیاری گرنگی کوردستانی لەبەردەستە، بەڵام پێشمان باشە کە پەیوەندیمان لەگەڵ لایەنێک باشە، ئەوا دۆستانەش شتمان لێوەربگرێت، پێمان باشە پارتی دیموکراتی کوردستان ئەگەر گوێ لە پێشنیاز و بۆچوونەکانمان بگرێت، گۆڕانکاری لە هەڵوێستی لەبارەی سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان بکات.

**ڕووداو: ئەوەندەی تێبینی دەکرێت پەیوەندیتان لەگەڵ بزووتنەوەی ئیسلامی باش نییە، بەتایبەتیش دوای ئەوەی ئیحسان عەلی عەبدولعەزیز، ئەندامی سەرکردایەتی ئەو حیزبە نووسینێکی لەسەر عەلی باپیر بڵاوکردەوە و تۆش وەڵامت دایەوە؟**

**محەممەد حەکیم:** بە گشتی وەڵاممان داوەتەوە، نەک بە دیاریکراوی بۆ کەسێک.

**ڕووداو: بەڵام نووسینەکەت دوای نووسینەکەی ئەو بوو، ئەوە وەڵامدانەوەیەکی ناڕاستەوخۆ نییە؟**

**محەممەد حەکیم:** ئەوە خوێندنەوەی خۆتە و وەڵامەکەی منیش وەڵامێکی شەخسی بووە و بەناوی کۆمەڵی ئیسلامییەوە وەڵامی کەسم نەداوەتەوە.

**ڕووداو: بەڵام پۆستەکەت ئەندامی مەکتەبی سیاسی کۆمەڵی ئیسلامییە؟**

**محەممەد حەکیم:** بەڵێ دەزانم، کاتێک ئەندامی سەرکردایەتی لایەنێک تەشهیر بە ئەمیری کۆمەڵی ئیسلامی دەکات و بوختانی پێدەکات، دەبێت ئەو حیزبە بزانێت کۆمەڵی ئیسلامی بەوە نیگەران دەبێت، بەڵام بۆ زانینی ئاستی پەیوەندییەکانمان، حەز دەکەم لەوان بپرسی.

**ڕووداو: با جارێ لە ئێوە بپرسین؟**

**محەممەد حەکیم:** تا ئەو کاتەی ئەو بەڕێزە ئەو بابەتەی نووسی پەیوەندییەکانمان ئاسایی بوو.

**ڕووداو: واتە دوای ئەو نووسینە پەیوەندییەکانتان ئاسایی نییە؟**

**محەممەد حەکیم:** ناڵێم ئاسایی نییە، بەڵام نیگەرانین لە هەڵوێستی بزووتنەوەی ئیسلامی.

**ڕووداو: ئیحسان عەلی عەبدولعەزیز نووسیبووی عەلی باپیر ویستوویەتی خۆی بۆ سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان ئامادە بکات، ئایا ئەمیری کۆمەڵ بەرنامەی هەبووە بۆ ئەو پۆستە خۆی کاندید بکات؟**

**محەممەد حەکیم:** ئەو پرسەمان تەنیا لە ئەو و تۆش وەکو ڕۆژنامەنووسێک بیستووە، ئەگینا تاوەکو ئێستا لە نێو کۆبوونەوەکانی کۆمەڵدا باس نەکراوە.

**ڕووداو: بۆچی وەکو چوار لایەنەکە ڕازی نابن خەڵک سیستەمی حوکمڕانی دیاری بکات؟**

**محەممەد حەکیم:** لەبەرئەوەی لایەنەکان دڵنیانین لە پرۆسەی هەڵبژاردن و ڕاپرسی لە کوردستان.

**ڕووداو: ئەگەری ساختەکاری هەیە؟**

**محەممەد حەکیم:** وەڵڵا ئەگەری ناوێت، چونکە لە هەموو هەڵبژاردنێکدا کۆمەڵێک لایەن بەیاننامەیان بڵاوکردووەتەوە و بەڵگەیان خستووەتەڕوو کە ساختەکاری دەکرێت.

**ڕووداو: کەواتە ئێوە لە ساختەکاری دەترسن؟**

**محەممەد حەکیم:** وەکو دانیشین و دیراسەی بکەین نەمانکردووە، بەڵام ڕەنگە یەکێک لە مەترسییەکان ئەوە بێت، پاشان وەکو باسیشم کرد ئەو پرسە پێویستە لە پەرلەمانی کوردستان یەکلایی بکرێتەوە.

**ڕووداو: ئێوە دەڵێن ئێمە لە پەرلەمان زۆرینەین، بۆچی دوودڵن لەوەی ئەو پرسە لە نێو خەڵکدا یەکلایی بکرێتەوە؟**

**محەممەد حەکیم:** پاساوی یاسایی نابینین بۆ ئەوەی ڕاپرسی لەسەر ئەو پرسە بکرێت.

**ڕووداو: ئەگەر هەر نەگەیشتنە ڕێککەوتن، هەڵبژاردنی پێشوەختە یەکێک دەبێت لە ئەگەرەکان؟**

> تاوەکو ئێستا ئەنجامی کۆبوونەوەکان سفرە

> لەم کاتەدا کاک مەسعود خۆی لە دەرکردنی بڕیار دەپارێزێت

> لەگەڵ یەکگرتوو گلەییمان لە یەکدی هەبووە

**محەممەد حەکیم:** نازانم کۆبوونەوەی داهاتوو بەچی دەگات، ئومێد دەکەم ئەگەر لەسەر پرسی سەرۆکایەتیش پێک نەگەین، دواجار لەسەر هەندێک بڕیار پێکبێین.

**ڕووداو: ئێستا لە مەترسی شەڕی ناوخۆ و دوو ئیدارەیی دوورکەوتوونەوە؟**

**محەممەد حەکیم:** پێموایە دوورکەوتینەوە و ئومێدیش دەکەم کە ئەگەر هەر نەگەیشتینە ئەنجامیش، بارودۆخ نەگاتە دوو ئیدارەیی و شەڕی نێوخۆیی، بەڵکو دەبێت هەنگاو بەرەو ئایندەیەکی ڕووناکتر بنێین.

**ڕووداو: دەگوترێ باس لە دابەشکردنەوەی پۆستەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان دەکرێت، تا چەند ڕاستە؟**

**محەممەد حەکیم:** دوای یەکلاکردنەوەی پرسی سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان، هەر چوار لایەنەکە لەسەر هاوبەشییان لە حکومەتی هەرێمی کوردستان تێبینی و قسەیان هەیە.

**ڕووداو: واتە گلەییتان هەیە؟**

**محەممەد حەکیم:** بەڵێ. ئێمە ڕێککەوتننامەیەکمان لەگەڵ پارتی بۆ بەشداریکردن لە حکومەتدا هەیە، بەڵام تائێستا بە تەواوی جێبەجێ نەکراوە، یەکێتیش گرفت و کێشەی خۆی هەیە.

**ڕووداو: پۆستی سکرتێری پەرلەمانی کوردستان لای ئێوەیە، دەگوترێت یەکێتی دەیەوێت لێتان وەربگرێتەوە؟**

**محەممەد حەکیم:** تاوەکو ئێستا یەکێتی داوای نەکردووە.

**ڕووداو: ئەگەر داوای کردەوە ئامادەن ڕادەستیان بکەنەوە؟**

**محەممەد حەکیم:** لەم هەلومەرجەدا داوای ناکاتەوە.

**ڕووداو: ئەی بۆ ئایندە؟**

**محەممەد حەکیم:** ئێمەش بۆ ئایندە قسەی خۆمان دەبێت.

**ڕووداو: واتە ئەگەر داوایان کردەوە ئامادەن ڕادەستیان بکەنەوە، چونکە بەپێی بەرکەوتەی هەڵبژاردنەکان مافی یەکێتی بووە؟**

**محەممەد حەکیم:** ئێمەش قسەمان هەیە لەسەر دابەشکردنی پۆستەکان لە حکومەتی هەرێمی کوردستان و دامەزراوەکانی دیکەی هەرێمی کوردستان و وەکو کۆمەڵی ئیسلامی بۆچی لەو پۆستە هەستیارانەی هەرێم لە هیچیاندا نەبین؟

**ڕووداو: بەڵام ئێوە خاوەنی شەش کورسین؟**

**محەممەد حەکیم:** شەش کورسییەکەمان لە 100 کورسی چەندمان بەرکەوت دەمانەوێت، خەڵکی دیکەش لە کورسییەکانی چەندی بەرکەوت با ببیات.

**ڕووداو: ئەگەر وا بێت کەواتە یەکگرتووش کە خاوەنی 10 کورسییە دەبێت داوای پۆستێکی سیادی بکات؟**

**محەممەد حەکیم:** یەکگرتووش مافی خۆیەتی پۆستێکی سیادی هەبێت و بەو 10 کورسییە مافی خۆیەتی 10%ی هەبێت، پارتیش ئەگەر کەمی هەیە مافی خۆیەتی 38ی هەبێت، بەڵام پۆست هەیە بە قەدەر 8 وەزارەتە و پۆستیش هەیە هەر ناوی وەزارەتە.

**ڕووداو: ماوەیەکە حەیدەر عەبادی سەرۆک وەزیرانی عێراق خەریکی چاکسازییە، هەست ناکەن لەپاڵ ئەو کۆبوونەوانەی ئێوەدا، وەکو کورد دەڵێت "گوڵ"ی خۆی کرد؟**

**محەممەد حەکیم:** عێراق بارودۆخێکی زۆر شلۆقی هەیە و ئەو چاکسازییانەی عەبادی فریای چاکسازی لە عێراق ناکەوێت و وەکو دڵۆپێکە لەنێو دەریایەک، بۆ ئایندەی عێراقیش زۆر دڵخۆشکەر نین.

**ڕووداو: واتە پێتوایە چاکسازییەکانی کاریگەرییەکی ئەوتۆی نییە؟**

**محەممەد حەکیم:** نەخێر، چونکە عێراق لەڕووی گەندەڵییەوە لە دوای سۆماڵەوەیە، ئاخۆ بەو هەنگاوانەی عەبادی، عێراق دەچێتە چ قۆناغێکی دیکەوە.

**ڕووداو: کەواتە مەبەستی چی بووە، ئایا بە فرسەتی زانیوە کە لایەنەکانی کوردستان سەرقاڵی پرسی سەرۆکایەتین و ئەویش دەستی بەو هەنگاوانە کردووە؟**

**محەممەد حەکیم:** ڕەنگە بۆ چەسپاندنی خۆی بێت و بیسەلمێنێ کە جڵەوی بارودۆخەکە بە دەست خۆیەتی.

**ڕووداو: کەواتە سوودی لەو قەیرانەی هەرێمی کوردستانی بینی؟**

**محەممەد حەکیم:** لەوانەیە، چونکە ئێستا کورد لەبەر کێشەکانی خۆی ناپەرژێتە سەر ئەوەی هەنگاوەکانی عەبادی بە باش یاخود بە خراپ هەڵسەنگێنێ.

**ڕووداو: ئێوە ناکۆکی لە یەکدی قبوڵ ناکەن، بەڵام بۆچی بێدەنگیتان لەو چاکسازییانەی عەبادی کرد؟**

**محەممەد حەکیم:** لەبەرئەوەی زۆر سەرقاڵین بە پرسی سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستانەوە، بەڵام ئومێد دەکەم لەم پرسەدا بگەینە ئەنجامێکی باش و دواتریش پێکەوە قسەیەک لەبارەی بڕیارەکانی عەبادی بکەین.

**ڕووداو: قەیرانی سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان تا کەی بەردەوام دەبێت؟**

**محەممەد حەکیم:** پێموایە قەیرانەکە تەقەبولی زۆر بەردەوامی ناکات.

**ڕووداو: ئەگەر زۆر بخایەنێت دەبێت تا کەی بێت؟**

**محەممەد حەکیم:** پێموایە لە مانگێکی دیکەشدا بگەینە ئەنجامێک و چارەسەرێکی کۆتایی، باشە.

**ڕووداو: واتە پێشبینی دەکەیت ئەو بارودۆخە تاوەکو مانگێکی دیکە بڕوات؟**

**محەممەد حەکیم:** ئەگەر لە مانگێکی دیکەدا تەواو نەبێت ڕەنگە جەماوەری کوردستانیش قبوڵ نەکات.

رووداو
کوردستانی
ژمارە (374) دووشەممە 2015/9/7

## جلوبەرگی کوردییان لێ قەدەخەدەکرێ



**رووداو- هەولێر**

بەرپرسێکی گرتووخانەی ورمێ بە زیندانیانی سیاسی کوردی راگەیاندووە، ئەگەر جلوبەرگی کوردی لەبەربکەن سزادەدرێن.
بەپێی هەواڵێکی چالاکڤانی مافی مرۆڤ لە ئێران، میرحەمید سەید عەلەوی، بەڕێوەبەری گرتووخانەی ورمێ بە زیندانیانی سیاسی کوردی راگەیاندووە، کە ناتوانن جلوبەرگی کوردی لەبەربکەن و ئەگەر بڕیارەکە جێبەجێ نەکەن، بەتوندترین شێوە هەڵسوکەوتیان لەگەڵ دەکرێت.
بەپێی هەواڵەکە، ئەم بڕیارە پاش ئەوە دەرچووە کە زیندانییەکی سیاسی کورد جلوبەرگی کوردی لەبەرکردووە و لەلایەن یەکێک لە پاسەوانەکانیشەوە لێکۆڵینەوەی لەگەڵدا کراوە.

### "بە دڵ و دەروون لە تورکیا دابڕاوین"

# ئامەد بڕوای بە مانەوە لەگەڵ ئەنقەرە نەماوە*

**هاشم سۆیلەمەز- ئامەد**

لە باشووری رۆژهەڵاتی وڵاتەوە بەردەوام هەواڵی ناخۆش دەگەن، خەڵک لە دواڕۆژ بێ هیوا بووە و بە گومانە لە ئەنجامدانی ئەو هەڵبژاردنەی بەهۆی پێکنەهێنانی حکومەتەوە، بڕیارە لە سەرەتای مانگی نۆڤەمبەر دووبارە بکرێتەوە. زۆربەی خەڵک پێیانوایە ئەگەر رەوشەکە بەو شێوەیە درێژە بکێشێ، سندووقی هەڵبژاردن دانانرێن.

لە باشووری رۆژهەڵات هەموو کەس دەپرسێ "بەیانی چی روودەدات؟". بەڵام وەڵامێکی دیاریکراویان دەست ناکەوێت. مرۆڤ نیگەرانە، رەشبینە، ژیانی کۆمەڵایەتی گەیشتووەتە ئاستی راوەستان. ئاسایشی گەڕان نەماوە. لەگەڵ ئەوەشدا هەموو رۆژێک هەواڵی ناخۆش بڵاودەبنەوە. لە شوێنی پێکدادان کۆچکردن دەستی پێکردووە. خەڵک لە شاخەوە کۆچی شار دەکەن، ئەوانەی شارانیش بەرەو رۆژئاوا دەڕۆن.

بەگوێرەی سەرچاوەکانی دەوڵەت، لەم مانگەی دواییدا 100 هەزار کەس، بە گوێرەی سەرچاوە هەرێمییەکانیش 250 هەزار کەس بەهۆی شەڕەوە لە شوێنی خۆیان کۆچیان کردووە.

شەقامە سەرەکییەکانی ئامەد چۆڵ دیارن، هەندێک شوێنیش وا دەردەکەون وەک ئەوەی باری نائاساییان تێدا راگەیەندرابێت.

سەباحەت چەتین کایا، جێگری هاوسەرۆکی شارەوانی دێرک سەر بە ماردین کە لەناو فرۆکەی ئیستانبوڵ — ئامەد قسەی بۆ کردین، پێیوایە لەدوای 7ی حوزەیرانەوە مێژوویەک دەستی پێکردووە، بەڵام پێشبینی بۆ ئایندە ناکرێت. سەباحەت دەڵێت "دەستگیرکردن و پێکدادان، ناوچەکە زیاتر بەرەو تاریکی دەبەن. ئەگەر رەوشەکە بەمشێوەیە بەردەوام بێ، ژمارەی خۆسەرییەکان هەڵدەکشێ، خەڵک زیاتر تووڕە دەبن. هەڵبژاردن بەشێوەیەکی تەندروست دەکرێت یان نا، گومانمان هەیە".

ئەم نیگەرانییە، نیگەرانیی ئەو سیاسەتوانە کوردانەشە کە جیاواز بیردەکەنەوە. بۆ نموونە ئیبراهیم گوجلو (کە سیاسەتوانێکی کوردە) دەربارەی دواڕۆژ گومانی راستەقینەی هەیە. ئەو دەڵێت "هەردوولا کابوس دەخوازن، هەوڵ و نیازی پاک بۆ چارەسەری نییە. بە تێپەڕبوونی کات کابووسەکە گەورەتر دەبێت. ئەو پرسیارەی کە دەڵێت (ئایا تورکیا وەکو سووریای لێدێ؟) زۆرتر دەکرێ. ئەگەر رەوشەکە بەو جۆرە درێژە بکێشێ، هەڵبژاردنێکی تەندروست ناکرێ، لەوانەیە سندووقیش دانەنرێن".

لە فارقین، جەزیرە، سلۆپی، گەڤەر، وارتۆ، لیجە و نزیکەی 35 شوێنی دیکە ئاسایش نییە. جگە لە پێداویستیە سەرەکییەکان، ژیان راوەستاوە. زۆربەی گوندەکانی لیجە و فارقین بەشێوەیەکی کاتی چۆڵکراون. دەوڵەت بە دروستکردنی ناوچەی ئەمنیی تایبەت، بە کردەوە باری نائاسایی راگەیاندووە. پەکەکە لەو شوێنانەی کۆنترۆڵی کردوون، بەهێزتر دەبێت. کەس لە گیانی خۆی دڵنیا نییە، ئەوانەی لەنێوان هەردوولا گیریان خواردووە نازانن چی بکەن.

گرنگترین رووداو لە مێژووی ئامەد هاتەئاراوە. بۆ پرۆتستۆکردنی رووداوەکانی فارقین و لیجە، پارتی هەرێمە دیموکراتییەکان (DBP) داوای کرد دوکانەکان نەکرێنەوە. بە گوتەی پۆلیس 80% و بە گوتەی دەبەپەش 99%ی دوکاندارەکان، دوکانەکانیان نەکردنەوە. ئەوەی دیار بوو خەڵک هیچ کاتێک لە رابردوودا ئەوەندە گوێڕایەڵی داواکاری داخستنی دوکانەکان نەبووە. ئەگەر قسەکە لە جێگای خۆیدا بێ، پەکەکە بۆ ماوەی رۆژێک لە ئامەد باری نائاسایی جێبەجێ کرد. ئەو تابلۆیە دەیسەلمێنێ کە راگەیاندنی خۆسەری بە ئاسانی لە هەموو ناوچەکە جێبەجێ دەکرێت. بەردەوامبوونی ئەو ئاڵۆزیەی لە ئامەد کە وەکو جەرگەی ناوچەکە وایە، بە واتای گەورەبوونی کابووسەکە دێت.

کەس چاوەڕێی چارەسەری لە هەڵبژاردنی یەکی تشرینی دووەم ناکات. ئەو بێ هیوایە لەسەر ئەنجامەکانی هەڵبژاردن نییە. بەگوتەی خەڵکی ناوچەکە دەنگی هەدەپە لە هەڵبژاردن زیاتر هەڵدەکشێت. بەڵام هەر لە ئێستاوە خەڵک چاوەڕێن بزانن لەدوای راگەیاندنی ئەنجامی هەڵبژاردن، کاردانەوەی سەرۆک کۆماری تورکیا چی دەبێت.

رەجەب دەمیر کە دوکاندارێکی ئامەدە، لە هەڵبژاردنەکانی پێشوودا دەنگی بۆ ئاکپارتی داوە، لە هەڵبژاردنی دواییش هەدەپەی هەڵبژاردووە "جارێکی دیکە ئاکپارتی دەدۆڕێت، بەڵام نازانین دوای هەڵبژاردن چی چاوەڕێمان دەکات. ئێستا ناوچەکە ناچاری یاخیبوون دەکەن. من کەسێکی سیاسی نیم، بەڵام بەو شێوەیە بڕوات گەنجەکانمان پێ زەفت ناکرێن".

رەجەبی دوکاندار هێرش دەکاتە سەر رەجەبی سەرۆک کۆمار و دەڵێت "هەدەپە بەربەستی تێپەڕاند، رێگای سیاسەتی پێنادەن. حکومەت دروست نەکرا، یەکسەر گوتیان هەڵبژاردن. لەبەر شەڕ ناتوانین بیینە دەرەوە. تاکە کەسێک یاری بە دواڕۆژی ئەم وڵاتە دەکات، دڵخۆش بووین بە پرۆسەی چارەسەری، نەمانزانی هەمووی درۆیە. ئەمە دڵی ئێمەی کوردی شکاند. ئەوەی سیاسیش نەبوو، بوو بە سیاسی".

ئەو دوکاندارە پێیوایە، ئێستا باشترین کاتە بۆ راگەیاندنی خۆسەری دیموکراتی، چونکە بە بڕوای ئەو "خەڵکی ئەم ناوچەیە بە دڵ و دەروون لە تورکیا دابڕاوە".

### باس باسی ئاڵکانە

لە ئامەد هەر کەسێک دەدوێنی سیاسی بێت یان هاووڵاتی ئاسایی، باسی تووڕەبوونەکەی موقەددەم محەممەد ئاڵکان دەکات کە لەسەر تەرمی براکەی دەڵێت "ئەوانەی تا ئەو رۆژانەی دوایی دەیانگوت چارەسەری، بۆچی ئێستا دەڵێن شەڕ؟".

خەڵک پێیوایە هاواری ئەو ئەفسەرە بە جلی سەربازییەوە زۆر مانا هەڵدەگرێ. لە شوفێری تاکسییەکەوە بگرە تا دوکاندارێک، دوای ئەوەی بە گشتی قسە دەکات، دێتە سەر قسەکانی ئەو موقەددەمە.

حەسەن چیڤرلی، 55 ساڵ، دەڵێت "کاتێک سەربازێک دەکوژرێ جەرگمان دەسووتێ. کاتێک تەرمی گەریلایەک دێتەوە پرسە دادەنێین. ئەوانە منداڵی ئێمەن کە لەیەک گەڕەک بەیەکەوە یاری دەکەن و خەیاڵ بۆ دواڕۆژ دەکەن، بەڵام بە داخەوە سیاسەت ئەو برایەتییە لەناو دەبات. دایکی گەریلایەک هاوار دەکات، موقەددەمێک یاخی دەبێ. شێوازی جەرگ سووتان وەکو یەکە. پێویستە ئەمە بوەستێ، بەڵام دواڕۆژمان زۆر تاریکە".

### ناوچەکە بووەتە دیلی سیاسەت

لە هەر کوێ تەماشای دەکەیت، سیاسەت ناوچەکەی بەدیل گرتووە. هەڵمەتە سیاسییەکان لە رۆژهەڵاتی تورکیا کابووس دروست دەکات. لەو کاتەی سبەی درەنگە بۆ ئاشتی، دەربارەی سبەی حیساب دەکەن و سبەی کەسانی دیکە لەناو دەبەن. وەکو ئەوەی حەسەن قەندیر (70) ساڵ دەڵێت: "ژیانی من رۆیشت، خەریکە ژیانی نەوەکانیشم دەڕوات. سبەی کەس ناتوانێ رامبگرێت. ئیتر چارەسەریمان دەوێت".

*ئەم راپۆرتە رۆژی 2015/8/31 لە گۆڤاری ئاکسیۆنی تورکیدا بە ناونیشانی (هەرێم ئاڵۆزە، دواڕۆژ تاریکە) بڵاوکراوەتەوە و (رووداو) لەبەر گرنگیی راپۆرتەکە کردوویەتی بە کوردی.



# باکووری کوردستان خۆسەری بە چەک ناوێت



### سیاسەتڤانێکی کورد:
### خۆسەرییەکەی پەکەکە نابێتە دیفاکتۆ

### شارەزایەکی دۆزی کورد لە تورکیا:
### کورد 102 شارەوانیی هەیە، بۆ خۆسەری پێویستی بە چەک نییە

**رووداو — هەولێر**

راگەیاندنی "خۆسەری" لە باکووری کوردستان گفتوگۆیەکی گەرمی دروستکردووە. چاودێرانی سیاسی پشتگیری لێدەکەن، بەڵام بۆچوونی جیاوازیان لەبارەی جێبەجێکردن و ناوەڕۆکی پرۆژەی خۆسەری هەیە و دەڵێن ئەستەمە راگەیاندنی خۆسەری بە زەبری چەک ببێتە دیفاکتۆ.

چەندین ساڵە لەسەر دەستەواژەی "خۆسەری" و "ئۆتۆنۆمی دیموکراتی" لە باکووری کوردستان و تورکیا گفتوگۆ دەکرێت. پێشنیازکردنی ئەو مۆدێلە بۆ چارەسەری کێشەی کورد لە باکووری کوردستان، بۆ یەکەمجار لە ساڵی 2007 لەلایەن عەبدوڵڵا ئۆجەلان رێبەری بەندکراوی پەکەکە لە زیندانی ئیمرالی باسی کرا. بەدرێژایی ئەم چەند ساڵەی رابردووش زۆرترین گفتوگۆی لەبارەوە کراوە، بەڵام لە دوای 12ی ئابی رابردوو باسەکە گەرمتر بووە، بە تایبەتی دوای ئەوەی کۆما جڤاکێن کوردستان لە سلۆپی، جەزیرە، نوسەیبین و شرناخ جێبەجێکردنی دەسەڵاتی خۆسەری راگەیاند. ئێستاش ژمارەی ئەو خۆسەریانە گەیشتووەتە 32 ئیدارە.

بەڵام پارتی هەرێمە دیموکراتیەکان (DBP) و پارتی دیموکراتی گەلان (HDP) بە ئاشکرا پشتگیری لەو پرۆسەیە ناکەن. سەلاحەدین دەمیرتاش، هاوسەرۆکی هەدەپە لە رۆژی 26ی مانگی رابردوو لە برۆکسل لەبارەی راگەیاندنی خۆسەرییەکانی باکوور گوتی "خۆسەری لەدژی گوشاری دەوڵەت، یاخیبوونێکی مەدەنیانەیە" بەڵام دەمیرتاش رەخنەی لە شێوازی راگەیاندنەکە گرت "راگەیاندنی خۆسەری لەژێر سێبەری چەک راست نییە. چونکە ئەمە دەستپێشخەرییەکی مەدەنییە". دەمیرتاش نکۆڵی لەوە کرد کە ئەو خۆسەریانە بە واتای رەتکردنەوەی دەزگاکانی دەوڵەت بن "ئەمە هەوڵێکە بۆ بەهێزکردنی دەسەڵاتە هەرێمییەکان".

رۆژنامەی جمهوریەتی تورکی لە رۆژی 27ی ئاب لە هەواڵێکیدا ئیفادەی بەرپرسان و شارەوانیەکانی ئامەدی لە دادگای سزای پێنجەمین دەربارەی بەشداریکردنیان لە راگەیاندنی چەند خۆسەرییەک بڵاوکردەوە.

فاتیمە ئیشق باروت، هاوسەرۆکی شارەوانی سوور لە ئیفادەکەیدا دەڵێت "من هیچ زانیاریم لەسەر دەقی راگەیاندنی خۆسەری نەبوو. ئاگام لە کۆنگرەی رۆژنامەوانیش نەبوو. ئێمە 15 رۆژە لەگەڵ قایمقام، ئەمنیەت و ئەنجوومەنی شارەوانی و پەرلەمانتاران خەریکین بەر بە رووداوەکان بگرین".

هەر لەوبارەوە سەید نارین کە ئەویش هاوسەرۆکی شارەوانی سووری ئامەدە، بێ ئاگایی خۆی لە راگەیاندنی خۆسەرییەکان دەربڕی و گوتی "لە رۆژی کۆنگرەی رۆژنامەوانی بۆ ئەوەی بزانین چی دەبێت، چاوم بە قایمقام کەوت. هیچ ئاگاداری کۆنگرەی رۆژنامەوانی نەبووم".

بەڵام شارەزایان و چاودێران، ئیفادەی بەرپرسانی دەبەپە و هەدەپە بە هەوڵێک بۆ خۆپەڕاندنەوە لەبەردەم دادگا دەزانن. سیاسەتمەداری کورد ئیبراهیم گوجلو یەکێکە لەو کەسانەی ئیفادەی بەرپرسانی کورد و شارەوانییەکان بە ترسنۆکی لە قەڵەم دەدات. ئەو بە (رووداو)ی گوت "هەدەپە سەر بە پەکەکەیە و پرۆژەی ئۆجەلانە. بۆیە گومان لەوەدا نییە کە هەدەپە ئاگاداری هەموو کارێکی پەکەکەیە. پەکەکە بەبێ کادیر و ئەندامانی هەدەپە ناتوانێ پرۆژەی خۆی جێبەجێ بکات. هەڵوێستی ئەوان لە دادگا ترسنۆکییە. بۆ هەڵخەڵەتاندنی دەوڵەتە. پارتی سیاسی پێویستە بە ئاشکرا پرۆژەی خۆی رابگەیێنێ. بەڵام لەبەر ئەوەی هەدەپە پارتێکی سەربەخۆ نییە، نکۆڵی لە پرۆژەکانی دەکات".

وەیسەڵ ئایهان، توێژەر و پسپۆڕی کێشەی کورد لە تورکیا پێیوایە شارەوانییەکانی هەدەپە بەشێکن لە پرۆسەی راگەیاندنی خۆسەری. ئەو لەوبارەیەوە بە (رووداو)ی گوت "خۆسەری وەکو مۆدێلێک لەناو خەڵک لە ئاستی هەرە خوارەوە بۆ سەرەوە دروست دەکرێت. شارەوانییەکان بەشێکن لەخۆسەری. راست نییە کاتێک لە ئیفادەی دادگا دەڵێن پەیوەندیمان بە خۆسەرییەوە نییە".

ئایا ئەو مۆدێلەی رادەگەیەندرێ ئۆتۆنۆمییە یان خۆسەرییە؟ ئیبراهیم گوجلو پێیوایە ئەو مۆدێلەی کەجەکە/ پەکەکە رایدەگەیێنێ، نە ئۆتۆنۆمییە و نە خۆسەرییە "لە خۆسەریدا حیزب دەسەڵاتدارە نەک میللەت. ئۆتۆنۆمی بە پێچەوانەیە، دەسەڵات لەدەستی میللەتدایە. بۆیە ئەمە شتێکی تایبەتە".

گەورەترین ئاستەنگ لەبەردەم ئەو خۆسەریانە، لە رۆژگاری ئەمڕۆدا کە شەڕ و پێکدادان لەنێوان پەکەکە و سوپای تورکیادا هەیە، ئەوەیە کە بە چ شێوازێک ئەو مۆدێلە دەبێتە دیفاکتۆ. هەروەها جێبەجێکردنی ئەو مۆدێلە بە واتای رەتکردنەوەی دەوڵەتە.

ئیبراهیم گوجلو کە بە رەخنەگرێکی سەرسەختی پەکەکە و هەدەپە لە باکووری کوردستان دەناسرێت، رەشبینە بە سەرکەوتنی ئەو مۆدێلە "پێویستە لایەنی تورکی قەبوڵی بکات. چونکە ئەو خۆسەریە درێژە ناکێشێت و نابێتە دیفاکتۆ. کاتێک دەبێتە خۆسەری ئەگەر پەرلەمان قبوڵی بکات".

بەڵام وەیسەڵ ئایهان پێیوایە "خۆسەری بە واتای رەتکردنەوەی دەوڵەت نایەت، بەڵام هێشتا لە تورکیا گفتوگۆ نەگەیشتووەتە ئەو ئاستەی دەسەڵاتەکان دیاری بکرێن". هەروەها دەڵێت "ماوەیەکی درێژە ئەو گفتوگۆیە لە تورکیا دەکرێت. ئاکپارتی کاتێک هاتە سەر دەسەڵات، باسی گەڕاندنەوەی دەسەڵاتی هەرێمەکانی کرد. پێویستە خۆسەری وەکو مۆدێل قبوڵ بکرێت. ئەو مۆدێلە کێشە ئەتنیکی و مەزهەبییەکان چارەسەر دەکات".

تاهیر ئەلچی، سەرۆکی ژووری پارێزەرانی ئامەد، پێیوایە خۆسەری مافێکی رەوای دیموکراتییە بۆ باکووری کوردستان. لەگەڵ ئەوەش لەبارەی بە دیفاکتۆکردنی ئەو مۆدێلە رەخنە لە پەکەکە دەگرێت.

ئەلچی بە (رووداو)ی گوت "بزووتنەوەی سیاسیی کورد دەڵێت دەوڵەتمان ناوێت و لەگەڵ پارچەکردنی تورکیا نین، بەڵام لێدانی خەندەق و رێگرتن لە پۆلیس بە گوێرەی داخوازیی خۆسەری نییە".


ئەلچی پێیوایە بزووتنەوەی سیاسیی کورد دەسەڵاتدارە لە باکووری کوردستان و 120 شارەوانی لەبەردەستە، بۆیە پێویست ناکات بۆ بەدیفاکتۆکردنی خۆسەری پەنا بۆ شەڕ ببات "زۆر کەس پێیوایە پێویست بەو پرۆسەیە نییە کە دوای هەڵبژاردن بەچەک دەستی پێکردووە. ئەمە بەگوێرەی پێوانەکانی بەیەکەوە ژیان نییە، ئەگەر یەکدی بکوژن، ناتوانین بەیەکەوە بژین".

سەرۆکی ژووری پارێزەرانی ئامەد دەڵێت خۆسەری بۆ ئەوەی ببێتە دیفاکتۆ، پێویستی بە گۆڕینی یاسا هەیە نەک بەکارهێنانی چەک "خۆسەری بەچەک ناگاتە ئەنجام. باکوور بەم پرۆسەیە خۆشحاڵ نییە".

# دانوستاندنی ئەمجارەی بەغدا لەگەڵ کورد لەسەر نەوتی کەرکووکە

**ئەحمەد چەلەبی:** با کورد خۆی نەوت بفرۆشێ و بودجەی خۆی دابین بکات

**پەرلەمانتارێکی کورد:** بودجەی ساڵی داهاتووی عێراق تەنیا بەشی مووچەی فەرمانبەران دەکات



نەوزاد مەحموود
ڕووداو- سلێمانی

حکومەتی بەغدا سەرقاڵی دانانی پڕۆژە یاسای بودجەی گشتییە بۆ ساڵی 2016، بەڵام نرخی نەوت لە بازاڕەکانی جیهاندا کارێکی کردووە کە وەزیرێکی کورد لە بەغدا بڵێ "بودجەی عێراق لە 2016 دا تەنیا بەشی مووچە دەکات". بەقسەی زۆربەی شارەزایانی بودجەش، ئەوە بەو مانایە دێ کە چیدی کورد منەتی بە بەغدا نییە.

ئەحمەد حاجی ڕەشید، بڕیاردەری لیژنەی دارایی پەرلەمانی عێراق، پێشنیاز دەکات حکومەتی هەرێمی کوردستان فایلێکی نوێی دانوستاندن لەگەڵ بەغدا بکاتەوە، بەڵام ئەمجارە تەنیا قسە لەسەر نەوتی کەرکووک بکرێ "ئەو بیرە نەوتانەی لە دوای 2003 وە حکومەتی هەرێمی کوردستان خۆی هەڵیکەندوون، خۆی بیفرۆشێت و نەوتی بیرە کۆنەکانیش هەر خۆی بیفرۆشێت، بەڵام بودجەی کەرکووکی لێ دابین بکات".

لەساڵی 2003، لەو کاتەی هێز و لایەنەکانی عێراق دەستوورێکی نوێیان نووسییەوە، نەوت و گازی باشووری کوردستان یەکێک بوو لە بۆمبەکانی نێو دەستوور. نێوبژیوانە ئەمریکی و بەریتانییەکانیش کۆمەکی ڕێککەوتنێکیان پێنەکرا لەنێوان کورد و بەغدا و دواتریش یاسای نەوت و غاز و پارەی کۆمپانیا نەوتییەکان هەر بەهەڵپەسێردراوی مایەوە.

هێشتا پڕۆژە یاسای بودجەی گشتیی عێراق ئامادە نەکراوە، بەڵام وەک ئەحمەد ڕەشید باسیدەکات، دوو بۆچوون لە نێو بڕیاربەدەستانی حکومەتی عەبادی هەیە، بۆچوونی زاڵ ئەوەیە "نەوتی کوردستان ناخرێتە ناو بودجەوە"، ئەو پەرلەمانتارە کوردە دەڵێ لەو بارەوە قسەی لەگەڵ ئەحمەد چەلەبی، سەرۆکی لیژنەی دارایی و ئابووریی پەرلەمان کردووە و ویستوویەتی بزانێ تێڕوانینی ئەوان چییە لەسەر 17%ی بەشی کوردستان "ئەو پێیگوتم، باشترە کورد نەوتی خۆی بفرۆشێ و بودجەی خۆی پێ دابین بکات". هەر لەبارەی قسەکانی چەلەبییەوە، گوتیشی "بەڵام دەبێ لەسەر نەوتی کەرکووک ڕێککەوتنێک بکەن و ئەو ڕێککەوتنە لە پڕۆژەی بودجەی عێراق جێ بکرێتەوە".

هەموو ئەو کۆبوونەوە و دانیشتن و ڕێککەوتنانەی لە نێوان حکومەتی هەرێمی کوردستان و حکومەتی نێوەندی هاتنە ئاراوە، تەنیا بێ متمانەییان تۆختر کردەوە و هیچی نوێ لەبارەی پرسی نەوتەوە وەدی نەهات. ئێستا ماوەی دوو مانگە حکومەتی هەرێمی کوردستان، لەڕێگەی ئەو بۆرییە نەوتییانەی دەچنەوە جەیهانی تورکی، بەشێوەیەکی سەربەخۆ نەوت دەفرۆشێ و مووچەی فەرمانبەرانی پێ دابین دەکرێ. ئەمە دوای ئەوە هات کە ماوەی زیاتر لە ساڵ و نیوێک ئارامی گرت بەدیار ئەو بڕیارە لە ناکاوەی نووری مالیکی، سەرۆک وەزیرانی پێشووی عێراق کە بودجەی هەرێمی کوردستانی بڕی.

بەپێی ڕێوشوێنە یاساییەکەی ئامادەکردنی پڕۆژە یاسای بودجە، دوای ئەوەی لەلایەن ئەنجوومەنی وەزیرانەوە گفتوگۆی لەسەر دەکرێت، ڕەوانەی پەرلەمان دەکرێت بۆ پەسەندکردن، بەڵام حەیدەر عەبادی، هەر لە ئێستاوە مشتومڕی بەردەم بودجەی کەمتر کردووەتەوە، کاتێک هەڵمەتی چاکسازییەکەی ڕاگەیاند و ژمارەی کوردەکانی نێو ئەنجوومەنی وەزیرانی کەمتر کردەوە.

د.دەرباز محەممەد، وەزیری کۆچ و کۆچبەرانی عێراق، دەڵێت هێشتا پڕۆژەی یاسای بودجە نەهاتووەتە ئەنجوومەنی وەزیران "ئەگەر بودجەش ئامادە بکرێ، جگە لە مووچەی فەرمانبەران زۆر زەحمەتە بەشی هیچی دیکە بکات".

زیاتر لە ملیۆن و نیوێک ئاوارە لە هەرێمی کوردستان داڵدەدراون و ئەرکی ژیاندنیان بارێکی قورسە بەسەر شانی حکومەتی هەرێمی کوردستانەوە. وەزیری کۆچ و کۆچبەرانی عێراق پێیوانییە ئاوارەکان ئەرکێکی ئەوەندە قورسیشیان بەسەر شانی حکومەتی هەرێمەوە دروستکردبێ "50%ی ئاوارەکان بۆخۆیان باری داراییان باشە و لە شوقە و خانوو دەژین و خۆیان پارەی کارەبا و ئاو دەدەن، تەنیا 800 هەزار ئاوارە لەنێو کەمپەکاندا دەژین".

بەپێی ئەو زانیارییانەی لە پەرلەمانتارە کوردەکانی بەغداوە دەست (ڕووداو) کەوتوون، هێشتا بڕیاری کۆتایی ئەوە نییە ڕێگەی خۆژیێنی کورد بخرێتە نێو یاسای بودجەی عێراقەوە و پێیانوایە عەبادی هەوڵ دەدات 2016 ش بەهەمانشێوە پڕ گرفت بکات و کورد ناچار بکات ڕوویبکاتەوە سۆمۆ، بەڵام لەو حاڵەشدا هێشتا کورد ترسی ئەوەی هەیە 12%ی بودجەی عێراقی بۆ دیاری بکرێ.

حاکم سەرحان، ئەندامی لیژنەی دارایی لە پەرلەمانی عێراق دەڵێ "17% درۆیە و تاوەکو ئێستا کورد هەر 12 و 13%ی بودجەی عێراقی وەرگرتووە و نەفەقاتی سیادی و حاکیمە هەمیشە لە کوردستان بڕاوە. گوتیشی "بەهۆی ئاوارەکانەوە چاوەڕێمان دەکرد لە پرسی بودجەدا پەرلەمانتارە سوننەکان پشتیوانی ئێمە بکەن، بەڵام بەداخەوە وایان نەکرد".

ئەو پەرلەمانتارەی کورد دەڵێ لەڕێگەی جۆراوجۆرەوە هەواڵی پرسیوە کە ئایا بودجەی 2016ی عێراق پارەی کوردیشی تێدایە یان نا "ئەوەی بەدەست من گەیشتەوە، بەڵێ بەشە بودجەی هەرێمی کوردستانی تێدا دەبێ".

بودجەی ساڵی 2015ی عێراق زیاتر لە 119 ترلیۆن دینار بووە، کە کەمترین بەشی لێ دراوەتە کورد، بەڵام وەک ئەحمەد ڕەشید پێشبینی دەکات، بەهۆی داشکانی نرخی نەوتەوە بودجەی 2016 عێراق زۆر کەم دەبێتەوە و "تەنیا مووچەی پێ هەڵدەسووڕێ".

---

## ئارام شێخ محەممەد، جێگری سەرۆکی ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراق بۆ (ڕووداو):

# ڕێککەوتنی نەوتیی نێوان هەولێر و بەغدا نەماوە

ئارام شێخ محەممەد، جێگری سەرۆکی ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراق لەم هەفپەیفینەدا لەگەڵ هەفتەنامەی (ڕووداو) باسی پاکێجەکانی عەبادی دەکات کە سێ پۆستی کورد سەندەوە و دەڵێت لە پۆست و پشکەکانی خۆیان لە بەغدا خۆش نابن. سەبارەت بە ڕێککەوتنی نەوتیی نێوان هەولێر و بەغداش دەڵێت "ئەو ڕێککەوتنە نەماوە و بە عەمەلی جێبەجێ ناکرێت".

مەحموود یاسین کوردی
ڕووداو- هەولێر




### قبووڵ ناکەین یاسای پاسەوانی نیشتیمانی کوردستان بگرێتەوە

### وەزیرانی کورد دەنگیان بە پاکێجەکانی عەبادی دابوو

### لە هاوسەنگی و پۆستەکانی خۆمان لە بەغدا بێدەنگ نابین

**ڕووداو: با لە یاسای پاسەوانی نیشتمانییەوە دەست پێبکەین، کورد چی لەو یاسایە دەستدەکەوێت، ئەم یاسایە زیاتر بۆ ڕازیکردنی لایەنی سوننە بوو، بۆچی کورد ڤیتۆی بەکارهێنا؟**

**ئارام شێخ محەممەد:** ئێمە کۆمەڵێک تێبینیمان هەیە، گرنگترینیان ئەوەیە ئەم یاسایە کوردستان نەگرێتەوە، چونکە ئێمە پێشمەرگەمان هەیە، داواکاریی دیکەمان کە لەگەڵ سوننەکان هاوڕا بووین، ئەم هێزە لە پارێزگاکان بێت و جوڵەشی لە چوارچێوەی پارێزگاکاندا بێ، هاوکات بۆ ناوچە دابڕاوەکانیش پێویستە بە هەماهەنگی لەگەڵ پێشمەرگە و هێزە ئەمنییەکان بێت و پارێزگاری لە ڕێژەی بەشداریی پێکهاتەکان بکرێت، بێجگە لەمانەش بەشێوەیەکی گشتی تێبینی لەسەر جوڵەی ئەم هێزە و مەبەستەکانی جووڵەپێکردنی هەیە. بەکارهێنانیشی تەنیا بۆ مەبەستی پاراستنی ئاسایش و ڕووبەڕووبوونەوەی تیرۆر بێ، نەک ململانێی سیاسی.

**ڕووداو: کورد تێبینی لەسەر یاسای دادگای فیدراڵیش هەیە، ترس هەیە بڕیارەکانی ئەو دادگایە بە زۆرینەو کەمینە لە دژی کورد دەریکرێن؟**

**ئارام شێخ محەممەد:** ئەم ترسە هەیە و بۆ ئەمەش لەسەر ژمارە و چۆنیەتی بڕیارەکانی دادگاکە و ئەوەی پەیوەندی بە هەرێمی کوردستانەوە هەیە نەگەیشتووینەتە ڕێککەوتن و جارێ بە هەڵواسراوی ماوەتەوە.

**ڕووداو: عەبادی چەند چاکسازییەکی ڕاگەیاند، ئایا ئەو چاکسازیانە دەستووری بوون؟**

**ئارام شێخ محەممەد:** چاکسازییەکان کە عەبادی ناردوونی بۆ پەرلەمان، دوای ئەوەی لە ئەنجومەنی وەزیران دەنگی لەسەر درابوو، ئەوەی ئێمەش دەنگمان لەسەر داوە بەو مەرجەی کە بگونجێت لەگەڵ دەستوور و یاساکان، واتە هەرچی لەگەڵ دەستوور نەگونجێ، جێبەجێ ناکرێ، بۆ نموونە دەسەڵاتی سەرۆکی حکومەت نییە ئەنجوومەنی پارێزگاکان هەڵبوەشێنێتەوە یاخود پارێزگار لابدات، بەڵام بە گشتی ئەوانی دیکە لەبارەی چاکسازی دوای دەنگدانی پەرلەمان ڕێپێدراوە بیکات.

**ڕووداو: هەست ناکەن ئەو چاکسازییە مەبەستێکی دیاریکراوی سیاسی و تاکڕەویی مەزهەبی لە پشتەوە بێت؟**

**ئارام شێخ محەممەد:** چاکسازی و ئەنجامدانی چاکسازی پرسێکی سیاسییە و تاوەکو ئێستاش جوڵەیەکی مەزهەبی بەدی نەکراوە، پاکێجەکانی چاکسازی هیچ بەندێکی مەزهەبیی تێدا نییە. بۆ هاووڵاتیانیش لە عێراقدا ژیان بەو شێوەیەی ئێستا لە تەحەممولدا نەماوە و کێشەی حوکمڕانیی عێراقیش کێشەیەکی سیاسییە. بەهۆی کێشە سیاسییەکانیشەوە نەتوانراوە حوکمڕانییەکی باش بێتە کایەوە، بۆیە تا چاکسازی سیاسی نەکرێ، ئەنجامدانی چاکسازی خزمەتگوزاری ئەستەمە.

**ڕووداو: لەو چاکسازییە کورد چەندین پۆستی لە دەستداوە، ئایا لەو چاکسازییە بە ئامانجکردنی پێگەی کورد لە بەغدا هەیە؟**

**ئارام شێخ محەممەد:** تائێستا پۆستەکانی کورد باڵا و خوارتر بەرکەوتوون، بۆ ئەم مەبەستە ئێمە لە هەوڵی ئەوەداین هێزە کوردییەکان لەگەڵ چاودێریی پرۆسەکەدا، هەڵبەت لەگەڵ هێزەکانی دیکەش بزانین دوایین پرۆسەی تەرشیقی وزاری و حکومی بە کوێ دەگات، چونکە ئەم حاڵەتە شیعە و سوننەشی گرتووەتەوە، بەڵام وەکو پرسی هاوسەنگی بە دڵنیاییەوە ئێمە لە مەسەلەی هاوسەنگی بێدەنگ نابین.

**ڕووداو: هەست ناکەن دوای نەمانی پۆستەکەی د.ڕۆژ نووری شاوەیس ئامادەیی کورد لە بەغدا لاوازتر بووە و سەرقاڵبوونی کورد بە سازان و کێشەی سەرۆکایەتی بووەتە هۆی ئەوەی ئەو هەنگاوانەی عەبادی بە هەند وەرنەگیرێن؟**

**ئارام شێخ محەممەد:** کەمکردنەوەی هەر پۆستێکی کورد کاریگەری نەرێنی هەیە و باشترە ئێمە تەواجودی زۆرمان هەبێت. بیریشت نەچێ ئەم پاکێجە لە ئەنجوومەنی وەزیرانەوە هاتە لای ئێمە و وەزیرە کوردەکان دەنگیان پێداوە. لەگەڵ کاک د.ڕۆژ چەند جارێک و بەرێگای جیاواز سەرکردایەتی سیاسی کوردمان ئاگادار کردووەتەوە لەبارەی پرسی هاوسەنگی لە بەغدا و هەڵوێستی ئێمە، بەڵام بەهۆی سەرقاڵبوونی هەرێمی کوردستان بە پرسی دیکەوە، بەداخەوە وەڵاممان دەست نەکەوت.

**ڕووداو: ئێستا تۆ و هۆشیار زێباری نوێنەرایەتی هەردوو دەسەڵاتی یاسادانان و جێبەجێکردن دەکەن، سەرۆک کۆماریش وەکو پارێزەری دەستوور، دەکرێ زانیارییەکی متمانەپێکراو بە هاووڵاتیان بدەی کە ڕێککەوتنی نەوتیی نێوان هەولێر و بەغدا چی لێهات؟**

**ئارام شێخ محەممەد:** ڕێککەوتنی نەوتیی نێوان هەولێر و بەغدا بە کردەیی نەماوە.

**ڕووداو: بۆچی بودجە و مووچەی خەڵکی کوردستان نادرێت؟**

**ئارام شێخ محەممەد:** لەبەرئەوەی ڕێککەوتنەکە و یاساکە وەکو خۆی جێبەجێ ناکرێت.

**ڕووداو: لەم چاکسازییەی عەبادی پارتی و کۆمەڵ و یەککگرتوو پۆستیان لەدەستداوە، داوای دووبارە دابەشکردنەوەی پۆستەکان دەکەن، تەنیا گۆڕان و یەکێتی پۆستیان لە دەست نەدا، چاوەڕێ دەکەن لە ئایندەدا کێشە لە نێوان فراکسیۆنە کوردستانییەکان دروست بێت؟**

**ئارام شێخ محەممەد:** وەک گوتم ئەمە پێویستی بەبڕیاری سیاسی هەیە و ئێمە لەنێوان خۆماندا باسمان کردووە، بەڵام ئەم پرسە پێویستی بەبڕیاری سیاسی باڵاتر هەیە، وەک چۆن یەکەمجار بەشداریمان کرد لە حکومەتەکەی عەبادیدا.

**ڕووداو: چەند جارێک لەگەڵ عەبادی کۆبوویتەوە، ڕای ئەو لەسەر ئەو بێ متمانەیی و کێشانەی هەولێر و بەغدا چییە؟**

**ئارام شێخ محەممەد:** کێشەکە بریتییە لە فرۆشتن و نەفرۆشتنی نەوت و چۆنیەتی فرۆشتنەکەی، ئەمە جەوهەری کێشەکەیە و یاساکە و ڕێککەوتنە سیاسییەکەش هەر لەسەر ئەم بنەمایە بووە.

**ڕووداو: ڕۆژانە دیدار و کۆبوونەوەت لەگەڵ دیبلۆماتانی بیانی هەیە، ئەوان بۆچوونیان لەسەر باروودۆخی هەرێمی کوردستان چییە، بەو پێیەی تۆ سەر بە بزووتنەوەی گۆڕانیت و بەشێک لە قەیرانەکان پەیوەندی بە ئێوەشەوە هەیە؟**

**ئارام شێخ محەممەد:** من لەبەغدا لە دیدار و کۆبوونەوەکانمان لەسەر هەموو ئاستەکان تەنیا باسی داواکارییەکانی هەرێمی کوردستان و مافی کورد و داواکاریی کورد لە پرۆسەی سیاسیی عێراقدا دەکەم، نوێنەرایەتی کورد لە بەغدا ئەوە دەخوازێت.

## کوردستان بە هانای بازرگانانی کەرکووکەوە دەچێت

**ڕووداو- کەرکووک**

سیروان محەممەد، سەرۆکی ژووری بازرگانی و پیشەسازی سلێمانی بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند، ژووری بازرگانی و پیشەسازی کەرکووک تووشی قەیرانی دارایی بووە، بۆیە لە چەند ڕۆژی ڕابردوودا لەسەر داواکاری ژوورە بازرگانییەکانی هەرێمی کوردستان سەردانی ژووری بازرگانی و پیشەسازی کەرکووکی کردووە و لەگەڵ سەرۆک و ئەندامەکانی کۆبووەتەوە و داوای لێکردوون ببنە ئەندامی ژوورە بازرگانییەکانی کوردستان. سیروان محەممەد گوتی "ئێمە پێمان باشە ئەوان ببنە ئەندامان، چونکە لەڕووی ئابوورییەوە بۆ هەردوولا باشترە و ئەوانیش تاوتوێی ئەو داوایە دەکەن".



ڕووداو
ئابووری
ژمارە (374) دووشەممە 2015/9/7

قەیرانی دارایی کاریگەری لەسەر کشتوکاڵ نەبووە

# کشتوکاڵی کوردستان 10%ی داهاتی نەتەوەیی دابین دەکات

**ڕەوا عەبدوڵڵا**
**ڕووداو- هەولێر**

بەرپرسێکی وەزارەتی کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاو دەڵێت، ئەگەر حکومەت نیوەی ئەو گرنگییەی بە کەرتی نەوتی داوە بەکشتوکاڵی بدایە، کوردستان پێویستی بە هاوردەکردنی خۆراک نەدەما و بڕینی بودجەش کاری تێنەدەکرد.

بەهۆی قەیرانی دارایی و بڕینی بودجەی هەرێمی کوردستان لەلایەن بەغداوە زۆربەی سێکتەرەکان لە کوردستان پەکیانکەوتووە، بەڵام قەیرانەکە چۆکی بە سێکتەری کشتوکاڵ دانەدا.

د.ئەنوەر عومەر، بەڕێوەبەری گشتیی پلان و بەدواداچوون لە وەزارەتی کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاو دەڵێت "کەرتی کشتوکاڵ لە هەرێمی کوردستان لە ماوەی ڕابردوودا نیمچە فەرامۆش کرابوو، وەک پێویست گرنگی پێنەدەدرا، بەڵام لەم قەیرانەدا دەرکەوت کە کەرتی کشتوکاڵ هیچ کات نامرێت و لە قەیرانەکانیشدا دەبێتە پاڵپشت بۆ حکومەت".

ئەو بەرپرسەی وەزارەتی کشتوکاڵ کە لێکۆڵینەوەیەکی لەبارەی سیاسەتی بەکارخستن و بەکاربردن لەکاتی ئەو قەیرانەدا کردووە، بۆی دەرکەوتووە، بەهۆی ئەو قەیرانەوە زۆربەی کەرتەکان کرێکارانیان ڕەوانەی ماڵەوە کردووەتەوە، بەڵام لە کەرتی کشتوکاڵدا نەک هیچ کرێکارێک دەرنەکراوە، بەڵکو کرێکاری زیاتر ڕوویان لەم کەرتە کردووە".

وەزارەتی کشتوکاڵ لەساڵی 2008 پلانێکی پێنج ساڵەی بۆ گەشەپێدانی کەرتی کشتوکاڵ دانا، بەڵام بەهۆی دابیننەکردنی بودجەی پێویست، بەشێکی کەمی لێ جێبەجێ کرا، ئێستا وەزارەتی ناوبراو پلانێکی دیکەی پێنج ساڵەی داڕشتووە و تاوەکو ساڵی 2019 دەخایەنێ.

د.ئەنوەر عومەر دەڵێت "بۆ جێبەجێکردنی ئەم پلانە پێویستمان بە سێ ملیار و 300 ملیۆن دۆلارە، ئەگەر حکومەت ساڵانە 600 ملیۆن دۆلارمان بۆ دابین بکات. لە ماوەی سێ ساڵدا دەتوانین لە زۆربەی بەرهەمە سەرەکییەکان بگەینە ئاستی خۆبژێوی و بەرهەمیش هەناردە بکەین".

سەرەڕای ئەو بودجە کەمەی لە ساڵانی ڕابردوودا بۆ گەشەپێدانی کەرتی کشتوکاڵ تەرخان کراوە، وەزارەتی کشتوکاڵ توانیویەتی لە (گەنم، پەتاتە و هێلکە) بگاتە ئاستی خۆبژێوی و هەناردەشیان بکات.

د.ئەنوەر دەڵێت "لەپلانماندایە گەشە بە بەرهەمهێنانی تەماتە و پیازیش بدەین، ئەگەر بودجەی پێویستمان بۆ دابین بکرێت لەماوەی سێ ساڵدا دەتوانین پێداویستی ناوخۆ لە بەرهەمەکانی وەک (هەنار، ترێ، سێو و خۆخ) دابین بکەین و بەشێکیش هەناردە بکەین".

### بەرهەم زۆر بووە و هاوردەش بەردەوامە

هەرچەندە بەرپرسانی وەزارەتی کشتوکاڵ دەڵێن کەرتەکەیان گەشەی کردووە، بەڵام هێشتا بڕێکی زۆر خۆراک لە دەرەوە هاوردە دەکرێن.

د.ئەنوەر دەڵێت "بە لەبەرچاوگرتنی سێ هۆکار پێویستە حکومەت بودجەی زیاتر بۆ کەرتی کشتوکاڵ دابین بکات، چونکە لەڕێگەی ئەم کەرتەوە دەتوانرێت ئاسایشی خۆراک دابین بکرێت و هاوردە کەمبکرێتەوە و پارەی وڵات نەچێتە دەرەوە، لەهەمانکاتیشدا دەبێتە سەرچاوەیەکی دیکەی داهات و هەلی کار بۆ هاووڵاتیان".

ئەو بەرپرسەی وەزارەتی کشتوکاڵ، نموونە بەهاوردەکردنی بەرهەمە خۆراکییەکانی 4 مانگی ڕابردوو دەهێنێتەوە و دەڵێت "تەنیا لە 15ی نیسان تاوەکو 15ی ئابی ئەمساڵ بە بەهای زیاتر لە 200 ملیار دینار بەرهەمی خۆراکی وەک سەوزە، میوە، هێلکە و مریشک هاوردەکراوە. ئەگەر بودجەی پێویست بۆ کەرتی کشتوکاڵ تەرخان بکرێ، پێویستمان بەم هاوردەیە نەدەبوو، ئەو پارەیەش نەدەچووە دەرەوە".

### 10%ی داهاتی نەتەوەیی

بۆ گەشەپێدان و زیادکردنی بەرهەمی خۆماڵی، زۆربەی وڵاتانی جیهان زیاتر لە 10%ی بودجەکەیان بۆ کەرتی کشتوکاڵ تەرخان دەکەن، بەڵام لە کوردستان ئەو بودجەیەی بۆ ئەو کەرتە تەرخان دەکرێت تاوەکو ئێستا لە 1.8%ی بودجەی گشتی تێنەپەڕیوە.

د.ئەنوەر عومەر دەڵێت "ئێمە بەدابینکردنی کەمتر لە 1.8%ی بودجە، توانیومانە بەڕێژەی 10% بەشداربین لە داهاتی نەتەوەیی، ئەگەر حکومەت 10%ی بودجەی گشتیمان بۆ دابین بکات، دڵنیام دەتوانین بەڕێژەی زیاتر لە 40% بەشدار بین لە داهاتی نەتەوەیی".

### "100 ملیار دۆلار لە شتی بێ بەرهەم خەرجکراوە"

د.سەباح سابیر خۆشناو، مامۆستا لە کۆلێژی کارگێڕی و ئابووریی زانکۆی سەلاحەدین، پێیوایە یەکێک لە پایە و پێگە ئابوورییە بەهێزەکانی زۆربەی وڵاتان بریتییە لە کەرتی کشتوکاڵ، چونکە ئەم کەرتە جگە لەوەی بەشدارە لە دابینکردنی داهاتی نەتەوەیی، ئاسایشی خۆراک فەراهەم دەکات، بەو هۆیەشەوە ئاسایشی ئابووری و نەتەوەیی بەهێز دەبێت".

بەبڕوای ئەو مامۆستایە ئەگەر هەرێمی کوردستان بیەوێت هەنگاو بۆ ئامانجی ستراتیژی وەک بوون بەدەوڵەت و سەقامگیری و سەربەخۆیی ئابووری بنێت، دەبێت سەرەتا لە کەرتی کشتوکاڵەوە دەستپێبکات، چونکە وەک ئەو دەڵێت "لە ئەگەری هەر گەمارۆیەکی ئابووریدا، دەتوانێ لەسەر پێی خۆی بوەستێ".

د.سەباح کە پسپۆڕییەکەی دارایی گشتییە، چەندین لێکۆڵینەوەی لەبارەی دارایی گشتیی هەرێمی کوردستان کردووە، دەڵێت "دەرکەوتووە ئەو بودجەیەی بۆ کەرتی کشتوکاڵ دابین کراوە، تاوەکو ئێستا نەگەیشتووەتە 2%ی بودجەی گشتی، ئەمەش بەڵگەی ئەوەیە کە حکومەت ستراتیژێکی ڕوونی نەبووە بۆ پەرەپێدانی کەرتی کشتوکاڵ".

بە گوتەی ئەو مامۆستایە، لە 10 ساڵی ڕابردوودا 100 ملیار دۆلار هاتووەتە هەرێمی کوردستانەوە، بەڵام بەهۆی نەبوونی پلانەوە نەتوانراوە ئەم داهاتە ئاراستەی کەرتە ڕاستەقینەکانی وەک کشتوکاڵ و پیشەسازی بکرێت و "لەشتی بێ بنەما و بێ بەرهەمدا خەرج کرا".

### چاوەڕێی بینینی سەرۆکی حکومەتن

غەریب مستەفا پێنجوێنی، جێگری لێژنەی کشتوکاڵ و ئاودێری لە پەرلەمانی کوردستان دەڵێت "دابینکردنی ئەو بودجە کەمە لە ساڵانی ڕابردوودا بۆ وەزارەتی کشتوکاڵ نیشانەی ئەوەیە کە بەرپرسانی حکومەت خەمی بەرەوپێشبردنی ئەو کەرتەیان نەبووە". گوتیشی "لێژنەکەمان هەشت مانگە هەوڵ دەدات سەرۆکی حکومەت ببینێ، بەڵام تاوەکو ئێستا کاتێکی بۆ بینینمان دیاری نەکردووە، دەمانەوێ پێی بڵێین بەم بودجە کەمە کەرتی کشتوکاڵ پێشناکەوێت".

د.ئەنوەر، دڵنیایە ئەگەر حکومەت بودجەی پێویستیان بۆ دابین بکات، جارێکی دیکە هەرێمی کوردستان دەبێتەوە سەبەتەی بەرهەمە کشتوکاڵییەکان بۆ تەواوی عێراق، گوتیشی "ئەگەر حکومەتی بەقەد نیوەی ئەو گرنگییەی بەکەرتی نەوت داوە، بەکشتوکاڵی بدایە، پێویستمان بە هاوردەکردنی خۆراک نەدەما و لە قەیرانی داراییش بەدوور دەبووین".



(فۆتۆ: فەرزین حەسەن)



# زێڕنگرانی سلێمانی زێڕ لە ئیتاڵیاوە دەهێنن

**پشتیوان جەمال**
**ڕووداو- سلێمانی**

زێڕنگەرانی سلێمانی نایانەوێت تا سەر زێڕی دەستی دووی ئیتالی لە بازرگانانی ئیماراتی بکڕنەوە و بیهێننە بازاڕەکانی کوردستان، بەڵکو دەیانەوێت خۆیان بچنە ئیتالیا و ڕاستەوخۆ زێڕ لەوێوە بهێنن. ئەمەش هەم قازانجی بۆ ئەوان زیاترە، هەمیش دەتوانن خواستی کڕیارەکانیان بێننەدی.

سەرچاوەکانی هاتنی زێڕ بۆ هەرێمی کوردستان، تورکیا و ئیماراتن، بەڵام بازرگانانی زێڕ بەنیازن ڕاستەوخۆ زێڕ لە ئیتاڵیاوە بۆ هەرێمی کوردستان بهێنن و ژووری بازرگانیی سلێمانیش کارئاسانی بۆ کردوون.

بورهان عەلی، ئەندامی ئەنجوومەنی ژووری بازرگانی و پیشەسازی لە سلێمانی بە (ڕووداو)ی گوت "پێشتر لە ئیتاڵیا لەگەڵ ژمارەیەک بازرگانی ئیتالی لە بواری زێڕدا بۆ دروستکردنی پەیوەندی لەگەڵ بازرگانانی سلێمانی گفتوگۆمان کردووە و ئێستاش سەرقاڵی کۆکردنەوەی ژمارەیەک بازرگانی سلێمانین تا لەڕێگەی ژووری بازرگانییەوە بیاننێرن بۆ ئیتاڵیا و کۆنفرانسێک بۆ ئەم مەبەستە ساز بکەن".

بورهان عەلی باسی سوودەکانی ڕاستەوخۆ هاوردەکردنی زێڕی ئیتالی بۆ کوردستان دەکات و دەڵێت "کاریگەری لەسەر نرخی زێڕ دەبێت، جگە لەوەش لە دوبەی نقێم و نەخشی زۆر لە ئاڵتوون دەدەن و ئەوەش لەسەر گیرفانی هاووڵاتیان گران دەبێت".

زێڕنگەرانی سلێمانی دڵخۆشن بە دروستکردنی ئەو پەیوەندییە کە تاڕادەیەک ببێتە هۆی هەرزانبوونی نرخی زێڕ. هیوا حاجی ڕەحیم کە لەلایەن ژووری بازرگانی و پیشەسازیی سلێمانی بە یاوەریی چەند زێڕینگەرێکی دیکە ڕاسپێردراوە بۆ ئەوەی سەردانی ئیتاڵیا بکات، ڕوونیکردەوە کە هەموو هاوردەیەک ئەگەر لە شوێنی سەرەکییەوە بهێنرێت ئەوا لە زۆر ڕووەوە قازانجی زیاترە بۆ دانیشتووانی هەرێمی کوردستان.

هیوا حاجی ڕەحیم، لایەنە باشەکانی هاوردەکردنی زێڕی لە ئیتاڵیاوە خستەڕوو کە یەکێکیان ئەوەیە دەتوانن بە خواستی هاووڵاتیانی کوردستان زێڕ بهێنن، بەڵام بۆ هاوردەکردنی لە دوبەیەوە، ئیتاڵیا لەسەر خواستی بازرگانانی دوبەی زێڕەکە دروست دەکات.

هیوا نموونەیەکی هێنایەوە و گوتی "بۆ نموونە بازرگانانی دوبەی حەزیان لە زێڕی سپییە، چونکە خەڵکانی خۆیان و بیانییەکانیش لەو جۆرەیان دەوێ، بەڵام خەڵکی ئێمە حەزیان لێی نییە".

وەک هیوا گوتی، تەنانەت لە نرخەکانیشدا هاوردەکردنی زێڕ لە ئیتاڵیا و دوبەی جیاوازی هەیە "لە ئیتاڵیا دەستهەقی گرامێک زێڕ دۆلارێک تاوەکو دۆلارێک و نیوە، بەڵام ئێمە لە دوبەی بە دوو دۆلار و بیست سەنت دەیکڕین، واتە لە هەر گرامێک 70 سەنتی زیاترە. هەرچەندە ناتوانرێت نرخی زێڕ دیاری بکرێت، چونکە ڕۆژانە دەگۆڕێت، بەڵام بە گشتی هاوردەکردنی زێڕ بەشێوەی ڕاستەوخۆ بۆ هەر مسقاڵێک پێنج دۆلاری کەمترە لەوەی لە دوبەیەوە بیهێنین، جگە لەوەش ئەو زرگۆنەی تێیدایە لە ئیتاڵیا لێی دەردەکەن، بەڵام لە دوبەی پێوەی دەکێشن و ناچاریشین هەر بیکڕین".

بەپێی ئاماری بەڕێوەبەرایەتی کۆنترۆڵی جۆریی خشڵ، لەساڵی 2013 دا بڕی 115 تۆن زێڕ لەڕێگەی هەردوو فڕۆکەخانەی نێودەوڵەتی هەولێر و سلێمانییەوە لە دوبەی و تورکیاوە هاوردە کراوە، بەڵام ساڵی ڕابردوو بڕی زێڕی هاوردەکراو بۆ 77 تۆن و 736 کیلۆگرام دابەزی. لە شەش مانگی یەکەمی ئەمساڵیشدا نزیکەی 25 تۆن هاوردەکراوە، ئەم بڕەش بە بەراورد بەساڵی ڕابردوو بەڕێژەی 33% کەمی کردووە.

مەحموود محەممەد کە یەکێکی دیکەیە لە زێڕنگەرانی سلێمانی، پشتگیری لە هەنگاوێکی لەو شێوەیە کرد، چونکە لەو کاتەدا لەسەر خواستی خۆیان ئاڵتوون دەهێنن و گوتی "ئێستا جگە لەوەی دوبەی خۆیشی زێڕ دروست دەکات، زێڕی ئیتاڵیا و تورکیاش هەر لە دوبەی کۆدەبنەوە، بەڵام بێگومان ئەگەر لە ئیتاڵیاوە ڕاستەوخۆ بێت کەمتر دەکەوێت".

وەک ئەو زێڕنگەرە باسیکرد، زێڕی ئەو وڵاتانە بە گشتی باشن، بەڵام مۆدێلەکانیان جیاوازییان هەیە "بۆ نموونە مۆدێلی تورکی زیاتر لە ئێمەوە نزیکترە، بەڵام نرخی لە هەموویان گرانترە".

هەرچەندە بازرگانان و زێڕنگەران لەئێستاوە چاوەڕێن کە بە هاوردەی ڕاستەوخۆی زێڕ، نرخەکەی کەمێک هەرزانتر ببێت، بەڵام شارەزایانی ئابووری قسەیەکی جیاواز دەکەن.

حەمەرەئوف سەعید، پرۆفیسۆری ئابووری دەڵێت زێڕ ماددەیەکی بچووکە و تێچووی گواستنەوەشی زۆر کەمە و بەخێراییش دەگات، نرخەکەشی لەسەر ئاستی جیهانی دیاری دەکرێت، بۆیە تێچووی گواستنەوەکەی کاریگەری زۆری بۆ سەر نرخەکەی نییە، بەڵام ڕەنگە هاوردەکردنی بەشێوەی ڕاستەوخۆ تاڕادەیەک باشتر بێت.

سەبارەت بەوەی کە پێشبینی دەکرێت لە کاتی هاوردەی ڕاستەوخۆ، پێنج دۆلار لە هەر مسقاڵێک کەمتر ببێتەوە، ناوبراو گوتی "بەڵێ، پێنج دۆلار لەڕووی بازرگانییەوە زۆرە، بۆ هەرێمی کوردستانیش هەمیشە زێڕ خواستی زۆری لەسەرە".



(فۆتۆ: فەرزین حەسەن)

### جیاوازی هاوردەکردنی زێڕ لە ئیتاڵیا و دوبەی:

**لە ئیتاڵیا:**

- بۆ هەر گرامێک دەستحەق 1- 1.5 دۆلار وەردەگرن
- هەر میسقاڵێک 5 دۆلار هەرزانتر دەکەوێت
- زێڕەکە لەسەر داوای زێڕنگەرانی کوردستان دروست دەکرێت
- زێڕەکە بەبێ زەرگۆن دەکێشرێت

**لە دوبەی:**

- بۆ هەر گرامێک دەستحەق 2.2 دۆلار وەردەگرن
- زێڕەکە لەسەر خواستی زێڕنگەرانی دوبەی دروستکراوە
- خەڵکی دوبەی حەز لە زێڕی سپی دەکەن
- لە دوبەی نقێمی زۆر بەزێڕەکەوە دەخرێت و بە زێڕیش دەفرۆشرێ

## لە نەمسا بە گۆرانی پێشوازی لە کۆچبەران دەکرێت



**رووداو- هەولێر**

کارزان ئەحمەد کە پەنارێکی کوردە لە نەمسا بە (رووداو)ی راگەیاند نەمساییەکان لە سەنتەری شاری لینز-ەوە، بە گۆرانی عەرەبی پێشوازی لە کۆچبەران دەکەن. لە شاری لینز، بە چەندین زمان لە تێویشیاندا بە کوردی و عەرەبی بەخێرهاتن لە کۆچبەران دەکرێ. رۆژنامەی هۆیتێ نەمسایی بڵاویکردووەتەوە، کە تەنیا رۆژی شەشی ئەیلوول 7500 کۆچبەر لە هەنگارییاوە گەیشتوونەتە نەمسا، لەو ژمارەیەش تەنیا 22 کۆچبەر داوای مافی پەنابەرێتییان لە نەمسا کردووە، ئەوانی دیکە دەیانەوێت بەرەو وڵاتی دیکەی ئەورووپا کۆچ بکەن.

رووداو
تاراوگە
ژمارە (374) دووشەممە 2015/9/7

# لە ستۆکهۆڵم هەندێ گەڕەک لە سویدی قەدەغەن



## چالاکڤانێکی سویدی:
## بیانییەکان ویلایەتێکی بچووکی نیمچە ئیسلامییان لە ستۆکهۆڵم دروستکردووە

**رووداو- ستۆکهۆڵم**

رەنگە پێویستت بە پرسیارکردن نەبێت بۆ دۆزینەوەی گەڕەکێکی تاراوگەنشین لە سوێد، لە هەر شوێنێک گەڕەکێکی پیس و پۆخڵت بینی، ئەوە بە دڵنیاییەوە گەڕەکی تاراوگەنشینانە.

فڕێدانی پاشماوە لە شوێنی گشتی و پیسیی تەنەکەخۆڵەکان، سیمای گەڕەکە بیانییەکانە. ئەو گەڕەکانە بەوەش جیادەکرێنەوە کە دانیشتووانەکەی خەرجیی بەکارهێنانی تەلەفزیۆن نادەن.

تێنستا، ئاکالا، هیوسبی و رێنکەبی لەو ناوچە ناسراوانەی شاری ستۆکهۆڵمی پایتەختی سویدن کە کەمترین قژ زەردی سوێدی لێ دەبینرێت و زۆربەی دانیشووانەکەی سەرڕەشن، واتە بیانین. بۆیە سویدییە رەسەنەکان و ئەوانەی خۆیان لە کلاسێکی بەرزتر دەبینن، بە ئەستەم باس لە باکووری ستۆکهۆڵم دەکەن و بگرە لێشی دووردەکەونەوە.

ئەم کێشانە هەموو پەنابەران و تاراوگەنشینانی ئەو وڵاتە دروستیان کردووە. هەرچەندە کورد لە سەرڕەشە سەلامەتەکانن، بەڵام ئەوانیش لەگەڵ تەنەکەی خۆڵ و دانی پارەی تەلەڤزیۆنیان کێشەیان هەیە.

جەبار ئەحمەد، لە کۆمپانیای بریکاری ئەو بوارە کار دەکات و رەخنە لە بیانییەکان دەگرێت کە پارەی تەلەڤزیۆن نادەن.

لە سوێد هەر ماڵێک تەلەفزیۆن بەکاربهێنێ، دەبێت لە بەرامبەردا مانگانە بڕە پارەیەک بدات. پارەکەش بەپێی گەڕەک دەگۆڕێت، بەڵام لە 45 دۆلار تێناپەڕێت.

جەبار دەڵێت "کەناڵە حکومی و نیمچە حکومییەکان بەخۆڕایین. ئەو پارەیەشی وەردەگیرێت، بەشێکی بۆ پاڵپشتیی ژینگەیە، وەک قەرەبووی بەکارهێنانی ئامێری کارەبایی".

رێسای پشکنینی بەکارهێنانی تەلەڤزیۆن لەلایەن تیمی کۆمپانیاکانەوە کە کۆمۆنی ناوچەکان سەرپەرشتیی دەکات، لەرێگەی گەڕان و سەردانی ماڵەکان و کۆنترۆڵی ماڵە، بۆ ئەوەی بزانن تەلەفزیۆنیان هەیە یان نا. جەبار دەڵێت "ماڵە بیانییەکان، کاتێک دەزانن ئێمەین، دەرگا ناکەنەوە".

نەکردنەوەی دەرگا لە کەسی نەناسراو، بووەتە عادەتی بیانی و تاراوگەنشینان، بۆیە ئێستا کۆمۆنەکان خەڵکی بیانی ناوچەکە دادەمەزرێنن، تا زانیاری زیاتر بەدەستهبێنن. جەبار گوتی "بەهۆی زۆریی کورد و عەرەب لەم ناوچەیە، من دامەزرێنراوم".

### "هاتنە ژوورەوە بۆ سویدی قەدەغەیە"

نووسینی سەر دیوارەکانی دوو لە گەڕەکە دیارەکانی باکووری ستۆکهۆڵم "سویدییەکان کافرن و بۆیان نییە بێنە ژوورەوە"، پۆلیسی شارەکەی تووشی شۆک کرد. ئەمە دوای زنجیرەیەک کاری تێکدەرانە هات دژ بە رێکلامەکانی مەی خواردنەوە و ئەو رێکلامانەی کە وێنەی کچانی نیمچە رووتیان تێدایە.

چالاکڤانێکی سویدی دەڵێت: "من هیچ کاتێک داکۆکی لە بزووتنەوەی نەژادپەرستی ناکەم، بەڵام هیچ کەسێکیش مافی ئەوەی نییە بیروباوەڕی وڵاتی پێشووی بسەپێنێ".

ریهانا ئەندرسۆن کە لە رێکخراوێکی بواری گونجاندنی بیانییەکان کار دەکات، درێژە بە قسەکانی دەدات و دەڵێت "کۆڵانێکی پیس، تێکەڵکردنی خۆڵ و پیسییەکان، جگە لە سەرئێشە بۆ کۆمۆن و بارگرانی چ سوودێکی دیکەی هەیە؟ چارەسەری کێشەی سویدییە بیانییەکان کەی بەوە دەکرێ شاشەی رێکلامەکان بشکێنن، چۆن ئەو مافە بە خۆتان دەدەن خەڵکانی دیکە بکەنە دەرەوە".

ئەو رووداوە لە هەردوو گەڕەکی رینکەبی و تێنستا روویداوە کە زۆربەی دانیشتووانەکەی عەرەب و سۆماڵین، کوردیش بە پلە سێ دێت. بەڵام سویدییەکان بە یەک چاو سەیری کورد و بیانییەکانی دیکە دەکەن.

چالاک رەئوف، دانیشتووی یەکێک لەو دوو گەڕەکە دەڵێت "زۆربەی کوردەکانی ئەم گەڕەکانەش تێکەڵی بەشێک لە کێشەکان بوون، چونکە زۆربەیان زیاد لە پێویست سەردانی مزگەوتەکان دەکەن".

ئەندرسۆن دەڵێت "بەداخەوە بیانییەکان ویلایەتێکی بچووکی نیمچە ئیسلامییان لە شارێکی وەک ستۆکهۆڵم دروستکردووە".

### زبڵدانەکان کێشەی گەورەن

یەکێک لە کێشە گەورەکانی کۆمپانیاکانی بواری کۆکردنەوەی زبڵ و پاشماوەکان، لەم جۆرە گەڕەکانەیە. تۆفیقە سوور، کەسایەتییەکی ناسراوی کورد لە سوید کە پشکێکی لە کۆمپانیایەکی کۆکردنەوەی زبڵ هەیە، گوتی "کەم لە کۆمپانیا سویدییەکان خۆیان لە قەرەی ئەم گەڕەکانە دەدەن".

لە نەریتی ژیانی کۆمەڵایەتی ئەورووپا و بەتایبەت سوید کە زیاتر لە وڵاتانی دیکە بایەخیان بۆ پرسەکانی ژینگە هەیە، شوێنی فڕێدانی کەلوپەل و شمەک و خۆراک و شووشە جیاکراوەتەوە. بەڵام تۆفیقە سوور دەڵێت "کورد و بیانییەکان، گوێ بەمە نادەن، ئەمەش کێشە بۆ کۆمپانیاکانی کۆکردنەوەی خاشاک دروست دەکات، بە جۆرێک خەرجی کۆکردنەوەی خاشاک لەو گەڕەکانە سێ هێندەی گەڕەکەکانی دیکەیە".

### تاکسی رەش و خواردنەوەی قاچاخ

یەکێک لە تایبەتمەندییەکانی ئەم گەڕەکانە، بوونی شوێنی فرۆشتنی جلوبەرگ و ئەو شتانەیە کە پەیوەندییان بە کولتووری ئیسلامییەوە هەیە، بۆ نموونە گۆشتی حەڵاڵ و حیجاب و پۆشاکی ئیسلامی لە پڕفرۆشترین شمەکەکانی ئەم گەڕەکانەن.

ئەحمەد تالب، دانیشتووی گەڕەکی هیوسبی و خەڵکی شاری عەممارەی عێراق دەڵێت "زۆربەی ئەو دوکانانەی ئەو شتانە دەفرۆشن لە نزیک مزگەوتەکانن". گوتیشی "لەگەڕەکی هیوسبی، شمەکی شیعەکان و لە رینکەبی نیقاب زیاتر دەفرۆشرێن".

بەڵام ئەوەی زۆر جێگەی شۆکە، بوونی ماددەی قاچاخ و خواردنەوە کهولییە قاچاخەکانە. ئەبو شەهاب کە لە یەکێک لەم دوکانانە خواردنەوەی ئەڵمانی و رووسی بە قاچاخ دەفرۆشێت، بە (رووداو)ی گوت "نرخەکەی زۆر لە نرخی بازاڕە فەرمییەکان هەرزانترە".

بەپێی سیستمی سوید، ئەم جۆرە بازرگانییە لە ئاست فرۆشتنی ماددە سڕکەرەکانە و سزای توندی هەیە، بەڵام شەهاب دەڵێت "نەک هەر کورد و عەرەب، بەڵکو ئێستا گەنجە سویدییەکانیش دێنە لامان". چالاک کە تاکە کوردی دانیشتووی گەڕەکی سۆماڵییەکانە، زانیارییەکی دیکەی لەبارەی دانیشتووانی ئەو گەڕەکانە ئاشکرا کرد و گوتی "ئێستا تاکسی رەش (قاچاخ) لەو گەڕەکانە هەیە و بازاڕی تاکسییە فەرمییەکانیان کز کردووە". چالاک گوتیشی "لەبەر ئەوەی فەرمی نین و هیچ باجێک و رسوماتێک نادەن، بۆیە نەفەر بە سێ قات و چوار قات هەرزانتر لە تاکسییەکان دەگوازنەوە".

## کۆچبەرانی نوێ کێشە بۆ پەناخوازانی سوێد دروست دەکەن

# سوێدییەکان داوای گۆڕینی سیاسەتی وەرگرتنی پەنابەر دەکەن



(فۆتۆ: AFP)

**رووداو — سوێد**

نەورۆز، کۆچبەرێکی کوردی دانیشتووی سوێدە و ماوەی 5 ساڵ چاوەڕێی وەرگرتنی مافی پەنابەری کرد، بەڵام مافی پەنابەرییان نەداوەتێ، ئەو ئێستا ناچارە تەنیا داوای مافی کارکردن لەو وڵاتە بکات، ئەویش دەبێ چوار ساڵی دیکە چاوەڕێ بکات تاوەکو ئەو مافە لە کاتییەوە دەبێتە هەمیشەیی.

نەورۆز خێزاندارە، بەڵام هاوژینەکەی لە کوردستانە و ناتوانێت بیبات بۆ لای خۆی. ئەو دەڵێت "دەبێ چوار ساڵی دیکە چاوەڕێ بکەم تاوەکو کارتی نشینگەکەم لە کاتی دەربچێت، ئەوکات مافی ئەوەم هەیە داوای هێنانی هاوژینەکەم بکەم". بەڵام بەپێی ئەو پرۆسەیەی بۆ هێنانی خێزان و کەسوکار لە سوێد هەیە، دەبێ دوای ئەوە شەش ساڵی دیکە چاوەڕێ بکات، ئینجا هاوژینەکەی دەتوانێت بێتە لای.

بەشێکی زۆر لەو کوردانەی لەماوەی 5 ساڵی رابردوودا روویان لە سوید کردووە، بەهۆی باشبوونی رەوشی کوردستان مافی پەنابەرێتییان نادرێتێ و ناچار پەنایان بۆ بەدەستهێنانی مافی کارکردن بردووە کە نەورۆز یەکێکە لەوانە.

هەرچەندە ئەو شەپۆلە کۆچەی وڵاتانی ئەورووپای گرتووەتەوە نەگەیشتووەتە سوێد، بەڵام بۆ زیاتر لە دوو ساڵە ئاوارەبوونی خەڵکانێکی زۆری سووریا و رۆژئاوای کوردستان کێشەی گەورەی بۆ پەنابەرانی سوید دروستکردووە کە دیارترینیان دابڕانی خێزانەکانە لە یەکدی.

بریار ئەنوەر بەشێوەیەکی یاسایی رووی لە سوید کردووە و زیاتر لە دوو ساڵە مافی پەنابەرێتی وەرگرتووە، بەڵام زیاتر لە ساڵێکە چاوەڕێی هاتنی هاوژینەکەی دەکات، ئەو دەڵێت "دەزگای کۆچ دەستی دەستیم پێدەکەن".

بەپێی سیستی مافی بەدەستهێنانی پەنابەرێتی لە وڵاتانی ئەورووپا، پەنابەر مافی هێنانی کەسوکاری هەیە. بەڵام ئەم پرۆسەیە لە سوید تەواو خاو بووەتەوە. بەپێی زانیارییەکانی (رووداو) لە دامەزراوەی کۆچی سوید زیاتر لە 900 کوردی پەنابەر کە خەڵکی باشووری کوردستانن، لە چاوەڕوانی هێنانی کەسوکاریاندان و دۆسیەکەیان راگیراوە.

مێریما بۆجیک کە بەرپرسێکی بەخشینی مافی پەنابەرێتیە لە دامەزراوەی کۆچی سوید، دەڵێت "تاوەکو ئێستا دۆسیەکانی ساڵی 2014 کاریان لەسەر دەکرێت، ئەویش بەهۆی زۆریی داواکاری هێنانی خێزان و کەسوکار".

بەپێی زانیارییەکانی بۆجیک، حکومەتی سوێد ساڵی رابردوو مافی پەنابەریی داوەتە 35 هەزار کەس کە زۆربەیان لە چاوەڕوانیی هێنانی کەسوکاردان.

خاویی پرۆسەی وەرگرتنی پەنابەر و بەتایبەت هێنانی کەسوکار بووەتە جێی رەخنەی چالاکڤانانی مافەکانی مرۆڤ، رۆژی شەممەی رابردوو ئەم پرسە یەکێک لە داخوازییەکانی خۆپیشاندانی پەنابەران بوو لە شاری ستۆکهۆڵم.

بەرپرسانی حکومی دەڵێن کێشەی کەمیی کارمەندیان هەیە و حکومەت توانای زیادکردنی نییە.

### تەلەڤزیۆن پارە کۆدەکاتەوە

وێڕای بەخشینی زیاتر لە 10 ملیۆن یۆرۆ بە حکومەتی سوێد بۆ بواری پەنابەران لەلایەن یەکێتی ئەورووپاوە، بەڵام دەوڵەت، بەتایبەت لەسەر ئاستی کۆمۆنەکان، کێشەی دارایی زۆری هەیە.

دامەزراوە میدیاییەکانی سوید گەورەترین هەڵمەتی کۆکردنەوەی پارەیان بۆ پەناخوازان راگەیاند و تاوەکو ئێستا زیاتر لە 6 ملیۆن کرۆن (نزیکەی ملیۆنێک یۆرۆ)یان کۆکردووەتەوە.

ماگنۆس گۆستافسۆن کە بەرپرسێکی باڵای دامەزراوەی کۆچە، شاڵاوی کۆچی بە لێشاو بە مەترسی ناو دەبات و دەڵێت "تاوەکو ئێستا سوودمان لە نەخۆشخانە و هۆتێل و باڵەخانە کۆنەکان وەرگرتووە و لەوێ کۆیاندەکەینەوە".

هەڵمەتی کۆکردنەوەی پارە لەلایەن دەزگای رادیۆ و تەلەڤزیۆنی سویدەوە کە تاوەکو ئێستا بەردەوامە، دوای ئەوە دێت کە پێشەنگیی سوید لە بواری باشیی گوزەرانی پەنابەران دەکەوێتە ژێر پرسیارەوە "یەکێک لە فاکتەکان، ئەو لێکترازانەیە کە لە نێوان خێزانەکان دروست دەبێت و هاوکاری نەکردنی دەوڵەتە لە هێنانی کەسوکار". مارگۆن سڤانسۆن چالاکی بواری پەنابەران و کارمەندی رێکخراوی سیدا، ئەمەی بە (رووداو) گوت.

### گریانەکەی ڤالسترۆم

دوای بڵاوبوونەوەی وێنەی تەرمی ئالان لە کەنار دەریایەکی تورکیا، لە بەرنامەیەکی تەلەڤزیۆنیی سویدیدا مارگۆت ڤالسترۆم وەزیری دەرەوەی سوید، خۆی پێ نەگیرا و گریا.

ئەم گەورە سیاسەتمەدارەی پارتی سۆسیال دیموکرات رەخنەیەکی زۆری لە وڵاتە ئیسلامی و عەرەبییەکان گرت و گوتی "مێدیاکانیان گۆرانی لێدەدەن، کاتێک هاووڵاتیەکانیان بەم شێوەیە دەمرن".

ڤالسترۆم زۆرترین کۆمێنتی رەخنەیی لەسەر رەوشی مافەکانی مرۆڤ بەتایبەت لە وڵاتە عەرەبییەکان لە کۆڕبەند و کۆبوونەوە جیهانییەکان هەبووە و چەندین جار کێشە لە پەیوەندییە دیبلۆماسییەکانی سوید و ئەو وڵاتانەدا دروست بووە.

وێڕای دەنگدانەوەی گریانەکەی ڤالسترۆم بۆ ئالان، بەڵام کوردی سوید زۆر تووڕە بوون. بەختیار جاف کە کوردێکی دانیشتووی سوێدە، دەڵێت "کێشەی سۆسیال دیموکراتەکان ئەوەیە بۆ مردنی کوردیش هەر بۆ عەرەب دەگرین. وەزیری دەرەوە لەو بەرنامەیەدا ئەوەندەی باسی عەرەب و کێشەی مرۆڤی عەرەبی کرد، ئەوەندە باسی ئالان و قوربانیانی رۆژئاوای نەکرد".

### دژە بیانی زیادیان کردووە

شەممەی رابردوو خەڵکانێکی زۆر روویان لە خۆپیشاندانەکەی ستۆکهۆڵم کرد و رەخنەیان لە دەوڵەت گرت کە وەک پێویست کاری جدی لەسەر ئەم کۆچە بەلێشاوەی ئاوارەکان بۆ ئەورووپا نەکردووە.

لەگەڵ زۆربوونی جوڵانی هەستی سویدییەکان بەرامبەر بە ئاوارەکان کە زۆرینەیان وێنەی ئالانی جوانەمەرگیان بەرز کردبووەوە، بەڵام رێژەی دژە بیانییەکان رووی لە زیادبوون کردووە. لێکۆڵینەوەیەکی رادیۆ و تەلەڤزیۆنی سوید (SVT) دەریخست کە رێژەی ئەوانەی دژ بە فراوانبوونی سیاسەتی وەرگرتنی پەنابەرن، بۆ 34% بەرزبووەتەوە و دەڵێن "با سوید رێژەی وەرگرتنی پەنابەران دابەزێنێ". هەر بەپێی لێکۆڵینەوەکە، یەک لەسەر سێی کۆمەڵگەی سوێد داوای گۆڕینی سیاسەت و یاسای پەنابەرێتی دەکەن.

## دەشنێ چرایەک دادەگیرسێنێ



**ڕێکەوت سەلام /ڕووداو- هەولێر**

کچە گۆرانیبێژی کورد دەشنێ موراد، بە هاوکاری گروپێک، کتێبخانەیەک بۆ منداڵە ئاوارەکانی کەمپی بەحرکە دەکاتەوە. دەشنێ موراد لەو بارەیەوە بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند "دڵخۆشم بەوەی کە توانیم بە هاوکاری گروپی (هۆبی) کە گروپێکی کەنەدییە لە کەمپی بەحرکە چرایەک دابگیرسێنن و کتێبخانەیەک بکەینەوە". دەشنێ موراد دەمێکە سەرقاڵی کۆکردنەوەی کتێبە و ناوبەناو کتێبخانەیەک بۆ منداڵان لە کەمپەکان و دەرەوەی کەمپی ئاوارەکان دەکاتەوە. دەشنێ موراد کە پێشتر پێشکاشکاری تەلەفزیۆنی بوو، دواتر ڕووی کردە گۆرانیگوتن، ئێستاش بە کاری مرۆییەوە سەرقاڵە.

# کورد دەبێتە بابەتی فیلمێکی هیندی

## ڤیڤیان دشین: زۆر خۆشحاڵ بووم کە ئەو بەشەی تایبەت بە کوردستانی بۆ زیاد کرا



پەیامنێری ڕووداو لەگەڵ ئەکتەری سەرەکی فیلمەکە قسە لەبارەی فیلمەکەوە دەکەن



**تەیار عادل گۆران**
**ڕووداو- هەولێر**

ئەکتەرانی بۆلیوود سەرقاڵی دروستکردنی فیلمێکن لەسەر ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست کە لە بەشێکیدا باسی کوردستانیش دەکات.

فیلمی مێنی ئاوارە هۆن "من ئاوارەی ئێرەم"، تاوەکو ئێستا 70%ی کارەکانی تەواو بووە و چاوەڕوان دەکرێت لە جەژنی سەری ساڵدا لە سینەماکانی هیندستان نمایش بکرێ.

ڕاهۆل باندرا، دەرهێنەری فیلمەکە باسی ناوەڕۆکی فیلمەکەی بۆ (ڕووداو) کرد و گوتی "بینەری بۆلیوود لە فیلمی ئەکشن و درامای دوور و قووڵ بێزار بووە، بۆیە ویستمان ئەمجارە کارێکی جیاواز بکەین، ئەویش مەسەلەی ئاینە لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، چونکە ئەمڕۆ ئاین بووەتە کێشەیەکی گەورە لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و بە سەدان هەزار خەڵک باجی ناکۆکی ئاینی و بیروباوەڕ دەدەن".

لە بەشێکی فیلمەکەدا، ڕاهۆل باندرا باسی کورد و کوردستان دەکات. باندرا لەوبارەیەوە گوتی "کاتێک هەواڵی تۆمارکردنی فیلمەکە بڵاوبووەوە، ڕۆژنامەنووسێکی کورد لە هەرێمی کوردستانەوە پەیوەندیی پێوەکردین و باسی پێکەوە ژیانی ئاینیی لە کوردستان بۆ کردین. منیش هەوڵم دا زۆرتر لەبارەی کوردەوە بزانم، بۆیە لە ئینتەرنێت بەدوای زانیاری لەبارەی کوردەوە گەڕام".

ڕاهۆل لەو گەڕانەدا زۆر شتی لەبارەی کوردەوە بۆ ڕوون دەبێتەوە و دەزانێت کە لە کوردستان پێکەوەژیانی ئاینی هەیە و موسڵمان و مەسیحی و ئێزدی و زەردەشتی پێکەوە دەژین و هیچ کێشەیان نییە، بەڵام کورد گەورەترین قوربانیی ناوچەکەیە و هێشتا لەژێر هەڕەشەی گەورەترین گرووپی ئیسلامیدایە کە ئەویش دەوڵەتی ئیسلامی لە عێراق و شام (داعش)ە.

ڕاهۆل باندرا گوتی "پاش ئەوەی زانیمان کە موسڵمان و کریستیان و ئێزدی و چەند ئاینێکی دیکە پێکەوە لە کوردستان بەبێ کێشە دەژین، ئەو بابەتە بۆ ئێمە مایەی تێڕامان بوو، ئەوە فیلمەکەی ئێمەی زیاتر دەوڵەمەند کرد".

ئەکتەری بەناوبانگی هیندی ڤیڤیان دشین کە لە کوردستان بە ئارکەی ناسراوە، ڕۆڵی سەرەکی لەو فیلمەدا دەگێڕێ. ڤیڤیان گوتی "کە سیناریۆی فیلمەکەم خوێندەوە، یەکسەر پەسەندم کرد". گوتیشی "کاتێک ئەو بەشەی تایبەت بە کوردستانی بۆ زیاد کرا، زۆر خۆشحاڵ بووم، چونکە ئاگادارم خەڵکێکی زۆر لە کوردستان منیان خۆشدەوێت و سەیری کارەکانم دەکەن".

ڤیڤیان بابەتی پێکەوە ژیانی ئاینی لەلا گرنگە، چونکە لە خێزانەکەی ئەویشدا ئەو پێکەوەژیانە هەیە و دەڵێت "باوکم کریستیانە و دایکم هیندۆسە، من نیوە کریستیان و نیوە هیندۆسم، هاوژینەکەشم هیندۆسە، ئاهەنگەکەشمان لە کڵێسا و مەندر (پەرستگای هیندۆسەکان) بەڕێوەبرد. بۆیە حەز دەکەم بەشداری لەو جۆرە فیلمانەدا بکەم".

## دەڵێت حەزم لە ناوبانگ نییە

# گەنجێکی کورد داوای گەورە هونەرمەندانی تورکیا ڕەتدەکاتەوە



**ڕێکەوت سەلام**
**ڕووداو- هەولێر**

لە نێو سەمونخانەیەکدا لە شاری هەولێر، ڕاوەستاوە و گۆرانییەکی هونەرمەند ئیبراهیم تاتلیسەس بۆ هاوڕێکانی دەڵێتەوە و ئەوانیش وێنەی ڤیدیۆیی دەگرن. کاروان لەو باوەڕەدا نەبووە کە ئەو گرتە ڤیدیۆییە بەوجۆرە دەیناسێنێ و دواتر هونەرمەندانی تورک داوەتنامەی بۆ دەنێرن.

کاروان ڕەشید عەبدوڵڵا، بەهۆی نزیکیی دەنگ و ئەدایەوە لە ئیبراهیم تاتلیسەس بە "کاروان تاتلیسەس" ناوبانگی دەرکردووە. تەمەنی 33 ساڵە و خەڵکی گوندی پیرداودی سەر بە قەزای مەخموورە. ئەو ئێستا هیچ کارێک ناکات و تەنیا جارجار ئاهەنگی تایبەت بۆ هاوڕێکانی دەکات.

کاروان باسی یەکەم دەرکەوتنی خۆی دەکات و دەڵێت "من لە ساڵی 2010 لە سەمونخانەیەک کارم دەکرد، هەر بۆ خۆشی گۆرانییەکی ئیبراهیم تاتلیسەسم بۆ هاوڕێکانم گوت، ئەوانیش وێنەیان گرت و بڵاویان کردەوە، دواتر خەڵکێکی زۆر دەستخۆشییان لێکردم و گوتیان دەنگت زۆر لە دەنگی ئیبراهیم تاتلیسەس دەچێت، ئێستاش خەڵک پێمدەڵێن کاروان تاتلیسەس.

بەڵام کاروان هەرگیز حەز ناکات وەک هونەرمەند بناسرێ و ناوبانگ پەیدا بکات. ئەو دەڵێت "کە ئەو ڤیدیۆیە بڵاوبووەوە، دەستخۆشی زۆرم لێکرا، بەڵام لەلایەن بنەماڵەکەمەوە سووکایەتی زۆرم پێکرا و تەنانەت گەیشتە ئاستی هەڕەشەش، بۆیە حەز ناکەم ببمە هونەرمەند".

هەرچەندە کاروان حەزی لە گۆرانیگوتن نییە، بەڵام زۆر کەس وازی لێناهێنن. کاروان دەڵێت "ئێستا هیچ کارێک ناکەم، جاربەجار ئاهەنگی تایبەت بۆ هاوڕێکانم دەکەم، هەندێکجاریش بەرپرسان بەدوامدا دەنێرن ئاهەنگیان بۆ دەکەم". کاروان زۆرترین پارە کە لە ئاهەنگەکان وەریگرتبێت 2000 هەزار دۆلار بووە.

بەدەم داوای هونەرمەندانی تورکەوە ناچێ

نێوبانگی کاروان سنووری کوردستان دەبڕێت و لە تورکیاش دەناسرێت. بەو هۆیەشەوە چەند هونەرمەندێکی تورک بانگهێشتی دەکەن، بەڵام ئەو ڕەتیدەکاتەوە و سەردانیان ناکات.

کاروان دەڵێت "هونەرمەند ئیبراهیم تاتلیسەس چەند جارێک بەدوایدا ناردووم، هەروەها هونەرمەندان مەحسون قرمزگول و جەیلان داوایان کرد سەردانیان بکەم، بەڵام من نەچووم".

کاروان هۆکاری ڕەتکردنەوەی داواکاری ئەو سێ هونەرمەندەی ڕوونکردەوە و گوتی "من حەز ناکەم بەناوبانگ بم. جگە لەوەش کەسوکارم ڕێگر بوون لەوەی سەردانی ئەو هونەرمەندانە بکەم".

ئەو دەڵێت "ئیبراهیم تاتلیسەس جارێکی دیکەش داوای کردووە سەردانی بکەم، بەڵام هێشتا بڕیارم نەداوە بچم یان نا".

خەونی کاروان، وەک بەشێک لە گەنجانی ئێستا ئەوەیە کۆچ بکات بۆ ئەورووپا. ئەو لە ساڵی 2010 جارێک هەوڵی داوە، بەڵام لە یۆنان دەستگیر کراوە و سنوورداش کراوەتەوە، بەڵام هێشتا سوورە لەسەر جێهێشتنی وڵات و دەڵێت "بەنیازم لە چەند ڕۆژی داهاتوودا بە یەکجاری کوردستان جێبهێڵم".

## هەڵوێست:

# بە ئەندازیاری پارە پەیدا دەکەم و لە گۆرانیدا خەرجی دەکەم

### دەمەوێت بە ستایلی خاو بناسرێم



لە سەرەتای ئەمساڵەوە ریکلامێکی کۆمپانیای ئاسیاسێڵ بۆ ئینەرنێتی 3G لە زۆربەی کەناڵەکاندا بڵاوکرایەوە. گۆرانیی ڕێکلامەکە دەنگدانەوەیەکی زۆری هەبوو، بەڵام نێوی گۆرانیبێژەکە دیار نەبوو، دواجار دەرکەوت ئەو گۆرانیبێژە هەڵوێست محەممەدە.

هەڵوێست حەزی لە خوێندنی ئەندازیاری نەبووە، بەڵام دواجار خوێندنەکە بە کەڵکی هات. ئەو دەڵێت بە ئەندازیاری پارە پەیدا دەکات و لە گۆرانیگوتندا خەرجی دەکاتەوە. هەڵوێست لەم هەڤپەیڤینەدا لەگەڵ (ڕووداو) باسی ژیانی هونەری و تایبەتیی خۆی دەکات.

هەڤپەیڤین: پشتیوان جەمال
ڕووداو- سلێمانی

**ڕووداو: حەزت لە هونەر بوو، بۆچی چوویتە کۆلێژی ئەندازیاری؟**

**هەڵوێست:** هەر لە منداڵییەوە حەزم لە کاری هونەری بووە. ساڵی 2002، یەکەم بەرهەمم کە گۆرانییەک بوو، بڵاوکردەوە. ئەوکات بەهۆی نمرەوە چوومە کۆلێژی ئەندازیاری، ئەگەر کۆلێژی موزیک هەبووایە بەدڵنیاییەوە میوزیکم دەخوێند.

**ڕووداو: خۆت حەزت لە کۆلێجی ئەندازیاری هەبوو؟**

**هەڵوێست:** سەرەتا زیاتر بۆ بڕوانامەکەم بوو، بەڵام دواتر هەستمکرد خۆشە، چونکە پێوەی ماندوو دەبیت. ئێستاش بەڕێوەبەری کۆمپانیایەکم لە سلێمانی.

**ڕووداو: کاتێک لە زانکۆ بوویت، بەردەوام بوویت لە میوزیک؟**

**هەڵوێست:** نەخێر. وازم هێنا، چونکە هیچ پاڵپشتییەکم نەبوو. دوای تەواوکردنی زانکۆ، لە ساڵی 2008 وەکو ئەندازیارێک بوومە بەڕێوەبەری کۆمپانیایەک، یەکەم مووچەشم کە وەرگرت لە تۆمارکردنی گۆرانییەکدا خەرجم کرد.

**ڕووداو: لە گۆرانیگوتندا ستایلێکی خاوت هەیە، خۆت حەزت لەو ستایلەیە؟**

**هەڵوێست:** خۆم وا هەڵکەوتووم کە حەزم لەو جۆرە ستایلەیە. ئەگەر ناخی خۆم وا بێت، ناکرێت لە کارکردندا بە پێچەوانەوە کار بکەم.

**ڕووداو: لە گۆرانییەکانتدا زیاتر ئامێری ڕۆژئاوایی بەکاردێنی، ئەوەش هەر پەیوەندی بە ستایلەکەتەوە هەیە؟**

**هەڵوێست:** بێگومان، چونکە کاتێک کاردەکەین ستایلەکە بڕیار لەسەر ئامێرەکان دەدات و منیش بە ستایلی پۆپ کار دەکەم کە پیانۆ و گیتارە.

**ڕووداو: خۆت ئاوازت بۆ هەندێک لە گۆرانییەکانت داناوە، ئاوازدانان قورس نییە؟**

**هەڵوێست:** بۆ ئاوازەکان کەم تا زۆر، بەڵام بەشێک لە ئاوازەکانیش لەلایەن ئافشین شوکری و عەلی شەریفزادەوە دادەنرێن.

**ڕووداو: زۆرترین ئیشت لەگەڵ ئەو دوو موزیسیانەیە، بۆچی؟**

**هەڵوێست:** یەکەمین کارم لەگەڵ ئەو موزیسیانە دەگەڕێتەوە بۆ ساڵی 2011 لە شاری مهاباد بەناوی "لە هەر کوێ بیت"، پاشان ئەوان هاتنە ئێرە و بۆ ماوەی سێ ساڵیشە پێکەوە ستۆدیۆیەکمان داناوە و کار دەکەین.

**ڕووداو: لە کلیپەکاندا جووڵەی زۆر دەکەیت، بۆچی؟**

**هەڵوێست:** خۆم حەز دەکەم وا بم، پاشانیش ئەگەر گۆرانیبێژ نەڕواتە ناخی گۆرانییەکەوە، بەرامبەر هەستی پێناکات و ناشبێت وەکو ڕۆبۆتێک بەرامبەر کامێرا بوەستی.

**ڕووداو: گۆرانی ریکلامەکەی ئاسیاسێڵ کە دەنگدانەوەی هەبوو، چۆن دروست بوو؟**

**هەڵوێست:** ئەو ئیشە وەکو پێشبڕکێیەک بوو کە توانیم تێیدا سەرکەوتوو بم، لە ستۆدیۆی خۆمان دروستمان کرد، بەڵام سەرەتا پێمخۆش نەبوو بڵاوبکرێتەوە، چونکە بە داخەوە تاوەکو ئێستا لە وڵاتی ئێمەدا ریکلام نەبووەتە پیشە، هەستم دەکرد گورزێک لە ئیشی هونەریم دەدات.

**ڕووداو: بەڵام بیرت لەوە نەکردبووەوە کە ڕەنگە ببێتە کارێکی باشیش بۆت؟**

**هەڵوێست:** لایەنە باشەکەی ئەوە بوو کە بە دڵی خەڵک بوو، بەڵام خۆم پێموابوو کە نابێت گۆرانی بۆ ڕێکلام بڵێم.

**ڕووداو: ماوەی تۆمارکردنەکەی چەندی پێچوو؟**

**هەڵوێست:** موزیکەکە فۆلکلۆرە و ئەفشین شوکری کردی بە کوردی و گوێم لێبوو، من بە 35 چرکە تۆمارم کرد.

**ڕووداو: ئێستا بەلاتەوە جوانە؟**

**هەڵوێست:** بەڵێ.

**ڕووداو: لەم کاتی قەیرانی داراییەدا زۆرجار دەڵێی مەجبوورم بەردەوام بم، بۆچی مەجبووریت؟**

**هەڵوێست:** لەبەرئەوەی دوای 15 ساڵی دیکە کە سەیری ئەرشیفی خۆم دەکەمەوە، ناکرێت بڵێم لەو ماوەیەدا بەهۆی قەیرانی داراییەوە بەرهەمم نەبووە، دەکرێت ئەو قەیرانە ڕوو لە خۆم بکات نەک بەرهەمەکەم.

**ڕووداو: ئەی چۆن پارە بۆ کارەکانت پەیدا دەکەی؟**

**هەڵوێست:** بە ئەندازیاری پارە پەیدا دەکەم و لە هونەردا خەرجی دەکەمەوە.



### شەش مانگە لە هاوژینەکەم جیابوومەتەوە

**ڕووداو: دەگوترێ لەگەڵ هاوژینەکەت جیابوونەتەوە، ڕاستە؟**

**هەڵوێست:** بەڵێ ماوەی ساڵ و نیوێک بە یەکەوە بووین و شەش مانگیشە جیابووینەتەوە.

**ڕووداو: ئەوەندەی هەستمان پێکردووە زۆر لای خەڵک نەناسراوی، بۆچی؟**

**هەڵوێست:** ئەگەر بمەوێت لە ماوەی مانگێکدا دەتوانم بناسرێم، گرنگ ناسین نییە، چونکە زۆر هونەرمەند هەن دەیانناسم، بەڵام هیچ کاتێک کاژێر 12ی شەو گوێم لێی نەگرتووە.



محەممەد عیزەددین

## زەبری قاچاخچییە عەرەبەکان

لە ئیستانبوڵەوە بەرەو ئیزمیر بەڕێکەوتین بۆ ڕوومالی کۆچی کۆچبەران. لە کەناراوەکانی دەریای ئیجە بۆ دوورگەکانی یۆنان، ئەو کۆچەی وەک کۆچبەران دەڵێن ڕزگاربوونە لە دۆزەخ، نەک گەڕان بەدوای بەهەشتدا، دۆخێکی ناهەموار و تراژیدیام بینی، بە سەدان کۆچبەر لە شەقامەکانی ئیزمیر، لە چاوەڕوانیی قاچاخچییەکاندا لەسەر شەقام و پارکەکان خەو دەیانباتەوە، بەهۆی ناهەمواریی دۆخەکەش ئیدی کارەکە بەنهێنی نەماوەتەوە، بەڵکو لە ناوچەی باسمانە لە ئیزمیر ئێلەگ و چوپی مەلە بۆ خۆرزگارکردن لە خنکان لە ئەگەری ڕوودانی ڕووداوێک لەناو دەریا، بە ئاشکرا دەفرۆشرێ.
چەند شەوێک دواتر خۆمان گەیاندە خاڵەکانی پەڕینەوە بەرەو دوورگەکانی یۆنان، ئەو شوێنەی قاچاخچییەکان کۆچبەران سواری بۆتە لاستیکییەکان دەکەن و پێیان دەڵێن: "ڕاست برۆن ئەو ڕووناکیانەی بەرامبەرتان یۆنانە". ئیدی ئەوانیش خۆیان ڕادەستی قەدەری شەپۆلەکانی دەریا و تاریکیی شەو دەکەن. ئەو شەوەی لە بۆدرومەوە دەمانویست لەگەڵ کۆچبەران بین تاوەکو سواری بۆتەکانیان دەبن و دەپەڕنەوە، چەندین خێزانی کورد و عەرەبم بینی کە منداڵ و ئافرەت و بەساڵاچوویان لەگەڵدا بوو. ئومێد و ترس بە ئاشکرا لە ڕوویاندا دەبینرا. ئێمە دەمانویست بە نهێنی وێنەی مامەڵەکردنیان لەگەڵ قاچاخچییەکاندا بگرین. لە پڕ لە دواوە زەبرێکی بە هێز بەر پشتم کەوت، تۆزێک گێژ بووم و ئاوڕم دایەوە، سەیرم کرد یەکێکیش لە هاوکارە وێنەگرەکەمی دابوو، بە عەرەبی پێیانگوتین "ئەگەر ئێستا نەڕۆن ڕۆژێکی دیکە نابیننەوە". زانیم ئەوە قاچاخچییەکانن و لەوە دەترسن شوێنەکانیان ئاشکرا ببێ و پۆلیس دەستگیریان بکات، بەڵام لای ئەوان گوتم باش و دواتریش لە شوێنێکی دیکەوە دوای ئەوەی خۆمان لەوان ون کرد، دەستمان بە وێنەگرتن کردەوە. دواتر چووینە ئەو شوێنەی کە نەمدەزانی چەند شەوێکی دیکە تراژیدیایەکی گەورەی لێ ڕوودەدات.
دوو ڕۆژ دوای ئەو شەوە وێنەی ئالانم بینی کە لەکەنار دەریا بە خنکاوی دۆزرابووەوە، لە شوێنەکە ورد بوومەوە، بینیم هەمان شوێنە کە من چەند شەوێک پێشووتر بۆ دروستکردنی ڕاپۆرتێک تا بەرەبەیان لەوێ بووم. ئەو شەوە لەکەنار دەریا سەیری دوورگەکانی یۆنانم دەکرد، دەریای ئیجە شەپۆلەکانی ئارام نەدەبوونەوە، تاریکایی شەویش بە قووڵایی دەریادا ڕۆچووبوو، لەسەر زیخی کەنار دەریاکە یاریی منداڵان و تۆقەی ئافرەتان و پێڵاوی بەجێماوی کۆچبەرانم بینی.
دوای بڵاوبوونەوەی وێنەی ئالان و ئەو 11 کەسەی دیکە کە لە دوو بۆتی جیاوازدا خنکابوون، لە ئیزمیرەوە بەپەلە خۆمان گەیاندە نەخۆشخانەی بۆدرومی حکومی، بەڵام بەهۆی ڕێکاری پزیشکی، تەرمی ئالان و 11 کۆچبەرەکەی دیکەیان گواستبووەوە بۆ دادپزیشکی مۆڵا، دوای نزیکەی دوو کاژێر لە ڕێکردن گەیشتینە شوێنی مەبەست، بەڵام ئالان لەگەڵ غالبی برای و دایکیان نێردرابوون بۆ فڕۆکەخانەی دالمان، تاوەکو بنێردرێنەوە بۆ زێدی خۆیان لە کۆبانێ. بە داخەوە نە بەزیندوویی و نە بە مردوویی نەمتوانی ئالان ببینم.

هێڤیدار زانا، بێژەری هەواڵی کرمانجی لە تەلەڤزیۆنی ڕووداو:

# نامەوێ بە سەردانیش بچمەوە ئەورووپا

لەگەڵ دلبخوین دارای هاوژینی ئێستا لە ڕووداو پێکەوە کار دەکەن، هێڤیدار زانا پێشتر لە دیمەشق لەلای عەبدوڵڵا ئۆجەلان، ڕێبەری بەندکراوی پەکەکە کاری هەڵەچنیی کردووە. بەهۆی سەردانێکی دلبخوین دارا بۆ ئەوێ یەکدییان ناسیوەو دواتر بەیەکەوە بۆ کارکردن لە تەلەڤزیۆنی مەد تیڤی و میدیا تیڤی چوونەتە بەلجیکا و دواتریش بوونەتە هاوژین، ئێستا خاوەنی منداڵێکن بەناوی ڕۆبین کە تەمەنی هەشت ساڵە. هێڤیدار زانا لە هەڤپەیڤینێکدا لەگەڵ هەفتەنامەی (ڕووداو) باسی زۆر لایەنی ژیانی خۆی دەکات.

دەرباز یونس
ڕووداو- هەولێر



● ئێستاش ماڵباتەکەم لایەنگری پەکەکەن

● بە شەش مانگ فێری زمانی ئیسپانی بووم

### یەکەم ژنە بێژەری کرمانجیم

**ڕووداو: تۆ لە ساڵی 1995 چوویتە بەلجیکا و بوویتە بێژەری هەواڵ لە مەد تیڤی کە کەناڵێکی سەر بە پەکەکە بوو، تۆیان لە دیمەشقەوە بۆ ئەوێ نارد، بۆچی تۆیان هەڵبژارد؟**

**هێڤیدار زانا:** من ئەو کاتە کوردییەکی باشم دەزانی، ئەو کاتەش زۆر سەخت بوو کەسێک بدۆزیتەوە لە باکوور کە کوردیی باش بێت، بۆیە منیان هەڵبژارد، ئەوکاتە من یەکەم بێژەری ئافرەت بووم لەناو هەموو کورد کە بە شێوەزاری کرمانجی هەواڵم پێشکەش دەکرد.

**ڕووداو: دوای ئەو هەموو ساڵە بۆچی وازت لە پەکەکە هێنا؟**

**هێڤیدار زانا:** زۆر شت بە دڵی من نەبوو، ئەو کاتەی من چوومە نێو پەکەکە بۆ ئامانجێکی دیاریکراو چووم، هەستم دەکرد کەم کەم ئەم ئامانجە نامێنێ، بۆیە پێم باشتر بوو کە بوەستم و واز بێنم، من بۆ دروشمێکی مەزن و گەورە چووم کە سەربەخۆیی هەر چوار پارچەی کوردستان بوو، بەڵام پەکەکە لەم ئامانجە دوورکەوتەوە.

**ڕووداو: ئەو کاتەی جیابوویتەوە لە پەکەکە، کێشە بۆ دایک و باوکت و خێزانەکەت دروست نەبوو؟**

**هێڤیدار زانا:** نەخێر، چونکە ئەوان لایەنگری پەکەکە بوون، ئێستاش هەر لایەنگرن.

**ڕووداو: زانیاریم هەیە تۆ ماوەیەک چوویتە ئەمریکای لاتین، لە کامە وڵات بوویت؟**

**هێڤیدار زانا:** من دوای جیابوونەوەم لە پەکەکە داوای مافی پەنابەرێتیم لە هۆڵەندا کرد، دواتر بەهۆی چەند کێشەیەکی تایبەتی هۆڵەندام بەجێهێشت و چووم لە ئەمریکای لاتین لە کۆستەریکا ژیام، خوێندنی ڕۆژنامەنووسیم بەشی ڕادیۆ و تەلەفزیۆن لەوێ تەواوکرد، هیچ کوردێک لەو وڵاتە نەبوو، تەنیا من بووم، ئەمە تەنیا بۆ ئەوە باشبوو کە بە 6 مانگ فێری ئیسپانی بووم، بەس لەوەی کە بەتەنیا بووم زۆر ناخۆش بوو.

**ڕووداو: بەو پێیەی لە چەندین وڵات ژیاوی، چەند زمانی دەزانی؟**

**هێڤیدار زانا:** کوردی و تورکی و ئەڵمانی و هۆڵەندی و ئیسپانی دەزانم.

**ڕووداو: لەگەڵ خوێندنەوە نێوانت چۆنە؟ دلبخوین دەیگوت تۆ زۆر کتێب دەخوێنیتەوە؟**

> ئامادەبووم بچمە ئەفغانستان و پاکستان، بەس لە ئەورووپا دوور بکەومەوە

**هێڤیدار زانا:** (بەپێکەنینەوە) هەوڵ دەدەم بە بەردەوامی بخوێنمەوە، ئەگەر کاتم هەبێت. زۆر حەزم لە خوێندنەوەی ڕۆمانە بە زمانی ئیسپانی، ئەدەبیاتی تورکی زۆر دەخوێنمەوە. ئەدەبیاتی ئەمەریکای لاتین زۆر سەرنجی ڕاکێشاوم، بەتایبەتی گابرێل گارسیا مارکیز، ئەو زۆر کاریگەریی لەسەر من هەیە، کاتێک مرد وام هەستکرد باوکم لەدەستچووە.

> کە مارکیز مرد وامزانی باوکم مردووە

### لەلای عەبدوڵڵا ئۆجەلان کارم دەکرد

**ڕووداو: تۆ لەگەڵ سەرۆکی هەرێمی کوردستان چوویتە واشنتن، ئەو گەشتە چۆن بوو؟**

**هێڤیدار زانا:** بەڵێ ئەوکات من پەیامنێری کوردستان تیڤی بووم لە ئەورووپا، یەکەمجار بوو سەرۆکی هەرێمی کوردستان لە لایەن جۆرج بوش، سەرۆکی ئەمەریکاوە بانگهێشت کرابوو بە فەرمی، پێموابێت ساڵی 2008 بوو، من یەکەم ژنی کوردم لەگەڵ سەرۆکی هەرێمی کوردستان وەک پەیامنێرێک گەشتم کرد.

> یەکەم ژنی کوردم لەگەڵ مەسعود بارزانی چوومە لای جۆرج بوش

**ڕووداو: دوای 20 ساڵ ژیان لە ئەورووپا و ئەمریکا، چۆن بوو گەڕایتەوە کوردستان؟**

**هێڤیدار زانا:** لە ئەورووپا زۆر بێزار بووم، تۆ ئەگەر 20 ساڵ لەوێ بژیت و ڕەگەزنامەی ئەو وڵاتەشت هەبێت، تەنیا بەهۆی ئەوەی قژت ڕەشە، هەر بە میوان سەیرت دەکەن، خۆشت هەر بە میوان خۆت دەبینی، من بڕیارم دا ئەورووپا جێبهێڵم، بیرم لەوە دەکردەوە ئەگەر نەیەمەوە کوردستانیش، بڕۆمە ئەفغانستان یان پاکستان، بەس ئەورووپا نەبێت.

**ڕووداو: ئێستا شەپۆلێکی گەورەی کۆچبەران بەرەو ئەورووپا بەڕێوەیە، تۆ ماوەیەکی زۆر لە دەرەوە ژیاویت، بۆچوونت لەسەر ئەو کۆچە چییە؟**

**هێڤیدار زانا:** ئەگەر 20 ساڵیش لە ئەورووپا بژیت، تۆ هەر میوانیت و هەست بە غەریبی دەکەی. ئەورووپییەکانیش بە غەریبت دەزانن. ژیان لەوێ بەو جۆرە نییە کە باس دەکرێت. هەموو شتێک لەوێ جیاوازە، هەر کەسێک کە دەچێت دەبێت وەک منداڵێک فێری زمانی نوێ و کولتووری نوێ ببێت، مرۆڤ لەوێ بێتاقەت دەبێت، دلبخوین و ڕۆبینـی کوڕم چەندین جار چوونەتەوە ئەڵمانیا بە سەردان، بەڵام من هیچ جارێک نەڕۆیشتوومەتەوە، نامەوێ بچم، نامەوێ بە سەردانیش بچمەوە ئەورووپا. دەروونی ئێمەی کورد لەوێ هەرگیز ئاسوودە نابێت، کوردستان ماڵی منە، ئەورووپا ماڵی من نەبوو.

#### هێڤیدار زانا:

ساڵی 1976 لە شاری ماردینی باکووری کوردستان لەدایک بووە.
تەمەنی 14 ساڵان بووە کە چووەتە ڕیزەکانی پارتی کرێکارانی کوردستان. ئەوکاتەی عەبدوڵڵا ئۆجەلان لە شام بووە، لەلای ئەو کاری کردووە.
دوای دامەزراندنی کەناڵی مەد تیڤی و میدیا تیڤی وەکو یەکەم کچە بێژەر لەوێ دەستبەکار بووە.
ساڵی 1997 وازی لە پەکەکە هێناوە و چووەتە هۆڵەندا و لەوێ ڕەگەزنامەی هۆڵەندیی وەرگرتووە.
ساڵی 2000 ژیانی هاوژینی لەگەڵ دلبخوین دارا پێکدێنێ. ماوەی 7 ساڵ لە کوردستان تیڤی وەکو پەیامنێر و پێشکەشکاری بەرنامە کاری کردووە. ئێستاش کارمەندی تۆڕی میدیایی ڕووداوە و بێژەری هەواڵی کرمانجییە.

## بەشێک لە پرۆگرامەکانی تەلەڤزیۆنی ڕووداو

### وەرزین:

لە وەرزینی ئەمجارەدا ئەو داتا و زانیاریانە دەخرێنە ڕوو کە پەیوەستن بە تەواوبوونی وەرزی هاوینەی کڕین و فرۆشتنی یاریزانانی یانەکانی ئەورووپا. هەروەها باسی دەستپێکردنەوەی خولی یانەکانی ئیسپانیا دەکات.

کاتی پێشکەشکردن: دووشەممە، کاژێر 22:05
پێشکەشکار: ڕێبوار محەممەد

### چوار قوڵی:

گفتوگۆیەکی ڕۆژنامەڤانییە لە نێوان بەشداربووانی بەرنامەکەدا لەسەر گەرمترین مژارەکانی ڕۆژ لە باشووری کوردستان و ناوچەکە، هەر جارەو میوانداری کەسایەتییەک دەکرێ.

کاتی پێشکەشکردن: چوارشەممە، کاژێر 22:05
پێشکەشکار: ڕێبوار کەریم وەلی

### مێد ئین کوردستان:

لە بەرنامەی ئەمجارەدا بە داتا و زانیاری ئەو پرسیارە دەوروژێندرێت کە بۆچی کەرتی کشتوکاڵ لە کەرتێکی بەرهەمهێنەوە بووەتە کەرتێکی ئیفلیجی بێ بەرهەم؟

کاتی پێشکەشکردن: دووشەممە، کاژێر 23:30
پێشکەشکار: هێدی کەریم

### پەنجەمۆر:

بەشی سێیەمی گفتوگۆیەکە لەگەڵ موحسین دزەیی، سیاسەتمەداری باشووری کوردستان، کە کەسێکی نزیک بووە لە مەلا مستەفا بارزانی.

کاتی پێشکەشکردن: پێنجشەممە، کاژێر 22:05
پێشکەشکار: کاوە ئەمین.

### دوو ئالی:

میوانداری دوو کەسایەتی باکوور یان ڕۆژئاوای کوردستان دەکات، لە دوو بۆچوون و گۆشەنیگای جیاوازەوە شرۆڤە بۆ مژار و بابەتە گەرمەکانی ڕۆژ دەکرێ.

کاتی پێشکەشکردن: سێشەممە، کاژێر 22:05
پێشکەشکار: دلبخوین دارا

### نۆڕین:

پرۆگرامی ئەم هەفتەیەی نۆڕین لە دوو بڕگە پێکهاتووە، بڕگەی یەکەم تایبەتە بە منداڵی بلووری، لە بڕگەی دووەمیشدا باسی ئەو نەخۆشیانە دەکات کە بەهۆی گۆڕانکاری وەرزەکانەوە تووشی مرۆڤ دەبن.

کاتی پێشکەشکردن: هەینی، کاژێر 21:05
پێشکەشکار: دکتۆر ئاراس برادۆستی

### بەرهەمی ڕووداو:

(قاوەیەک لەگەڵ حیزبەکان) لەم بەرنامەیەدا پێشکەشکار لەگەڵ ژمارەیەک گەنج و کادیری ناوەندی حیزبەکانی کوردستاندا قاوەیەک دەخۆنەوە و لەگەڵیشیدا گەنگەشە و گفتوگۆ لەبارەی ئەو قەیران و پرسە جیاوازانە دەکرێ کە بەرۆکی حیزبەکانی باشووری کوردستانی گرتووە.

کاتی پێشکەشکردن: پێنجشەممە، کاژێر 23:05
پێشکەشکار: هێمن عەبدوڵڵا

### فیچەر:

دوو فیچەر پێشکەش دەکرێن، یەکەمیان تایبەتە بە چنینی فەرش، دووەمیشیان باسی شێوەکاری کورد زوهری سەردار دەکات کە لە وێنەکێشاندا خاوەن ستایلێکی تایبەتە.

کاتی پێشکەشکردن: سێشەممە، کاژێر 23:30

### چاوی ڕووداو:

لە هەر ئەڵقەیەکی چاوی ڕووداودا چوار فیچەر پێشکەش دەکرێن.

کاتی پێشکەشکردن: هەینی، کاژێر 23:30
پێشکەشکار: گوڵستان محەممەد ئەمین

تێبینی: ئەم خشتەیە جێگیر نییە، ڕەنگە بەهۆی ڕوومالّ و ڕاستەوخۆکانی کەناڵی ڕووداو، گۆڕانکاری بەسەردا بێت.


جێی مەبەستە نایابەکان
گەشتە ناوازەکان
QATAR
هەفتانە پێنج جار گەشت بکە لە هەولێرەوە بۆ دەوحە
و گەشت بکە بۆ زیاتر لە 150 شوێنی جیاواز بۆ مەبەستی
بازرگانی یان پشوو.
گەشتەکانی گەڕانەوە دەستپێدەکات لە:
کلاسی ئابووری کلاسی بازرگانی
دبلن $602 $1,222
کوالا لامپوور $740 $2,103
هانگ ژۆ $965 $2,450
گوانگ ژۆ $965 $2,450
نیستا شوێن بگرن تا 31 ی ئۆکتۆبەر بۆ گەشتکردن
لە نێوان 1 ی ئۆکتۆبەر تا 10 ی دیسەمبەری 2015.
سەردانی qatarairways.com/iq بکەن
پەیوەندی بکەن بە ئۆفیسەکانمان لە هەولێر: 0770 670 1001
سلێمانی: 0770 495 0001
پەیوەندی بکەن بە بریکاری گەشتەکانتان
oneworld
QATAR AIRWAYS القطرية
هێڵی پێنج ئەستێرەی جیهانی
هەموو گەشتەکان ئەگەری گۆڕانکاری یان دانانی باجی گونجاویان هەیە


برنجی محمود
خۆش تام و بەسود
MAHMOOD RICE
رز محمود
ممتاز
ارز ١١٢١ سيلة هند
MAHMOOD RICE
١١٢١
100%
MAHMOOD RICE®


شیری ئاڵتونسا
100%
سروشتی یە
altunsa
MiLK
powder
حليب



جیهان ستی...
جیهانی شادی و دڵنیایی
* ئەپارتمانەکانمان لەسەر تازەترین شێواز دروست کراوە.
* کەرستەی بەکار هاتوو لە باڵەخانەکان و لە دروستکردنی ئەپارتمانەکان لە باشترین براندەکانی جیهانە.
* چوار ئەسانسور (مەسعەد)، پرسگەی تایبەت لەهەر باڵەخانەیەکدا.
* کاتژمێر چاودێری.
* قوتابخانە.
* مزگەوت.
* نورینگەی پزیشکی.
* سەنتەری وەرزشی و مەلەوانگەی کراوە و داخراو.
* رووبەرێکی فروانی سەوز.
* مۆڵی بازرگانی.
CIHAN CITY
www.cihancity.com
CIHAN CITY
جیهان ستی..
بەخێڵ لە پرۆژەکانی جیهان گروپ
CABA
هەولێر - رێگای کەرکوک - پشت بەرێوەبەرایەتی هاتووچۆی هەولێر
ژمارەی مۆبیل: 07502324343 / 07707043131




شاری دایك
SHARI DAIK
bareaz
GROUP COMPANY
07703650090
07501560090
شێوازی وەرگرتنی پارە
%20 لەگەڵ واژووکردنی گرێبەست.
%20 لەگەڵ دەستپێکردنی کار لەڤێلاکەدا.
%20 پێش تەواوبوونی سەقفی کۆتایی ڤێلاکە.
%20 لەگەڵ تەواوبوونی هەیکەلی ڤێلاو وەرگرتنی لەلایەن کڕیار.
%20 12 مانگ دوای وەرگرتنی هەیکەل.
شێوازی فرۆشتنی ڤێلاکانی شاری دایك
کڕین بەشێوەی نقد
بۆ یەك مەتر دوجا بەشێوەی هەیکەل بڕی (1.000.000) یەك ملیۆن دینار وەردەگیرێت.
بۆ ئەو ڤێلایانەی کە مەلەوانگەی تێدایە بڕی (100.000.000) سەد ملیۆن دینار وەردەگیرێت وەك تێچوون.
فرۆشتن بەشێوازی چەکی بانك
بۆ یەك مەتر دوجا بەشێوەی هەیکەل بڕی (1.150.000) یەك ملیۆن و سەدو پەنجا هەزار دینار وەردەگیرێت.
بۆ ئەو ڤێلایانەی کە مەلەوانگەی تێدایە بڕی (115.000.000) سەدو پانزە ملیۆن دینار وەردەگیرێت.
شاری دایك
وەك باوەشی دایك
/Bareaz Group

رووداو
ژنان
ژمارە (374) دووشەممە 2015/9/7

## ژنێک و کوڕەکەی دەکوژرێن

**رووداو-زاخۆ**

رائید هێمن سلێمان، گوتەبێژی بەڕێوەبەرایەتی پۆلیسی پارێزگای دهۆک بە (رووداو)ی راگەیاند ئێوارەی رۆژی 2015/9/1 ژنێکی تەمەن 27 ساڵ و کوڕە 4 ساڵانەکەی لە ماڵی خۆیان لە قەزای زاخۆ لەلایەن گەنجێکی تەمەن 22 ساڵەوە کوژراون. دوای دوو رۆژیش لەڕووداوەکە لەلایەن پۆلیسی زاخۆ و نەهێشتنی تاوانەوە تۆمەتبارەکە دەستگیر کراوە و دانی بە تاوانەکەیدا ناوە. رائید هێمن گوتی "بەپێی لێکۆڵینەوە سەرەتاییەکان رووداوەکە لەسەر کێشەی کۆمەڵایەتی بووە و تۆمەتبارەکەش بەپێی ماددەی 406 لە یاسای سزادانی عێراقی بەند کراوە".



# گومان لە مردنی بووکێکی سێ مانگی دەکرێت

## هاوژینەکەی: خۆی خنکاندووە

## پۆلیس: مێردەکەی و خەسووی لەژێر لێکۆڵینەوەدان

**عوبێد رەشاڤایی**
**رووداو- دهۆک**

مردنی بووکێک کە تەنیا سێ مانگ بوو شووی کردبوو، گومانی لەلای کەسوکارەکەی دروستکردووە. مێردەکەی و خەسووی بووکەکە دەڵێن خۆی خنکاندووە، بەڵام پۆلیس دەڵێت مێردەکەی و خەسووی ژنەکە لە ژێر لێکۆڵینەوەدان.

رۆژی 2015/8/27 کەسێک پەیوەندی بە پۆلیسی دهۆکەوە دەکات و هەواڵ دەدات کە ژنێک بە دەسماڵەکەی خۆی، خۆی خنکاندووە. پۆلیس دەستبەجێ دەگەنە شوێنی رووداوەکە و دەست بە لێکۆڵینەوە دەکەن. پۆلیس گومانی هەیە کە ئەو ژنە خۆی خنکاندبێ، بۆیە هاوژین و خەسووی ژنەکەی خستووەتە ژێر لێکۆڵینەوە.

هەژیان ئیبراهیم، تەمەن 17 ساڵ، رۆژی 2015/5/28 لەگەڵ کوڕێک بە ناوی (ت) خێزان پێکدێنێ، بەڵام ژیانی ئەو ژن و مێردە هەر لە سەرەتاوە کێشەی تێدەکەوێت و هەر دوای تەواوبوونی مانگی هەنگوینی، هەژیان دەتۆرێت و دەچێتەوە ماڵی باوکی. کێشەی نێوان ئەو ژن و مێردە درێژە دەکێشێ و تەمەنی هاوژینییان تەنیا سێ مانگ دەبێت. رۆژی 2015/8/27 هەژیان لە رووداوێکی گوماناویدا کۆتایی بە ژیانی دێت.

نێچیرڤان، برای هەژیان، چیرۆکی شووکردنی خوشکەکەی بۆ (رووداو) گێڕایەوە و گوتی "ئێمە ئەو کوڕەمان نەدەناسی، برایەکی منی لە دوورەوە دەناسی، خوشکەکەم بوو بە نسیبی ئەو. هەر مانگێک دوای گواستنەوەی، رۆژێکیان خوشکەکەم هاتەوە و گوتی: چیدی ناگەڕێمەوە لای ئەو پیاوە".

کەسوکاری هەژیان پەیوەندی بە (ت)ەوە دەکەن بۆ ئەوەی بزانن کێشەیان چییە. نێچیرڤان دەڵێت "پێمانگوت ئەگەر کێشەتان هەیە و لەگەڵ یەکدی ناگونجێن، ناهێڵین خوشکەکەمان بگەڕێتەوە لات و تەڵاقی بدە، بەڵام ئەو گوتی هیچ کێشەمان نییە، دواتر خوشکەکەم گەڕایەوە لای".

### چۆن مرد؟

بەپێی قسەی خەسووی و مێردەکەی بێت، وەک نێچیرڤان باس دەکات، هەژیان بە دەسماڵێک خۆی بە پانکەی ژوورەکەوە هەڵواسیوە و بەو هۆیەوە خنکاوە. بەڵام نێچیرڤان گومانی لە قسەی ئەوان هەیە و دەڵێت "باشە خوشکەکەم چۆن دەتوانێت بە دەستی خۆی ئەمە بکات، دواتر خەسووم خۆی کلیلی ژوورەکەی داوەتە دەستی پۆلیس بۆ ئەوەی دەرگای ژوورەکە بکەنەوە. خوشکەکەم بچووک بوو، باوەڕ ناکەم جورئەتی ئەو کارەی هەبووبێت، بۆیە گومانمان لە هاوژین و خەسووی خوشکەکەم هەیە کە بە ئەنقەست ئەو کارەیان کردبێ".

### مێرد و خەسووی هەژیان دەستبەسەرکراون

هەر دوای رووداوەکە، پۆلیس دەستی بە لێکۆڵینەوە کرد و بڕیاری دەستگیرکردنی دوو کەسی دا. رائید هێمن ئەتروشی، بەڕێوەبەری راگەیاندنی پۆلیسی دهۆک بە (رووداو)ی راگەیاند "لەسەر دۆسیەی ئەو ژنە، مێرد و خەسووی دەستبەسەرکراون و ئێستا لە ژێر لێکۆڵینەوەدان، بەڵام تاوەکو ئێستا هیچ شتێکیان لەسەر ساخ نەبووەتەوە".

بەڵام نێچیرڤان دەڵێت "چەند رۆژ بەسەر مردنی خوشکەکەمدا تێپەڕیوە، هێشتا راپۆرتی دادپزیشکی تەواو نەبووە، ئەمەش بەڵگەیە بۆئەوەی کە ئەنجامی راپۆرتەکە وەکو گومانی ئێمە دەردەچێت و سەد لە سەدیش هەروا دەبێت".



### (ت) چوار ژنی تەڵاقداوە

ئەوانەی تێکەڵییان لەگەڵ (ت) هەیە، دەڵێن بێجگە لە هەژیان، پێشتر چوار ژنی دیکەی هێناوە و هەر چواری تەڵاقداون.

مەلا ئیبراهیم رەزیکی، باوکی یەکێک لەو کچانەی پێش پێنج ساڵ شووی بە (ت) کردووە، بە (رووداو)ی گوت "پێنج ساڵ لەمەوبەر کچێکی خۆم دا بە (ت)، بەڵام هەتا بڵێی لەگەڵی خراپ بوو، کێشەی زۆری بۆ کچەکەم دروستکرد، باوەڕ بکەن دەرگای سەلاجە و موجەمیدەی قوفڵ دابوو، بۆ ئەوەی کچەکەم هیچ نەخوات و لەبرسان بمرێ".

کێشەی کچەکەی مەلا ئیبراهیم دوو ساڵ لە دادگا بووە تاوەکو یەکلایی بووەتەوە، مەلا ئیبراهیم گوتی "ئێمە نەماندەزانی ئەو پیاوە پێشتر ژنی دیکەی هەبووە، تا رۆژێکیان کەسێکی خۆی پێیگوتین". مەلا ئیبراهیم گوتیشی "ئێمە دوو ساڵ بە رێگای دادگاوە بووین، تاوەکو لە دەستی ئەو پیاوە رزگارمان بوو".

بەڵام ئەمانە قسەی کەسانێکن کە لەگەڵ (ت) کێشەیان هەیە و تا دەرچوونی راپۆرتی پزیشکی دادوەری ئەوە بە ناڕوونی دەمێنێتەوە کە ئەو پیاوە چەندە پەیوەندی بەو رووداوەوە هەیە.

# 36 ژن لەسەر کوشتنی پیاو لە گرتووخانەکانی کوردستاندان



**پشتیوان جەمال**
**رووداو- سلێمانی**

بەگوێرەی دوایین ئاماری چاکسازییەکانی ژنان و نەوجەوانان کە لەلایەن بەڕێوەبەرایەتی گشتی چاکسازیی کۆمەڵایەتییەوە دراوەتە (رووداو)، تاوەکو کۆتایی مانگی حوزەیرانی رابردوو 104 ژن لە کوردستان سزا دراون، لەوانەش 36 ژنیان بە تاوانی کوشتن بووە و 60 ژنی دیکە بە تاوانی دزی و هەشت ژنیشیان بە تاوانی جۆراوجۆر. هەروەها 72 ژنیش بە تۆمەتی جیاواز راگیراون.

ئەحمەد نەجمەدین، بەڕێوەبەری گشتی چاکسازیی کۆمەڵایەتی لەبارەی ئاماری سزادراوە ژنەکانەوە گوتی کە ئەوە نیشاندەری زیادبوونی توندوتیژییە لە نێو کۆمەڵگەی کوردیدا "ئەو ژنانەی ئەو سزایانەیان بەسەردا سەپێنراوە، هەندێکیان راستەوخۆ و هەندێکیشیان بەهاوکاریی کەسانی دیکە، مێردەکانیان کوشتووە".

سەبارەت بەو ژنانەی بە تاوانی جۆراوجۆر سزا دراون، ئەحمەد نەجمەدین گوتی "ئەوانە زۆرتر بەهۆی دەمەقاڵێی نێوان دوو ژنە لەسەر کێشەیەک، یان سەرپێچیی هاتوچۆ، یان هاوکاریکردن بۆ گواستنەوەی ماددەی هۆشبەر سزا دراون".

ئەحمەد نەجمەدین ئاشکرای کرد کە هەندێک لە ژنە سزادراوەکان عەرەبی شارەکانی عێراقن، هەروەها خەڵکی ئێران و سووریاشیان تێدایە.

دیمەن محەممەد، بەڕێوەبەری چاکسازیی ژنان و منداڵانی هەولێر زۆربوونی سزادراوانی ژن بۆ ئەو گوشارە کۆمەڵایەتی و داراییە دەگەڕێتەوە کە لە ماوەی دوو ساڵی رابردوودا رووبەڕووی هەرێمی کوردستان بووەتەوە.

سەبارەت بەو ژنانەی تاوانی کوشتنیان کردووە، دیمەن گوتی "زۆربەیان دەستیان لە کوشتنی مێرد یاخود خەڵکی دیکەدا هەیە، نەک خۆیان کەسەکەیان کوشتبێ، چونکە هەموو لایەک دەزانین بۆ تاوانی کوشتن، هەستی ژن وەکو پیاو نییە".

ئاماری سزادانی ژنان بە تاوانی کوشتن سەرنجی یەکێتی پیاوانی کوردستانیشی راکێشاوە.

بورهان عەلی، سکرتێری یەکێتی پیاوان گوتی "ئەو ژمارەیە زۆر زۆرە، چونکە هەر بەپێی ئامارێکی حکومی، لە ماوەی ساڵانی 2009 تا 2011 تەنیا 17 ژن بەهۆی تاوانی کوشتنەوە سزا دراون".

ناوبراو بە پشتبەستن بە ئامارەکەی ئەمساڵی چاکسازیی ژنان دەڵێ "هەستدەکەین ژنان زیاتر بەرەو توندوتیژی و تۆڵەسەندنەوە دەچن".

بەڵام شنیار حەسەن، توێژەری کۆمەڵایەتی بۆچوونێکی جیاوازی هەیە و پێیوایە بەشێک لەو ژنانەی لەسەر کوشتن یاخود بەشداریکردن لە کوشتنی مێردەکانیان سزادراون، پێشتر بە زۆر بەشوودراون و دوای سەرنەکەوتنیان لەو پرۆسەیە، پەیوەندیی دیکەیان دروستکردووە و بەو هۆیەشەوە بەشدارییان لە تاوانی کوشتنی مێردەکانیاندا کردووە.

### زۆربەیان نەخوێندەوارن

ساڵانە رێکخراوەکانی ژنان چەندین وۆرکشۆپ و سیمینار بۆ هۆشیارکردنەوەی ژنان ساز دەکەن، بەڵام دیمەن محەممەد بەپشتبەستن بە بەدواداچوونەکانیان بۆ باری کۆمەڵایەتیی تاوانبارەکان بۆی دەرکەوتووە زۆربەی ئەو ژنانەی سزادراون ئاستی خوێندەوارییان نزمە. بۆیە داوا لەو رێکخراوانە دەکات چالاکییەکانیان بگوازنەوە نێو گەڕەک و گوند و شوێنە دوورە دەستەکان.

دیمەن گوتی "زۆربەی ئەو وۆرکشۆپانە لە نێو فەرمانگە حکومییەکانە و ژنانی ئەو شوێنانەش لە ئاستێکی رۆشنبیریی باشتردان، جگە لەوەش پێویستە ئەو رێکخراوانە وەک چۆن ژنان لە بەرامبەر مافەکانیان هۆشیار دەکەنەوە، دەبێت ئەرکەکانیشیان نیشان بدەن، چونکە هەموو مرۆڤێک ئەرک و مافی هەیە و ئەگەر بەو شێوەیە هۆشیار بکرێنەوە زەحمەتە تاوان بکەن".

شنیار حەسەن پێیوایە بەشێک لەو ژنانە لە رابردوودا لە خێزانێکدا پەروەردە بوون کە توندوتیژیی تێدا بووە. بەو هۆیەوە ئەویش کەسێکی توندوتیژی لێ دەرچووە.

### بکوژەکان پەشیمان نین

بەڕێوەبەرانی چاکسازییەکان بەردەوام بەدواداچوون بۆ رەوشی زیندانییەکان دەکەن، ئەوان دەڵێن بەشێک لەو ژنانە پەشیمانن لەو تاوانەی کردوویانە، بەڵام هەشیانە پەشیمان نییە.

دیمەن محەممەد دەڵێت هەندێک لەو ژنانە پەشیمانن لە تاوانەکانیان و هەندێکی دیکەشیان، بەتایبەتی ئەوانەی بە تاوانی کوشتن سزا دراون، پەشیمان نین.

# بەهۆی زۆر بەکارهێنانی فەیسبووکەوە ژنەکەی تەڵاق دا

## ئاشتەوایی خێزانی لە سلێمانی کێشەی 230 ژنی چارەسەر کردووە




**پشتیوان جەمال**
**رووداو- سلێمانی**

"پ" هاتە لای بەرپرسی سەنتەرەکە و داوای لێکرد کە رێگەی پێبدەن شەڵتەرەکە جێبهێڵێت، بەڵام بەرپرسەکە هەندێک رێنمایی پێدا کە دەبێت ماوەیەکی دیکەش بمێنێتەوە تاوەکو رێکارە یاساییەکانی تەواو دەبن.

(پ) تەمەنی 18 ساڵە و خەڵکی رۆژهەڵاتی کوردستانە، شووی بە مەلایەکی باشووری کوردستان کردووە، بەڵام ماوەی سێ مانگە لێی جیابووەتەوە. (پ) بۆ ئەوەی ژیانی پارێزراو بێت، لە شەڵتەرێکی تایبەت بە ژنان دانراوە.

ئەو ژنە کە جلێکی رەشی لەبەردابوو، بە (رووداو)ی گوت "هاوژینەکەم مامۆستایەکی ئاینی بوو، پێشتر هاتبوونە شارەکەی خۆمان لە رۆژهەڵات و دواتریش یەکترمان هەڵبژارد، بەڵام بەهۆی پێکەوە نەگونجان جیابووینەوە".

سەنتەری راوێژکاریی خێزان لە بەڕێوەبەرایەتی بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژیی دژی ئافرەتان لە سلێمانی کە بە بەشی ئاشتەوایی خێزانیش ناسراوە، هەرچەندە ماوەی ساڵێکە کراوەتەوە، بەڵام توانیویەتی هەتا ئێستا ژیانی نزیکەی 230 ژن لە جیابوونەوە و خۆکوشتن و کوشتن رزگار بکات، ئێستاش کار لەسەر چەند کەیسێکی دیکە دەکات.

سەنتەرەکە بەپشتبەستن بە یاسای ژمارە 8ی ساڵی 2011ی یاسای بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژیی خێزانی کار دەکات، واتە تەنیا کێشەی ئەو ژنانە وەردەگرێت کە لەلایەن کەسوکاریانەوە کێشەیان بۆ دروست دەکرێت.

مولازم دڵشاد محەممەد، لێپرسراوی سەنتەری راوێژکاریی خێزان گوتی، پێشتر سەنتەرەکەیان بەشی بەدواداچوون بووە و ئێستاش بە سێ شێواز کار بۆ چارەسەرکردنی کێشەکانی ژنان دەکەن، یەکەم: ئەو ژنانەی بە فەرمانی دادوەر لە شەڵتەر داڵدە دەدرێن و دێنە لای ئەوان و لەلایەن توێژەرانی یاسایی و کۆمەڵایەتی و دەروونی کێشەکانیان بۆ چارەسەر دەکرێت.

دووەم: ئەو ژنانەن کە راستەوخۆ دێنە سەنتەرەکەیان و دەبێتە کەیس، بەشی سێیەمیش ئەو ژنانەی کێشەیان لە نووسینگەکانی بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژیی ژنان و بنکەکانی پۆلیس هەیە و وا هەست دەکەن لەوێ دوادەکەوێت.

بەپێی ئاماری سەنتەری راوێژکاریی خێزان کە دراوەتە (رووداو)، ساڵی رابردوو دۆسیەی 64 ژن یەکلایی کراوەتەوە. ئەمساڵیش تاوەکو کۆتایی مانگی رابردوو دۆسیەی 166 ژن چارەسەرکراوە.

(و) یەکێکە لە کەیسەکانی شەڵتەر، ئەو کچە دایک و باوکی بە یەکەوە نەگونجان و جیابوونەوە، هیچیان ئامادە نەبوون کچەکە لە باوەش بگرن، بۆیە ئێستا لە شەڵتەرە.

(و) تەمەنی 16 ساڵە و دوو ساڵە لەو شوێنەیە، ئەو گوتی "باوکم و دایکم لەگەڵ یەکدی نەگونجان و جیابوونەوە، باوکم ژنی هێنایەوە و دایکیشم شووی کردەوە، منیش لەم نێوەدا مامەوە".

ئەو کچە حەز دەکات بچێتەوە لای دایکی، بەڵام گوتی کە باوکی کەسێکی زۆر تووڕەیە، بۆیە ناوێرێ بچێتەوە لای دایکی. ئەو گوتی "بەهیچ شێوەیەک ناتوانم بڕۆمە لای باوکم، چونکە براکەشم لای ئەو بارودۆخی باش نییە، ئەگەریش بڕۆمەوە لای دایکم، باوکم تووشی کێشەمان دەکات".

مولازم دڵشاد ئاماژەی بە کێشەی ئەو ژنانە دا کە سەردانیان دەکەن و گوتی "زۆربەیان کێشەیان لەگەڵ هاوژینەکانیاندا هەیە، پاشان باوک و برا". گوتیشی "کێشەی هەندێک لەو ژنانە ئەوەیە لە تەمەنێکی کەمدا شوویان کردووە".

مولازم دڵشاد دەڵێت هەندێک لە کێشەکان زۆر سادەن و ژن و مێرد دەتوانن لە نێوان خۆیاندا چارەسەری بکەن بەبێ ئەوەی بگاتە ئاشتەوایی خێزانی. ئەو دۆسیەی ژنێکی بە نموونە هێنایەوە و گوتی "ژنێک بەهۆی زۆر بەکارهێنانی فەیسبووکەوە لەلایەن مێردەکەیەوە تەڵاق درا".

ناوبراو ئاماژەی بە کێشەیەکی دیکە کرد کە پەیوەندی بە قەیرانی داراییەوە هەیە و گوتی "ژنێک سکاڵای تۆمار کرد لەبەرئەوەی هاوژینەکەی پێشمەرگە بوو لە شنگال و بارودۆخیان باش نەبوو، بۆیە ماڵەکەی جێهێشتبوو، بەڵام دوای گفتوگۆکردن لەگەڵ خۆی و هاوژینەکەی کێشەکەمان بۆ چارەسەر کردن".

ئەو کێشانەی دەهێنرێنە سەنتەرەکە بە چەند قۆناغێک چارەسەر دەکرێن، بۆیە زۆرجار ژنەکان دەبرێنە شەڵتەر. مولازم دڵشاد دەڵێت "زۆر لەو پیاوانەی کە ژنەکانیان لە شەڵتەرە دەیانەوێ ژنەکەیان ببەنەوە ماڵەوە، بەڵام ئێمە رێگەیان پێنادەین، چونکە کێشەکەیان چارەسەر نەبووە و رەنگە لە ماڵەوە کێشەکەیان گەورەتر ببێت و بە کوشتنی ژنەکە کۆتایی بێت".

ڕووداو
کۆمەڵایەتی
ژمارە (374) دووشەممە 2015/9/7

## لە سلێمانی پیاوێک دەکوژرێت

**ڕووداو- سلێمانی**

بەهۆی کێشەیەکی کۆمەڵایەتی گەنجێکی تەمەن 30 ساڵ دەکوژرێت و پۆلیسی سلێمانیش لەسەر ئەو ڕووداوە چەند کەسێک دەستگیر دەکات. نەقیب سەرکەوت ئەحمەد، گوتەبێژی بەڕێوەبەرایەتی پۆلیسی سلێمانی بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند، ئێوارەی ڕۆژی 2015/9/2 لە نزیک نەخۆشخانەی هیوا تەرمی گەنجێکی تەمەن 30 ساڵ کە بە فیشەک کوژرابوو، دۆزراوەتەوە. بە گوتەی کەسوکاریشی کە لە بنکەی پۆلیسی ئیبراهیم ئەحمەد گوتەیان لێوەرگیراوە "ڕووداوەکە لەسەر کێشەی کۆمەڵایەتی بووە و سکاڵاشیان لەسەر چەند کەسێک تۆمار کردووە، بە فەرمانی دادوەریش چەند کەسێک دەستگیرکراون".



# چۆنێتی کوشتنی هاوڕێکەی خۆی بۆ خێزانەکەی دەگێڕێتەوە

**پشتیوان جەمال**
**ڕووداو- سلێمانی**

دوای دەمەقاڵەیەک، هاوڕێیەکەی خۆی بە سێ فیشەک دەکوژێت و تەرمەکەی دەشارێتەوە. کاتێکیش دەگەڕێتەوە ماڵەوە، سەرلەبەری چیرۆکی کوشتنی هاوڕێکەی بۆ خێزانەکەی دەگێڕێتەوە و ئەوانیش هەر لەوێ بڕیار دەدەن ڕادەستی پۆلیسی بکەن.

(ش)ی تۆمەتبار دوای کوشتنی دیاری هاوڕێی و ڕۆیشتنەوەی بۆ ماڵەوە، چیرۆکەکەی بۆ خانەوادەی باسکردووە و ئەوانیش دەستبەجێ ڕادەستی پۆلیسیان کردووە، بەڵام ئێستا خانەوادەی دیاری بە دوای ئەو پرسیارەدا وێڵن کە لەسەر چ کێشەیەک کوڕەکەیان کوژراوە، چونکە بە گوتەی خۆیان دیاری هیچ کێشەیەکی نەبووە.

کاژێر 12ی شەوی 2015/8/30 پێشمەرگەیەکی تەمەن 22 ساڵ بەنێو دیاری جەزا، لەلایەن هاوڕێیەکی خۆیەوە بەناوی (ش) بەسێ فیشەک دەکوژرێ. ڕۆژی دواتر پۆلیس و ئاسایش تەرمەکەی چەند مەترێک دوور لە شوێنی ئەنجامدانی تاوانەکە لە نێو بەنزینخانەیەک لەدەروازەی شاری سلێمانی دەدۆزنەوە.

(ش) ئەو شەوە پاسەوانی ئەو بەنزینخانەیە بووە کە تەرمی دیاریی تێدا دۆزراوەتەوە. بەپێی زانیارییەکان ئەو دوو کەسە پێشتر کێشەیەک لە نێوانیاندا هەبووە و دووبارە سەری هەڵداوەتەوە.

نەقیب سەرکەوت ئەحمەد، گوتەبێژی پۆلیسی سلێمانی بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند "تۆمەتبارەکە لە ئیفادەی پۆلیسدا گوتوویەتی پێشتر شەڕیان بووە و پاشان پەیوەندی بە دیارییەوە کردووە بۆ ئەوەی لەو بەنزینخانەیە یەکدی ببینن، لەوێش شەڕەکە دەستپێکردووەتەوە و (ش) لەنێو ژوورەکەی خۆیدا کە ژووری پاسەوانەکانە، سێ فیشەکی بە دیارییەوە ناوە و کوشتوویەتی، ئینجا



خستوویەتیە نێو بەتانییەک و لە پشتەوەی بەنزینخانەکە فڕێیداوە".

خێزانی تۆمەتبارەکە لە بنەڕەتدا خەڵکی چەمچەماڵن، بەڵام ئێستا لە سلێمانی دادەنیشن. نەقیب سەرکەوت گوتی "تۆمەتبارەکە دوای ڕووداوەکە چووەتە قەزای چەمچەماڵ و باسی ئەو ڕووداوەی بۆ کەسوکارەکەی کردووە، ئەوانیش ئاسایش و پۆلیسیان ئاگادار کردووەتەوە و تۆمەتبارەکە لەڕێگەی ئاسایشی چەمچەماڵەوە ڕادەستی بنکەی پۆلیسی ڕاپەڕین کراوەتەوە.

ئەو بەنزینخانەیەی دیاریی تێدا کوژراوە، دەکەوێتە سەر ڕێگەی گشتیی سلێمانی-تاسلۆجە، بەڵام ماوەی ساڵێکە کار ناکات و دوو باوک و برایەکی (ش) پاسەوانی بەنزینخانەکە بوون و (ش) هەندێجار لە جیاتی ئەوان دەبووە پاسەوان.

کارمەندێکی بەنزینخانەکە بە (ڕووداو)ی گوت "شەوی ڕووداوەکە تەنیا (ش) لە بەنزینخانەکە بووە. من کاژێر 7ی بەیانی هاتم بۆ دەوام، چووم خەبەری بکەمەوە، ئەویش یەکسەر هەستایەوە و هاتە دەرەوە و گوتی ئەوە حەوشەکەم شووشتووە، ئیدی ڕۆیشت و نەگەڕایەوە".

کارمەندانی بەنزینخانەکە بێ ئاگا بوون لە ڕووداوەکە تا ئەو کاتەی پۆلیس و ئاسایش (ش) بە کەلەپچەکراوی دێننە نێو بەنزینخانەکە و تەرمێک لە پشت بەنزینخانەکە هەڵدەگرنەوە.

بەقسەی کارمەندانی بەنزینخانەکە، ماڵی (ش) لە گەڕەکی خاکی نزیک بەنزینخانەکە بووە، بەڵام دوای ڕووداوەکە ئەوێیان جێهێشتووە. ماڵی دیارییش لە گەڕەکی کوردساتی شاری سلێمانییە، بەڵام ئەو شەوە دیاری لە ماڵی باپیری بووە لە گەڕەکی قولەڕەیسی شاری سلێمانی.

توانا عەلی کە خاڵی دیارییە، گوتی چەند کاژێرێک پێش ڕووداوەکە لەگەڵ دیاری بەیەکەوە بوونە، کاژێر 10ی شەو دیاری ویستوویەتی بە ئۆتۆمبێلی خاڵێکی دیکەی بڕواتە دەرەوە، بەڵام ئەوان نەیانهێشتووە.

توانا گوتی "بینیم دیاری لە ژوورەوە تەلەفۆنی دەکرد، پاشان هاتەوە لام و داوای 10 هەزار دیناری لێکردم و گوتی هەر 10 دەقیقەیەکم پێدەچێت و دەگەڕێمەوە. بەڵام نەگەڕایەوە".

دوای ڕۆیشتنی دیاری، توانا خەوی لێکەوتووەتەوە و لە نزیک کاژێر 6ی بەیانی خەبەری بووەتەوە و بینیویەتی دیاری لە جێگەدا نییە، بۆیە تەلەفۆنی بۆ کردووە، بەڵام مۆبایلەکەی داخرابوو.

جەزا محەممەد باوکی دیاری کە لە دووەم ڕۆژی پرسەی کوڕەکەیدا سەرقاڵی پێشوازی و بەڕێکردنی میوانەکان بوو، گوتی "دوای ئەوەی دیاری ون بوو، ئاسایش و پۆلیسمان ئاگادار کردەوە و چوومە دادپزیشکی و نەخۆشخانە و بنکەی پۆلیسی کوردسات، پاشان ناردیانم بۆ بنکەی پۆلیسی ڕاپەڕین و لەوێ گوتیان تەرمێک لەو بەنزینخانەیە دۆزراوەتەوە. کە چوومە ئەوێ بینیم تەرمی کوڕەکەمە".

باوک و خاڵی دیاری، قسەی تۆمەتبارەکە ڕەتدەکەنەوە کە کوڕەکەیان کێشەی لەگەڵ ئەودا هەبووبێت، باوکی گوتی "پێشتر کوڕەکەم هیچ کێشەیەکی نەبووە، جگە لەوەش ئێمە بکوژ ناناسین".

بەڵام هەڵکەوت تەیب کە هاوڕێی دیارییە بە (ڕووداو)ی گوت "ساڵ و نیوێک لەمەوبەر ڕۆژێک (ش) پەیوەندی بە دیارییەوە کرد و قسەی توندی بەرامبەر کرد، ئیدی منیش تەلەفۆنەکەم لێوەرگرت و وەڵامم دایەوە، بەڵام لە دوای ئەوەوە نەمزانیوە پەیوەندییان بەیەکەوە مابێت و کێشەیان هەبێت".

(ڕووداو) هەوڵی دا ڕای کەسوکاری تۆمەتبارەکە وەربگرێ و چەند جارێکیش پەیوەندی پێوەکردن، بەڵام تەلەفۆنەکانیان بەردەست نەبوو.



ژیلەمۆ عەبدولقادر
موقەدەمی مافپەروەر

# مێردەکەی بە قوربانی ئەورووپا کرد

پیاوێک کە خاوەنی سێ منداڵ بوو سەردانی کردین. ئەو پیاوە سکاڵای لەسەر ژنەکەی هەبوو دەیگوت زوو زوو دەتۆرێ و دەگەڕێتەوە لای، بەڵام دوایین جار کە تۆراوە نەگەڕاوەتەوە و گوتوویەتی دەچمە دەرەوەی وڵات.

پیاوەکە کە کرێکار بوو، بەسەرهاتی ژیانی خۆی گێڕایەوە و گوتی "10 ساڵ لەمەوبەر ژنم هێنا، ماڵی سەربەخۆم بۆ داناوە، بەڵام ژنەکەم زوو زوو زویر دەبێت و دەچێتەوە ماڵی باوکی، دوای دوو سێ ڕۆژ دەگەڕایەوە. ئێستا ماوەی مانگێکە زویر بووە و نەگەڕاوەتەوە، دەڵێت لەگەڵ ماڵی باوکم دەچینە دەرەوەی وڵات".

ئەو پیاوە کاتێک بێ ئومێد دەبێت لە گەڕانەوەی ژنەکەی، جوابی بۆ دەنێرێت کە منداڵەکان بباتە لای خۆی، بەڵام ژنەکە پێیگوتووە تۆ باوکیانی و بەخێویان بکە. ئەو پیاوە داوای کردووە کە جیاببنەوە، بەڵام ژنەکە گوتوویەتی دەتوانی خۆت بچیتە دادگا و داوای جیابوونەوە بکەی.

پیاوەکە بەدوای چارەسەردا دەگەڕا، چونکە کەس نەبوو منداڵەکانی بۆ بەخێو بکات، لە ترسی ژنەکەشی نەیدەوێرا ژنێکی دیکە بهێنێ و ترسی هەبوو سکاڵای لەسەر تۆمار بکات و بکەوێتە زیندانەوە. کاتێک پەیوەندیمان بە ژنەکەوە کرد، پێمانڕاگەیاند کە مێردەکەی داوا دەکات بگەڕێتەوە لای، ژنەکە گوتی "ناگەڕێمەوە، با سکاڵام لەسەر تۆمار بکات، من ئەوکات لە دادگا قسەی خۆم دەکەم".

بە پیاوەکەمان گوت ئەوە قسەی ژنەکەتە. ئەویش گوتی "نا نەخێر، ئەو ژنە یاری بە مێشکم دەکات، من لە دەرەوەی دادگا تەڵاقی دەدەم، یەکسەر ژنێکی دیکە دەهێنم". پێمانڕاگەیاند کە ڕاستە دەتوانی لە دەرەوەی دادگا بەبێ ئامادەبوونی خێزانەکەت و بە ئامادەبوونی دوو شاهید ژنەکەت تەڵاق بدەیت و دادگاش تەڵاقنامەکەت پەسەند دەکات، بەڵام ژنەکەت دواتر دەتوانێ سکاڵات لەسەر تۆمار بکات و داوای مافەکانی خۆی بکات، وەکو مارەیی پێشەکی و پاشەکی، هەروەها قەرەبووش وەربگرێت کە لە تەڵاقی دەرەوەی دادگادا هەیە.

پیاوەکە گوتی کێشە نییە، با سکاڵام لەسەر تۆمار بکات و داوای مافی خۆی بکات و هەر شتێکی بکەوێت من دەیدەمێ، بەڵام ژن دەهێنمەوە. بەڵام پێیگوترا کە دیسان ژنەکەت دەتوانێ سکاڵات لەسەر تۆمار بکات، ئەوکات دەتوانێ تەڵاق وەربگرێت و هەموو مافەکانیشی پارێزراو دەبێت، تۆش بەهۆی هێنانی ژنی دووەم بەبێ پرسی ژنی یەکەم سزا دەدرێی بە زیندانیکردن کە ماوەکەی لە شەش مانگ کەمتر نەبێت و لە ساڵێک زیاتر نەبێت، هەروەها بە بڕی 10 ملیۆن دیناریش غەرامە دەکرێی.

ئەو پیاوە سەری لێ شێوابوو نەیدەزانی چ بڕیارێک بدات، بۆیە پێشنیازمان بۆ کرد ئەگەر دەیەوێ بیسەلمێنێ کە لەسەر حەقە، دەبێ ئارام بگرێ. سەرەتا داوا بکات کە ژنەکەی بگەڕێتەوە، ئەگەر نەگەڕایەوە ئەوا ژنەکەی بە "لاسار" دادەنرێت، هەر کاتێکیش شەش مانگ بەسەر داواکەیدا تێپەڕی و ژنەکەی نەگەڕایەوە، ئەوا لاسارییەکەی پلەی یەکلاکەرەوە وەردەگرێت و لەو کاتەدا دەتوانێ ژنەکەی تەڵاق بدا بەبێ ئەوەی هیچ مافێکی بکەوێت.

بەپێی یاسا، لاساری بە هۆیەک لە هۆیەکانی جیابوونەوە دادەنرێ، لاساری دوای شەش مانگ پلەی کۆتایی وەردەگرێ، ئەگەر ژنەکە دوای گواستنەوە لاسار بوو، ئەوا لە نەفەقە بێبەش دەکرێ و مارەییە پاشەکیەکەشی ناکەوێ، ئەگەر هەموو مارەییەکەشی وەرگرتبێ، دەبێ نیوەی بگێڕێتەوە، بەڵام ئەگەر پێش گواستنەوە بوو، ئەوا مارەییە پاشەکییەکەی ناکەوێ و مارەیی پێشەکیش بگێڕێتەوە ئەگەر وەریگرتبێ.

*** بەڕێوەبەری بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی دژی ئافرەتان/ هەولێر**

# پێشمەرگەیەک خۆی دەکوژێت

## برایەکی: خۆی نەکوشتووە، بە هەڵە گوللەی لە دەست دەرچووە

## پۆلیس: چاوەڕێی ڕاپۆرتی دادپزیشکی دەکەین



**ڕووداو- دهۆک**

پێشمەرگەیەکی دانیشتووی کۆمەڵگەی دۆمیزی سەر بە پارێزگای دهۆک، لەنێو ژووری نووستنەکەی بە گوللەیەک کۆتایی بە ژیانی هێنا. کەسوکارەکەی دەڵێن خۆی نەکوشتووە و گوللەی لە دەست دەرچووە، بەڵام پۆلیس بۆی یەکلایی نەبووەتەوە کە ئەو پیاوە خۆی کوشتووە یان گوللەی لەدەست دەرچووە.

شەوی 2015/8/29 پێشمەرگەیەکی تەمەن 33 ساڵ بە نێوی عەبدولقادر محەممەد لە کۆمەڵگەی دۆمیزی سەر بە دهۆک، بە گوللەیەک کۆتایی بە ژیانی هات. کەسوکارەکەی ئەو ڕووداوە بە قەزا و قەدەر دەزانن و پۆلیسیش چاوەڕێی ڕاپۆرتی دادپزیشکی دەکات بۆ ئەوەی بۆی ڕوون ببێتەوە کە ئەو پێشمەرگەیە خۆی کوشتووە، یان وەکو کەسوکارەکەی دەڵێن "قەزا و قەدەر" بووە.

محەممەد باوکی سێ کچە، تاوەکو گەیەنرایە نەخۆشخانەش لەژیاندا مابوو، بەڵام بەهۆی سەختیی برینەکەی کە گوللەکە بەنێو دەمی کەوتبوو، توانای قسەکردنی نەبوو، بۆیە نهێنی ڕووداوەکەی لەگەڵ خۆی بردە نێو گۆڕ.

شاکر محەممەد، برای عەبدولقادر کە سەرتاشخانەی هەیە، بە (ڕووداو)ی گوت، براکەی 18 ساڵە پێشمەرگەیە و ڕۆژێک پێش ڕووداوەکە لە بەرەکانی شەڕی دژی داعش گەڕابووەوە و پاشنیوەڕۆی 29ی ئابیش سەردانی دوکانەکەی ئەوی کردووە، پاشان ڕۆیشتووە بۆ بازاڕ و دواتریش بۆ ماڵی خۆیان.

شاکر گوتی "براکەم شەوەکەی لە ماڵەوە لە ژووری نووستنەکەی بووە و ژن و منداڵەکانیشی لە ژوورێکی دیکە بوون، براکەم بە هەڵە فیشەکی لە دەست دەرچووە و بەنێو دەمی کەوتووە".

شاکر ڕەتیکردەوە کە براکەی هیچ کێشەیەکی کۆمەڵایەتی یان دارایی هەبێت، بۆیە دەڵێت "ڕووداوەکە قەزا و قەدەر بووە، براکەم نەیویستووە خۆی بکوژێ، چونکە هیچ کێشەیەکی نەبوو".

دوای ڕووداوەکە، دەستبەجێ هاوژینی عەبدولقادر پەیوەندی بە شاکرەوە کردووە بۆ ئەوەی بە هانایانەوە بچێت و گوتی "من یەکەمین کەس بووم گەیشتمە لای عەبدولقادر، بەڵام تاوەکو گەیاندمە نەخۆشخانە هیچ قسەیەکی بۆ نەکرا".

وەکو براکەی باسیکرد، عەبدولقادر هەر لە یەکەمین ڕۆژی شەڕی داعشەوە، لە بەرەکانی شەڕ لە میحوەری ناوەران و زوممار و بەنداوی مووسڵ، بەشداری شەڕی کردووە.

بە گوتەی شاکر، براکەی زۆر دیندار بووە و لەگەڵ هەر کەسێک مامەڵەی کردبێت لێی ڕازیبوون و گوتی "نەک هەر لە ناوچەکەی خۆمان، بەڵکو خەڵکانی ناوچەکانی دیکەش دەیانناسی و زۆر ڕێزیان دەگرت".

هاوڕێ نزیکەکانی عەبدولقادر، سەرسوڕمانی خۆیان لەو ڕووداوە دەردەبڕن، خالید حوسێن کە هاوڕێی عەبدولقادرە و چەند ساڵێکە پێکەوە پێشمەرگەن و لە بەرەکانی شەڕیش پێکەوە بوون، بە (ڕووداو)ی گوت "سەرەتا کە پێیانگوتم عەبدولقادر کوژراوە، باوەڕم نەکرد، زۆرم بەلاوە سەیر بوو، چونکە کەسێکی تا بڵێی بێ کێشە بوو، زۆرجار لە بەرەکانی شەڕدا شەوانە نەدەخەوت و هەر قسەی خۆشی بۆ دەکردین".

خالید لە کەسوکاری عەبدولقادری بیستووە کە "عەبدولقادر ویستوویەتی چەکەکەی خاوێن بکاتەوە، بەڵام نەیزانیوە چەکەکەی فیشەکی لەبەر بووە، بۆیە فیشەکەکە لە چەکەکە دەرچووە و بەنێو زاری کەوتووە".

ئەو ڕووداوە لەلایەن بنکەی پۆلیسی برایەتی لە کۆمەڵگەی دۆمیز لێکۆڵینەوەی تێدا دەکرێ. ڕائید هێمن سلێمان، گوتەبێژی بەڕێوەبەرایەتی پۆلیسی پارێزگای دهۆک بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند "تا ئێستا نازانین ئاخۆ ڕووداوەکە خۆکوشتنە یاخود بە هەڵە فیشەکی لە دەست دەرچووە. چاوەڕێی ڕاپۆرتی بەڕێوەبەرایەتی دادپزیشکی و بەشی پۆلیسی بەڵگەی تاوان دەکەین، لێکۆڵینەوەش لە ڕووداوەکە بەردەوامە".

# گوندی لوبنانی کێشە بۆ گوندی کۆری دەنێتەوە

ڕەوا عەبدوڵڵا
ڕووداو- هەولێر

بەهۆی قەیرانی داراییی، کارەکانی پرۆژەی گوندی کۆری سست بووە و لەکۆی پێنج هەزار خانوو تەنیا 1000 خانوویان تەواوکراون، بەڕێوەبەری گشتیی وەبەرهێنانی هەولێریش دەڵێت "پرۆژەکە نەوەستاوە، لە هەوڵی دۆزینەوەی ڕێگەچارەیەکداین بۆ خێرا جێبەجێکردنی".

گوندی کۆری پرۆژەیەکی نیشتەجێبوونە لە شاری هەولێر، لە 2011/5/12 لەلایەن بەڕێوەبەرایەتی گشتیی وەبەرهێنانی هەولێرەوە مۆڵەتی پێدراوە، پرۆژەکە لەسەر ڕووبەری 1592 دۆنم بە سەرمایەی 264 ملیۆن و 670 هەزار دۆلار لەلایەن کۆمپانیای IKKC کە کۆمپانیایەکی هاوبەشی کەنەدی – کۆری – عێراقییە، جێبەجێ دەکرێت.

بەپێی ڕێنماییەکانی دەستەی وەربەهێنان، سوودمەندانی پرۆژەکە دەبێت کەسی کەمدەرامەت بن، نزیکەی 51 هەزار کەس فۆرمیان پڕکردەوە و دواتر 5500 کەس ناویان لە تیروپشک دەرچوو کە 500 کەس وەک یەدەگ هەڵبژێردراون.

خانووەکانی ئەم پرۆژەیە بە بەکارهێنانی ساندویچ پەناڵ بە سیستەمی کۆری لەسەر ڕووبەری 200 مەتر دووجا دروستدەکرێن، هەیکەلی خانووەکە لەسەر ڕووبەری 100 مەتر دووجا دروست دەکرێت کە پێکدێت لە سێ ژووری نووستن و هۆڵێکی پێشوازی و گەرماو و چێشتخانە و کۆگایەکی بچووک، تێچووی دروستکردنی هەر خانوویەک 39 هەزار دۆلارە.

بەپێی ئەو ڕێککەوتنەی بەڕێوەبەرایەتی گشتیی وەبەرهێنانی هەولێر لەگەڵ وەبەرهێنەر کردوویەتی، سەرەتا کەسی سوودمەند حەوت هەزار دۆلار دەدات، دوای وەرگرتنی کلیلی خانووەکەش 12 هەزار و 800 دۆلاری دیکە دەدات. ئەو 19 هەزار و 200 دۆلارەشی کە دەمێنێتەوە، بە قیستی 10 ساڵە و مانگانە 160 دۆلار لە سوودمەندان وەردەگیرێتەوە.

سامان عارەب، بەڕێوەبەری گشتیی وەبەرهێنانی پارێزگای هەولێر بە (ڕووداو)ی گوت "پرۆژەکە قۆناغێکی باشی بڕیوە، نزیکەی 1000 خانوو لەدوا قۆناغدان، ژێرخانی بەشی زۆری خانووەکانیش دروستکراوە، بەڵام بەهۆی قەیرانی دارایی و هەندێک گرفتی لاوەکی، پرۆژەکە کەمێک سستیی تێکەوتووە، بەڵام نەوەستاوە".

سامان عارەب باسی یەکێک لەو گرفتە لاوەکیانەی کرد و گوتی "کۆمپانیایەکی لوبنانی چەند خانوویەکی لەسەر زەویی پرۆژەکە دروستکردووە، بۆ هەڵگرتنی خانووەکان ئێمە نووسراومان بۆ پارێزگای هەولێر کردووە، چونکە ئەگەر ئەم خانووانە لەسەر زەویی پرۆژەکە لانەدرێن، لەداهاتوودا گرفت بۆ پرۆژەکە دروست دەکات".

بەپێی ئەو ڕێککەوتنەی کۆمپانیای جێبەجێکاری پرۆژەکە لەگەڵ حکومەت کردوویەتی، دەبووایە پرۆژەکە لەلایەن سندووقی نیشتەجێبوونەوە پاڵپشتی بکرێ، بەڵام سامان عارەب دەڵێت بەهۆی قەیرانی دارایی، ئەستەمە حکومەت بتوانێ لە سندووقی نیشتەجێبوون پارە بداتە کۆمپانیاکە و ئەم ڕێککەوتنە جێبەجێ بکات.

سامان عارەب گوتی لەهەوڵی دۆزینەوەی بەدیلێکن بۆ جێگرەوەی پارەی سندووقی نیشتەجێبوون "یەکێک لەو بەدیلانە ئەوەیە کۆمپانیاکە بۆ جێبەجێکردنی پرۆژەکە پارە لە بانکێکی نێودەوڵەتی وەربگرێت و خۆی لێپرسراوێتی سوود و دانەوەی قەرزەکە بگرێتە ئەستۆ، لەبەرامبەردا حکومەت بۆ دانەوەی قەرزەکە دڵنیایی پێبدات".

تاهیر عەبدوڵڵا، جێگری پارێزگاری هەولێر دەڵێت "پرۆژەی گوندی کۆری نەوەستاوە، بەڵام بەهۆی قەیرانی داراییەوە، حکومەت نەیتوانی ئەو ڕێککەوتنە جێبەجێ بکات کە بڕیاربوو لە ڕێگەی سندووقی نیشتەجێبوون پاڵپشتی پرۆژەکە بکات، بۆیە پرۆژەکە کەمێک سست بووە".

ناجی عەبدوڵڵا مەحمود، 35 ساڵ، لە تیروپشکەکەدا ناوی بۆ وەرگرتنی خانوو دەچووە، حەوت هەزار دۆلار پێشەکییەکەشی داوە، ناجی دەڵێت "ساڵێک و سێ مانگە پارەی پێشەکیی خانووەکەیان لێوەرگرتووم، بەڵام تا ئێستا خانووەکانمان تەواو نەبووە و کارکردنیش لە پرۆژەکە زۆر سستە".



ناجی کە پێشمەرگەیە و باوکی سێ منداڵە، 13 ساڵە لە خانووی کرێدایە. ئەو دەڵێت لە پارەی پێشەکییەکە تەنیا 2500 دۆلار پارەی خۆیەتی، ئەوی دیکەی قەرز کردووە. ناجی زوو زوو سەردانی پرۆژەکە دەکات بۆ ئەوەی بزانێت چارەنووسی خانووەکەی بە کوێ گەیشتووە. ئەو دەڵێت "هەموو جارێک زۆر بەدڵگەرمییەوە بۆ بینینی خانووەکەم دەچم، بەڵام کاتێک دەبینم وەک خۆیەتی بەدڵساردییەوە دەگەڕێمەوە".

ماستەر پلانی پرۆژەکە لە 2012/12/12 لەلایەن دەستەی وەبەرهێنانەوە پەسەندکراوە، پرۆژەکەش لە 2013/6/1 دەستبەکار بووە، ماوەی جێبەجێکردنی پرۆژەکەش 30 مانگە، بەڵام تاوەکو ئێستا تەنیا 1000 خانوو دروستکراون.

سامان عارەب گوتی "دوو خشتەی کات بۆ جێبەجێکردنی پرۆژەکە هەیە، یەکێکیان کاتییە و ئێمە بۆ جێبەجێکردنی پرۆژەکە دیاریمان کردووە کە 30 مانگە بۆ تەواوی ژێرخانی پرۆژەکە، ئەوەی دیکە ئەو کاتەیە کە هاوولاتی قیستی یەکەمی داوە و گرێبەستی لەگەڵ کۆمپانیاکە کردووە کە ماوەکەی 18 مانگە، ئەگەر لەم ماوەیە تەواو نەبوو هاوولاتی بۆی هەیە داوای قەرەبووی دواکەوتن لەکۆمپانیا بکات".

سامان عارەب گەشبینە بە تەواوکردنی پرۆژەکە لەکاتی خۆیدا و دەڵێت "لەبەر ئەوەی دروستکردنی خانووەکان ئاسانە، بەشی زۆری ژێرخانی خانووەکان تەواو بوون، بۆیە پێشبینی دەکەم ئەگەر گرفتی دارایی چارەسەر بکرێت، کۆمپانیای وەبەرهێن لەکاتی خۆیدا بتوانێ پرۆژەکە تەواو بکات".

لە ماوەی دوو ساڵدا 74 کەس لەو ڕێگەیە مردوون

# مەرگ بە ڕێگای خەبات – بەردەڕەشدا هاتوچۆ دەکات




تەیار عادل گۆران
ڕووداو- بەردەڕەش

ئامارەکانی پۆلیسی هاتوچۆی بەردەڕەش ئاشکرای دەکەن کە لە ماوەی دوو ساڵ و نیوی ڕابردوودا ڕۆژانە ڕووداوێکی هاتوچۆ لە ڕێگەی نێوان بەردەڕەش – خەبات ڕوودەدات. بەهۆی هێرشی داعشیشەوە، ماوەی گەیشتن لە نێوان ئەو دوو قەزایە دوو هێندە زیادی کردووە.

بەر لە هێرشی داعش و قەیرانی دارایی هەرێمی کوردستان، بەرپرسانی هاتوچۆ پلانیان دارشتبوو کە قەرەباڵغی سەر ڕێگای نێوان بەردەڕەش و خەبات کەم بکەنەوە، ئەویش بە دروستکردنی ڕێگایەکی دوو سایدی لە ناحیەی ڕۆڤیاوە بۆ ناحیەی عەنکاوە.

نەقیب مامەند سابیر، بەرپرسی بنکەی پۆلیسی هاتوچۆ لە قەزای بەردەڕەش دەڵێت "بێجگە لە دروستکردنی ڕێگایەکی دووسایید، ئێمە هاتوچۆی بارهەڵگرەکانمان لە نێوان خەبات و بەردەڕەش قەدەغە کرد و بارهەڵگرەکانمان ناچار دەکرد بە ڕێگای بەرتلە و باشیکدا بڕۆن بۆ خەبات، بەمەش قەرەباڵغیی سەر ڕێگاکە کەم بووەوە و ڕووداوی هاتوچۆش کەمی کرد".

بەڵام هێندەی نەبرد داعش پاش هێرشی بۆ سەر شاری مووسڵ، چەند قەزا و ناحیەیەکی دەوروبەری مووسڵیشی گرت، وەکو باشیک و بەرتلە، بەوەش ڕێگای نێوان بەرتلە و باشیک و بەردەڕەش لەلایەن داعشەوە کۆنترۆڵ کرا و پلانەکەی هاتوچۆی بەردەڕەش شکستی هێنا و دووبارە ڕێگەیان بە هاتوچۆی بارهەڵگرەکان دایەوە بە ڕێگای خەبات – بەردەڕەشدا بڕۆن.

محەممەد حەسەن، 39 ساڵ کە ماوەیەکی زۆرە بەو ڕێگایەدا هاتوچۆ دەکات، دەڵێت "پێش هاتنی داعش لە بەردەڕەشەوە بە 45 خولەک دەگەیشتینە نێو شاری هەولێر، بەڵام ئێستا بەهۆی بارهەڵگرەکانەوە بە کاژێر و نیوێک دەگەینە هەولێر، ڕۆژانەش ڕووداوی هاتوچۆ لەسەر ڕێگاکە ڕوودەدات".

نەقیب مامەند دەڵێت "داعش پلانەکەی ئێمەی تێکدا، کاتێک باشیک و بەرتلەی گرت و ڕێگاکەی کۆنترۆڵ کرد، ناچار بووین ڕێگا بۆ هەموو ئۆتۆمبیلە بارهەڵگرەکان بکەینەوە. بەم هۆیەشەوە ڕێگاکە تێکچوو، ڕووداوی هاتوچۆش بە ڕادەیەک زیادی کرد کە ئێستا خەڵک بە ڕێگاکە دەڵێن ڕێگای مەرگ".

بەپێی ئامارێکی بنکەی پۆلیسی بەردەڕەش، لە ماوەی دوو ساڵ و شەش مانگی ڕابردوودا 836 ڕووداوی هاتوچۆ لەسەر ڕێگای بەردەڕەش خەبات ڕوویانداوە. بەپێی ئەو ئامارە دەردەکەوێت لە هەفتەیەکدا 6.4 ڕووداوی هاتوچۆ لەو ڕێگایە ڕوویانداوە، واتە ڕۆژانە نزیکەی ڕووداوێک.

بەپێی ئامارەکەی پۆلیسی هاتوچۆی بەردەڕەش، لە ساڵی 2013دا 456 ڕووداوی هاتوچۆ ڕوویانداوە و 48 کەس مردوون و 296 کەسیش بریندار بوون.

لە ساڵی ڕابردووشدا 268 ڕووداوی هاتوچۆ ڕوویانداوە، بەو هۆیەوە 20 کەس گیانیان لەدەستداوە و 166 کەسیش بریندار بوون. هەروەها لە شەش مانگی یەکەمی ئەمساڵدا 122 ڕووداوی هاتوچۆ لەسەر ئەو ڕێگایە ڕوویانداوە و 6 کەس گیانیان لەدەستداوە و 67 کەسیش برینداربوون.

بەپێی ئەو ئامارە، لە ماوەی ئەو دوو ساڵ و نیوەدا 74 کەس بەهۆی ڕووداوی هاتوچۆ لەسەر ڕێگای خەبات – بەردەڕەش گیانیان لەدەستداوە و 529 کەسیش بریندار بوون.

لەو ئامارەدا دەردەکەوێت کە سەرەڕای قەرەباڵغیی ڕێگاکە دوای هاتنی داعش، بەڵام ڕووداوی هاتوچۆ و ژمارەی قوربانیان کەمی کردووە. نەقیب مامەند ئەوەی بۆ دوو هۆکار گەڕاندەوە "یەکەم: کامێرای هاتۆچۆمان لەسەر ڕێگاکە داناوە. دووەم: ڕێگاکە هێندە قەرەباڵغە شوفێران توانای لێخوڕینیان بە خێرایی نییە، بۆیە کەمتر ڕووداوی هاتوچۆ ڕوودەدات".

سەبارەت بە چارەنووسی ڕێگا دوو سایدەکەی نێوان ڕۆڤیا و عەنکاوە، نەقیب مامەند سابیر گوتی "پێدەچێت وا بە زوویی تەواو نەبێت، چونکە تاوەکو ئێستا تەنیا پردێک کە پردی چەمەی پێدەڵێن لەسەر ڕێگاکە دروستکراوە و کارکردن لە پرۆژەکەدا زۆر خاوە".

# 50%ی کرێکارانی کارگەکانی بلۆک لە ڕانیە لە کار دەرکراون

عومەر چاوشین
ڕووداو – بیتوێن

خاوەن کارگەکانی بلۆک لە بیتوێن دەڵێن بەهۆی ڕاگرتنی پێشینەی خانووبەرە و قەیرانی داراییەوە، ڕۆژ بە ڕۆژ بازاڕیان لە کزی دەدات و ئەگەر وا بڕوات بەرە بەرە کارگەکانیان دادەخەن، هەر بەهۆی ئەو قەیرانەوە 20 کارگەی بلۆک لە ناوچەکە داخراون.

بەپێی ئامارێکی نافەرمی، 118 کارگەی دروستکردنی بلۆکی بیناسازی لە بیتوێن هەن کە زۆربەیان لە سنووری شارۆچکەی چوارقوڕنە و حاجیاوادان.

بەپێی قسەی خاوەن کارگەکان، هیچ کام لەو کارگانە مۆڵەتیان نییە، بەڵام بلۆکەکانیان بە سەرانسەری کوردستاندا بڵاوبوونەتەوە، ئەویش بەهۆی پتەوی و هەرزانیی نرخیانەوە.

عەبدوڵڵا مەلا سەعید خاوەنی کارگەی بلۆکی ئاکام لەگەڵ دوو کەسی دیکە ماوەی 10 ساڵە کارگەیەکی بلۆکیان داناوە. بەگوتەی خۆی، پێشتر 40 خێزان لەسەر داهاتی کارگەکە دەژیان، بەڵام بەهۆی قەیرانی داراییەوە ناچار بوون کرێکار و کارمەندانی کارگەکەیان کەم بکەنەوە، ئێستا 25 ماڵ لەسەر کارگەکە دەژین. عەبدوڵڵا گوتی "بەهۆی قەیرانی دارایی و ڕاگرتنی پێشینەی خانووبەرە، بازاڕمان زۆر کز بووە".

بە گوتەی عەبدوڵڵا، نزیکەی 10 هەزار خێزان لەسەر داهاتی ئەو کارگانە دەژین، بەڵام بەهۆی قەیرانی داراییەوە زیاتر لە 20 کارگە داخراون و زۆربەی کارگەکانی دیکەش 50%ی کرێکارەکانیان ناردووەتەوە ماڵەوە.

عەبدوڵڵا لە کارگەکەی خۆیدا هەفتانە 60 هەزار بلۆک بەرهەم دێنێت. بەڵام دەڵێت هیچ کام لە کارگەکان مۆڵەتیان نییە، چەندین جاریش داوایان لە حکومەت کردووە کە مۆڵەتیان پێبدات "بەڵام پێماندەڵێن دانیشن و بەبێ دەنگی ئیشی خۆتان بکەن".

ئەو خاوەن کارگانە سەرەڕای زۆریی ژمارەیان، بەڵام خاوەنی هیچ سەندیکایەک نین، بەڵکو لە نێو خۆیاندا ئەنجوومەنێکی چەند کەسییان پێکهێناوە و لەڕێی ئەو ئەنجوومەنەوە کێشە و داواکارییان دەگەیەننە لایەنی تایبەت.

دامەزراندنی کارگەکەی فایەق سەعید کە بەناوی شێخانە و لەگەڵ برازایەکی شەریکە، نزیکەی 350 هەزار دۆلاری تێدا خەرجکراوە، بەڵام بەهۆی قەیرانی داراییەوە ناچار بووە بۆ ماوەی مانگێک دایبخات. فایەق گوتی "بەهۆی قەیرانی داراییەوە 80%ی بازاڕەکەمان لەدەستداوە، ئەگەر وا بڕوات ناچار دەبین بە یەکجاری کارگەکەمان دابخەین، ئەوکات 15 ماڵ کە داهاتیان لەسەر ئەو کارگەیەیە نانبڕاو دەبن".

نرخی جووتێک بلۆکی بیتوێن 750 دینارە، بەڵام فایەق دەڵێت "بەهۆی قەیرانی داراییەوە بلۆکێکی زۆرمان بە قەرز فرۆشتووە".

ئەو خاوەن کارگەیە گلەیی زۆری لە حکومەت هەیە "حکومەت مۆڵەتی پێنەداوین، بەڵام ساڵانە باجمان لێوەردەگرێت، هیچ هاوکارییەکیشمان ناکات و تەنانەت زۆرجار هەڕەشەی داخستنی کارگەکانمان لێدەکەن، بە بیانووی ئەوەی ژینگەی ناوچەکەمان تێکداوە".

زۆربەی کارگەکانی ناوچەکە بلۆکی کلاسیکی بەرهەمدەهێنن کە تەنیا لە چەو و لم و چیمەنتۆ پێکدێت و کێشەکەی زۆرە و کرێکار زۆر ماندوو دەکات. بەڵام ئازاد دەڵێت، هەندێک لە کارگەکان گۆڕانکارییان لە بەرهەمەکانیاندا کردووە و تەپەدۆر دەخەنە نێو بلۆکەکان، ئەمەش جگە لەوەی کێشەکەی سووک دەکات و بۆ کارکردن خۆشە، بۆ سەرما و گەرماش کاریگەری دەبێت، بەڵام نرخەکەی لە بلۆکی ئاسایی گرانترە.

هانا ئەبوبەکر، ئەندازیاری شارستانی لەبارەی بلۆکی ناوبۆشی کۆنکرێتی لە کوردستان گوتی "تا ئێستا کار بەو بلۆکە کلاسیکیە دەکرێت، چونکە بلۆکێکی پتەوە و نرخەکەشی هەرزانە، بەڵام بلۆکی پۆنزا کە کێشەکەی کەمە و تەپەدۆری تێدایە، بەکەڵکی ئەو خانووە ئاساییەی ماڵان نایەت کە ئێستا دروست دەکرێن، بەڵکو زۆرتر لە باڵەخانە و شوقە بۆ پڕکردنەوەی نێوان جسر و دینگەکان، یان جیاکردنەوەی ژوورەکان لە یەکدی بەکاردێت".




ڕووداو
ژمارە (374) دووشەممە 2015/9/7

# مەککۆرگ و سولەیمانی... عێراق لە نێوان دوو ئیرادەدا

## هاوسەنگی هێز لە عێراق بەلای سولەیمانیدا شکاوەتەوە





**ڕووداو- هەولێر**

ناوەندەکانی توێژینەوە و ئەکادیمیاکان، دوای "داگیرکردن"ی عێراق، بەردەوام مشتومڕیان بەخۆیانەوە بینیوە لەبارەی کاریگەرترین وڵات لەسەر ڕێڕەوی بارودۆخی عێراق. ئەم مشتومڕە هەڵکشا تاوەکو ژمارەیەکی زۆری توێژەرانی عەرەب و بیانی گرتەوە، بەشێکیان دەڵێن عێراق بە نیمچە ناتەواوی لەژێر هەژموونی ئێراندایە، بەرادەیەک کە بەغدا بووەتە پاشکۆی تاران، بەشێکیشیان دەڵێن ئەمریکا هێشتا ڕۆڵێکی دیاری لەو وڵاتەدا هەیە، سەرەڕای لاوازبوونی پێگەی لە سیاسەتی عێراقدا، بەڵام لەگەڵ دەرکەوتنی هاوپەیمانیی نێودەوڵەتی لە دژی (داعش)، کاریگەریی زیاتر بووە.

گەشبینییە ئەگەر وا بزانین ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا توانای سنووردارکردنی کاریگەریی ئێرانی هەیە بەسەر حکومەتی بەغدا و دەتوانێ جێگەی ئێران بگرێتەوە لە بەڕێوەبردنی پرۆسەی سیاسیدا.

### لاوازیی واشنتن لە عێراق

دەکرێ بەگوێرەی چەند گۆڕانکارییەک، لاوازیی واشنتن لە گۆڕەپانی سیاسیی عێراقدا بپێوین کە بریتین لە:

– لە دوای ساڵی 2003وە ناسنامەی تایفی بووە بناغەی ڕێکخستنی سیاسی لە عێراق، ئیسلامی شیعە زیاتر ئامادە بوو لە هاوکێشەی سیاسی و نێوانگیریش زیاتر لە نواندنی سیاسیدا دەرکەوت. بەم واتایەش ناکرێ ئاسۆی تایفی پشتگوێ بخرێت، بەهۆی ڕۆڵی سەرەکی لە ژیانی کۆمەڵایەتی و سیاسی و ئەمنیدا. بۆیە هاووڵاتیانی عێراق ئەمڕۆ بەپێی ناسنامەی تایفییان جیادەکرێنەوە، ئەم ناسنامەیەش هەلێکی بۆ دەڕەخسێنێ کە ببێتە هاووڵاتیەکی پلە یەک لە وڵاتێکدا کە حکومەتێکی شیعە نوێنەرایەتی دەکات، بەبێ ئەوەی هیچ خزمەتگوزارییەکی بۆ دابین بکات، یاخود ببێتە هاووڵاتییەکی پلە دوو، باجی مانەوەشی لە ژیان، بێدەنگی و ناڕەزایی دەرنەبڕینە. سەرەڕای ئەمەش ئەو ڕووبەڕووی جۆرەها تۆڵەکردنەوە و چەوساندنەوە و دەربەدەرکردن دەبێتەوە.

– ئەوەی تێبینی دەکرێت، دیارنەمانی خۆبەگوڕخستن و ناڕەزاییە کە سوننەکان تەنیا بۆ گوزارشتکردن لە ناسنامەی تایفی لە گوتارە گشتییەکاندا دەیاننواند، لە کاتێکدا لە چەند ساڵی ڕابردوودا سوننەکان کەمتر ئەم ناڕەزاییەیان دەردەبڕی، چونکە تێگەیشتن لە ڕاستیی ئەو دابەشبوونەی کە کۆمەڵگە تێیدا دەژی و مەرجەعیەتە سیاسی و ئایینییەکان ڕۆڵ دەگێڕن لە هێشتنەوەی و بەکارهێنانی بۆ مسۆگەرکردنی بەرژەوەندییەکانیان. گومانیش نییە کە پاڵپشتی ئێران بۆ میلیشیا شیعەکان کە سوننەکانیان دەکوشت و لە ساڵانی داگیرکاریی لە دژی هێزەکانی ئەمریکا دەجەنگان، ڕۆڵی گێڕا لە بەگەڕخستنی ململانێی تایفی، ڕێگەشی خۆش کرد بۆ فراوانبوونی بێ متمانەیی لە نێوان هەردوولا. کەسیش نکۆڵی لەوە ناکات کە سوننە قوربانیی پەراوێزخستنی سیاسی و بگرە کۆمەڵایەتیش بوون لەو ڕژێمەی کە شیعە تێیدا باڵادەستن.

– ئەنجامەکانی شڵەژانی دەستکرد کە کۆندۆلیزا ڕایس، وەزیری پێشووتری دەرەوەی ئەمریکا لەبارەیەوە دەڵێ بۆ جێگیرکردنی دیموکراتییە بە ڕێگەی سیاسەتی دەستوەردانی سەربازی کە ڕژێمی پێشووی عێراقی ڕووخاند، ئەنجامەکانی تەنیا حکومەتە یەک لە دوای یەکەکان بوو کە دەستگرتنە سەر دامودەزگاکان و دەستەکانی حکومەت و دەستە سەربەخۆکانیان دابەش کرد لە نێوان سیستەمێک لە شوێنکەوتووان و لایەنگرانی تایبەت بەگشت حیزبێک بە پشتبەستن بە پێوەری لایەنگری بەبێ لێهاتوویی و ئەزموون، جگە لە بەهەدەردانی سەدان ملیار دۆلار لە ساڵانی ڕابردوودا بە ڕێگەی گەندەڵی و پڕۆژەی شکستخواردوو و وەهمی.

– ستراتیژی سووڕانەوە بەرەو ڕۆژهەڵات و ئاسیا کە ئیدارەی ئۆباما دەستی بە جێبەجێکردنی کرد و ئامانجەکەی کۆنترۆڵکردنی ئابووری "نەتەوەییە" لە نێوخۆ و کەمکردنەوەی پابەندبوون و جەنگەکانی ئەمریکا لە دەرەوە و دووبارە دروستکردنەوەی سیستەمی عەولەمەی ئەمریکا، بەشێوەیەک لە یەککاتدا خزمەت بە دوو ئامانج بکات:

سنووردارکردنی سەرکەوتنی چین و بەردەوامبوون لە جێگیرکردنی هەژموونی ئەمریکا بەسەر جیهانەوە. بە گوتەیەکی دیکە ئەوەی ئێستا ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بەخۆیەوە دەیبینێ، بە دوو ئاراستەی پێچەوانە دەسووڕێنەوە، یەکەمیان: کەمبوونەوەی گرنگیدانی ئەمریکا بە تێکەڵبوون بە ناوچەکە و دووەمیان: هەوڵی چەند ڕکابەرێکی ناوچەیی و نێودەوڵەتی بۆ تەحەداکردنی ویلایەتە یەکگرتووەکان لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بۆ کەمکردنەوەی تواناکانی لە جوڵانەوە لە دەرەوەی ئەم ناوچەیە.

– ئیدارەی ئۆباما کە لەبارەی شۆڕشی سووریاوە دوودڵە، ڕۆڵی لە جێگیرکردنی دژبەیەکە ژینگەییە ناوچەییە عەرەبییەکاندا گێڕا، لە ڕووی پێکهێنانی چەند بەرەیەک کە وڵاتانی ناوچەکە تێیدا دژ بەیەک وەستانەوە، بەشێکیان لایەنگری حکومەتی ئەسەد بوون و بەشێکیان لایەنگری ئۆپۆزسیۆنی چەکدار بوون، عێراق چووە ڕیزی باڵی پاڵپشتیکەری دیمەشق، بگرە ئەو هەڵقەی گرنگی بەستنەوەیە کە پاڵپشتیی سەربازی و لۆجستی و دارایی دەگەیەنێتە ڕژێمی سووریا، ئەم ڕەفتارەی بەغداش لەلایەن ئەمریکاوە ڕەتنەکرایەوە. ئەمە جگە لەوەی ئەمریکا کەمتەرخەم بوو لەبەرامبەر سیاسەتی دوورخستنەوە کە مالیکی بەرامبەر سوننە پەیڕەوی کرد، دواتر سەرهەڵدانی ڕێکخراوی "دەوڵەتی ئیسلامیی"، گرژییە تایفییەکانی ئاڵۆزتر کرد.

– ڕۆڵی ئێران لە عێراق زیاتر بووە، دەیڤید پترایۆس، فەرماندەی پێشووی فەرماندەیی ناوەندی هێزە چەکدارەکانی ئەمریکا و بەڕێوەبەری پێشووی هەواڵگریی ئەمریکا لەو بارەیەوە هۆشداری دا و لە هەڤپەیڤینێکدا لەگەڵ واشنتن پۆست لە 20ی ئاداری ئەمساڵ گوتی "هەڕەشەی سەرەکی بۆ سەقامگیریی درێژخایەنی عێراق و ناوچەکە بەگشتی دەوڵەتی ئیسلامی نییە، بگرە میلیشیا شیعەکانە کە زۆربەیان لەلایەن ئێرانەوە پاڵپشتی دەکرێن، بەڵام واشنتن نەجوڵایەوە بەرامبەر هەڵسوکەوتەکانی مالیکی بۆ بەهێزکردنی چەند گرووپێکی چەکداری وەک عەسائیبی ئەهلی حەق و کەتائیبی حیزبوڵڵا بۆ بەئامانجکردنی ڕکابەرەکانی، بەشێک لەو هەڵسوکەوتانەش ڕێگەدان بوو بە ئەندامانی ئەو گرووپانە کە جلی سەربازی بپۆشن بۆ پەردەپۆشکردنی چالاکییەکانیان".

– نەبوونی ستراتیژییەکی ئەمریکی لەبارەی چۆنێتی مامەڵەکردن لەگەڵ عێراق، دوای گرتنی مووسڵ لەلایەن داعشەوە، زۆر ڕوون بوو ئەوکاتەی ڕێگە بە قاسم سولەیمانی، فەرماندەی فەیلەقی قودس درا شەڕەکە بەڕێوەببات، لە سایەی ڕۆڵی سنوورداری ئەمریکا کە بە دەست لاوازی و سەرلێشێواوییەوە دەیناڵاند، ئەمەش بووە هۆی بەهێزکردنی ڕۆڵی میلیشیاکانی حەشدی شەعبی.

بەپێی سەرچاوە هەواڵگرییەکان، نەهێشتنی گەمارۆی سەر شاری ئامرلی لەلایەن 1500 سەربازی سوپای پاسدارانی ئێرانەوە بوو، ئەو سەربازانە پاڵپشتییان لە 4000 چەکداری میلیشیاکانی حەشدی شەعبی وەردەگرت. ئەوەی جێی سەرنجە دۆخێکی هەماهەنگی لە نێوان تاران و واشنتن هەیە، لەبارەی چۆنێتی گرتنەوەی شارەکە، چونکە فڕۆکەکانی ئەمریکا لە جۆری "درۆنز" ناوچەکانی چەکدارانی ڕێکخراوی "دەوڵەتی ئیسلامی"یان بۆ هێزەکانی پاسدارانی ئێران دیاری دەکرد. ڕەنگە ئەمە دانپێدانانێکی ڕوونی ئەمریکا بێ بە ئێران، وەک هێزێکی ناوچەیی زلهێز و وەک هاوبەشێکی ستراتیژی لە عێراق.

– بوونی سەربازی ئێران کە ئێستا بە ئاشکرایە، دوای ئەوەی فەرماندەی هێزە زەمینییەکانی ئێران لە لێدوانێکدا باسی ئەندامانی کرد کە چوونەتە نێو عێراق بە هەماهەنگی لەگەڵ حکومەتی عێراق، لەپاڵ لێدوانێکی لەبارەی فڕینی هێلیکۆپتەرەکانی ئێران لە ئاسمانی چەند ناوچەیەکی عێراق کە لە بندەستی داعشن.

بەپێی ماڵپەڕی ئۆریکسی سەربازیی ئەمریکا چەندین تانک و مووشەکی ئێرانی لەوکاتەی بۆ تکریت دەچوون بەدیکراون، لەمیانی ئەو شەڕەی کە میلیشیاکانی حەشدی شەعبی بەڕێوەیان برد بۆ دەرکردنی ڕێکخراوەکە لەوێ.

لەلایەکی دیکەوە، پێگەی "دیبکا"ی ئیسرائیلی ڕایگەیاند کە هێزێکی ئێرانی لە ڕۆژئاوا و ڕۆژهەڵاتەوە پایتەختی عێراق دەپارێزن و ڕێگرن لە پێشڕەویکردنی چەکدارانی داعش بەرەو شارە سەرەکییەکانی شیعە. ئەو هێزانە بریتین لە سەربازانی "بەسیج" کە ڕێکخراوێکی نیمچە سەربازین و لە خۆبەخشانی ئێرانی پێکهاتوون، لەپاڵ میلیشیا شیعەکانی عێراق بەتایبەت کەتائیبی حیزبوڵڵا.

ئەبو موهەندیس کە جێگری سەرۆکی دەستەی حەشدی شەعبییە، سەرپەرشتی ئەم هێزانە دەکات، ئەو هێزانەش بە هەزاران چەکداری میلیشیا شیعەکان لەخۆدەگرن کە بە دەستی ڕاستی ژەنەڕاڵ قاسم سولەیمانی دادەنرێن.

پێگەی "دیبکا" دەشڵێ کە موهەندیس لەلایەن دادگاکانی کوێت و ئەمریکا و پۆلیسی نێودەوڵەتی (ئینتەرپۆڵ)ەوە داواکراوە، ئەو ئەمڕۆ ڕۆڵی ئەڵقەی پەیوەندی دەبینێت لەنێوان ژەنەڕاڵ سولەیمانی و فەرماندەکانی هێزەکانی ئەمریکا کە لە بەغدا نیشتەجێن، چونکە هێزەکانی ئێران ناچار دەبن ڕەزامەندی هێزەکانی ئەمریکا بەدەستبێنن بۆ هێرشکردنە سەر چەکدارانی داعش.

– ئێران کاری کردووە بۆ فراوانکردنی پەیوەندییە ئابووری و بازرگانییەکانی لەگەڵ عێراق، عێراق ئێستا 72%ی بەرهەمە نێوخۆییەکانی لە ئێرانەوە هاوردە دەکات. هاوکات عێراق یەکەم هاوبەشی بازرگانیی ئێرانە، چونکە تێکڕای ئاڵوگۆڕی بازرگانیی لە نێوان هەردوولا ئەمساڵ گەیشووەتە نزیکەی 18 ملیار دۆلار، هەروەها بەهای هەناردە نا نەوتییەکان کە تاران بۆ عێراقی هەناردە دەکات، ساڵانە دەگاتە شەش ملیار دۆلار و 80%ی خزمەتگوزارییە تەکنیکی و ئەندازیارییەکان لە عێراق کۆمپانیا ئێرانییەکان دابینی دەکەن. بەهای ئەو خزمەتگوزارییانەش دەگاتە 4.2 ملیار دۆلار. ئێستا بازاڕی عێراق یەکێکە لە بازاڕەکان بۆ ئێران، چونکە بازاڕێکی بازرگانیی بەهێزە و پشت بە کەلوپەل و خۆراکی هاوردە دەبەستێ.

**ئەوەی ئێران دەیەوێ، ئەوەیە کە سەرۆک بارزانی لاواز بێ بەو رادەیەی هەمیشە پێویستی بە رۆڵی ئێران بێت**

– ئەزموونی دەسەڵاتداریی شیعە لە 13 ساڵی ڕابردوودا شکستهێنانێکی گەورە ئاشکرا دەکات لە ئاستی بەڕێوەبردن و حوکمڕانی کە لە ساڵی 1921وە لە دەوڵەتی عێراقدا چەسپاوە، ئەمە لەپاڵ سیاسەتی سەرکوتکردن کە تەگەرەن لە پێش گۆڕانی ڕیشەیی لە ڕێڕەوی دەسەڵاتداریدا. هەموو ئەمانەش لەپاڵ ململانێی نێوان مەرجەعەکانی شیعە لە نەجەف و قوم کە ئەگەری ئەوە هەیە بڵاوبوونەوەی پرەنسیپی ولایەتی فەقیە لە نێوان شیعەکانی عێراق بەدوای خۆیدا بێنێ.

### مەککۆرگ و سولەیمانی.. کامیان بەهێزترن؟

وەک گوزارشتێک لە لاوازیی کاریگەریی ئەمریکا لە عێراق کە ئەمڕۆ دوو یاریزان تێیدا ڕکابەریی یەکدی دەکەن و سوورن لەسەر پاراستنی بەرژەوەندییەکانی وڵاتەکانیان، بریت مەککۆرگ، جێگری یاریدەدەری وەزیری دەرەوەی ئەمریکا بۆ کاروباری عێراق و ئێران و سووریا، کە پسپۆڕە لە کاروباری عێراق و لە هەردوو ئیدارەی ئۆباما کاری کردووە و بە زۆر لایەنگرتنی سیاسەتەکانی نووری مالیکی ناسراوە و بگرە لە ساتێکی دیاریکراودا ناوی ڕاوێژکاری حیزبی دەعوەی لێ دەنرێت، کاندیدکردنی ئەو بۆ پۆستی باڵیۆزی ئەمریکا لە عێراق لە 2015/3/26 ناڕەزایی حیزبەکانی عێراق و چەند لایەنێکی سیاسیی ئەمریکای لە کۆنگرێس لێکەوتەوە.

ڕەمزی ماردینی کە شرۆڤەکارە لە پەیمانگەی توێژینەوەی جەنگ لەوبارەوە دەڵێ، ناڕەزاییەکان لە بەرامبەر کاندیدکردنی مەککۆرگ بەهۆی نزیکی ئەو بوو لە مالیکییەوە و لەسەر بنەمای ڕاستیی ئەوەی کە ئەو ئەزموونێکی ئەوتۆی نییە بۆ بەڕێوەبردنی گەورەترین باڵیۆزخانەی ویلایەتە یەکگرتووەکان لە جیهان.

کەسی دووەم ژەنەڕاڵ قاسم سلێمانی، فەرماندەی فەیلەقی قودسە کە سەر بە سوپای پاسدارانە. ئەو پیاوی سێبەر کە دوور لە چاوەکان دەجوڵێتەوە، فەرماندەیی ئۆپەراسیۆنە سەربازییەکان دەکات لە دژی ڕێکخراوی داعش. بۆچوونی حکومەتەکەی بەسەر بڕیاردەری عێراقیدا دەسەپێنێ، بۆچوونەکانی بە وردی لەلایەن هاوپەیمانیی شیعە پەیڕەو دەکرێن و میلیشیاکانی سەر بە ئێرانیش هاوکاریی دەکەن.

سەردانی ئەم دوو کەسایەتییە بەم دواییە بۆ بەغدا و هەولێر هاوکات بوون، بۆ یەکلاکردنەوەی خولی سەرۆکایەتی مەسعود بارزانی کە لە 20ی مانگی ئابی ڕابردوودا کۆتایی هات، بەبێ ئەوەی تاوەکو ئێستا بگاتە ئەنجامێکی بەرچاو.

مەککۆرگ بە سەرۆکایەتی شاندێکی باڵای ئەمریکا کە ستیوارت جۆنز، باڵیۆزی ئەمریکای لە عێراق و ماتیاس میتمان، کۆنسوڵی گشتیی ئەمریکای لە هەولێر لەخۆگرتبوو، چوو بۆ سلێمانی بۆ کۆبوونەوە لەگەڵ سەرکردایەتی یەکێتی و گۆڕان بۆ تاوتوێکردنی قەیرانی سیاسیی تایبەت بە سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان. ڕاگەیەندراوێکی فەرمیی لە زاری شاندی ئەمریکاوە ئاشکرای کرد کە شاندەکە جەختی لەسەر پێویستی "سازان کردووە بۆ چارەسەرکردنی پرسە نیشتمانی و نەتەوەییەکان". هەروەها پاڵپشتی ئەمریکای بۆ هێزەکانی پێشمەرگە دووپات کردەوە.

ئەرکەکەی سولەیمانیش زۆر لە هۆکارەکەی هاتنی مەککۆرگ بۆ عێراق دەچێت، لە کاتێکدا فەرماندەی فەیلەقی قودس چاوی بە سەرۆک مەسعود بارزانی کەوت، پاشان هەر یەک لە نێچیرڤانی بارزانی و سەرکردەکانی یەکێتیی وەک کۆسرەت ڕەسوڵ و بەرهەم ساڵح و هێرۆ ئیبراهیم ئەحمەد و ڕێکخەری گشتیی بزووتنەوەی گۆڕان نەوشیروان موستەفای بینی، پاڵپشتیی خۆی بۆ مانەوەی مەسعود بارزانی وەک سەرۆکی هەرێم دووپات کردەوە، بەو مەرجەی دەستبەرداری هەندێک لە دەسەڵاتەکانی بێت.

ئەمە بەو واتایەیە کە ئێران هەر شتێکی بوێت دەیکات بۆ قۆستنەوەی هەلی ڕەخساو، بە کەمکردنەوەی دەسەڵاتەکانی بارزانی بەرامبەر هێشتنەوەی لە سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان و لاوازکردنی ڕۆڵی لە پەتەوکردنی پرۆژەی جیابوونەوەی کورد، کە تاران بە سەرچاوەی مەترسی دادەنێت بۆ بەرژەوەندییەکانی لە عێراق. هەر بەم واتایە ئەوەی ئێران دەیەوێ، ئەوەیە کە سەرۆک بارزانی لاواز بێ بەو ڕادەیەی هەمیشە پێویستی بە ڕۆڵی ئێران بێت.

زۆر لە شرۆڤەکاران دەڵێن هاوسەنگیی هێز کە ئەو دوو کەسایەتییە خاوەنین، لای سولەیمانی گرتووە "بەهێزترین پیاو لە عێراق" وەک موقتەدا سەدر ناوی دەبات، لە کاتێکدا جموجوڵەکانی مەککۆرگ لە ئاستی سیاسەتمەدارانی شیعە جێی متمانە نین. چونکە هەردووکیان ئەمڕۆ هەوڵی نوێکردنەوەی خولی سەرۆکایەتی سەرۆک بارزانی دەدەن، هەرچەندە هەردوولا ئامانجیان جیاوازە، بەڵام ترسی دابەشبوونی کورد کە دەکرێ هەوڵەکانی شەڕی دژی "داعش" لەبارببات، کۆیاندەکاتەوە.

بەشێک لە چاودێران پێشبینی دەکەن ساڵی 2015 گونجاو بێت بۆ تاقیکردنەوەی پەیوەندی نوێ بۆ نێوخۆ و دەرەوە، لە کاتێکدا چاوەڕوان دەکرێت بەرەیەکی یەکگرتوو بەهۆی لایەنگریی واشنتن و تاران بۆ بارزانی دروست بووە، ئەم بەرەیەش سەرقاڵی دانوستاندنێکی بەهێز و "توندە" و دەستی بە پەیامێکەوە گرتووە کە دەڵێ کات لە کیسی کورد دەچێ و بەڕێوەبردنی دژبەیەکەکان پێویستی بە کارکردنە بۆ سازان. "ڕێککەوتنی یەکگرتووی نێوخۆی کورد" ئەمجارە بژارەکانی شەڕی دژی تیرۆر دیاری دەکات. ئەم چاودێرانە دوورتر دەڕۆن و دەڵێن سولەیمانی بە زمانی ناچارکردن لەگەڵ یەکێتی دانوستاندن دەکات، ئەمەش لە شاری سلێمانی بێزاری لێکەوتووەتەوە.

لە لایەکی دیکەوە، مەککۆرگ جەخت لەسەر پرسی پێدانی چەک دەکات بە هۆزەکانی ئەو پارێزگایانەی کە لە بندەستی داعشن و داوای بەدیهێنانی ئاشتەوایی نیشتمانی ڕاستەقینە دەکات لە نێوان هەموو پێکهاتەکانی عێراق و قایلکردنی حکومەتی عێراق بە نەوەستان لە دژی ئەم پرسانە.

بە پێچەوانەی ئەو، سولەیمانی لە دژی پێدانی چەکە بە هۆزەکانی سوننە، چونکە ئەو فەرماندەیی میلیشیاکانی حەشدی شەعبی دەکات کە شەڕ لە دژی داعش دەکەن، سولەیمانی بە پێدانی چەک بە هەر لایەنێکی دەرەوەی حەشد و هێزەکانی عێراق قایل نابێت. بە بیانووی مەترسیی بوونی ئەوان بە هێزێکی سەربازیی بەرهەڵستکار بۆ حکومەت لە بەغدا لە ئایندەدا، یان بە بیانووی ئەوەی ڕەنگە داعش دزەی کردبێتە نێو بەشێک لەو هۆزانە، هەرچەندە ئەوان چەند ساڵێکە پاڵپشتی سوپای عێراق دەکەن.

بە بیرهێنانەوەی دەستڕۆیشتوویی تاران لە عێراق، گومان هەیە تاران بە دیبلۆماتکارێکی ئەمریکی قایل بێت کە دەتوانێ دەرگاکان لە پێش شیعەکانی عێراق واڵا بکات بۆ دەربازبوون لە فەرمانەکانی ئێران و گەڕاندنەوەی هاوسەنگی بۆ پرۆسەی سیاسی کە پەراوێزخستن و پشتگوێخستنی تێدایە. هەر ئەویش ڕۆڵێکی سەرەکی گێڕا لە ئاسانکردنی پێکهێنانی حکومەتەکەی حەیدەر عەبادی و دوورخستنەوەی نووری مالیکی، سەرۆک وەزیرانی پێشووی عێراق و پیاوی ئێران کە بە درێژایی هەشت ساڵی ڕابردوو لەو پۆستەدا بوو.

سولەیمانی بۆ تەگەرە خستنە پێش هەوڵەکانی مەکگۆرگ دەست ناپارێزێ، جوڵەکانی ئەم دواییەی مەککۆرگ بۆ لێکنزیککردنەوەی بۆچوونی عێراقییەکان سەرکەوتوو نابن، چونکە یەکەم پێیوایە زۆربەی سوننەکان هاوبەشی داعشن و ناکرێ حکومەتی بەغدا متمانەیان پێبکات. ئێران کە عێراقی کۆنترۆڵ کردووە، هیچکات ئامادە نییە گرەو لەسەر لەدەستدانی هەژموونی خۆی لەوێ بکات، ئەمەش بە ڕێگەی باڵادەستکردنی شیعە بە تەواوی و پەراوێزخستنی سوننە بە یەکجاری لە حوکمڕانیی عێراق بەدی دێت.

سولەیمانی، بە مەبەستەوە بە پشتبەستن بە "ئارامی و دەسەڵاتی بەسەر ئیسلامی سیاسیی شیعەی دەسەڵاتدار لە بەغدا یاری دەکات، بەڵام ئەوی دی بەبێ یاریکردن دەجوڵێتەوە و ناتوانێ ئەو گۆڕانکارییە بێنێتە دی کە واشنتن دەیەوێ.

یەکەی توێژینەوەی عێراقی
سەنتەری (الرابط) بۆ لێکۆڵینەوە و توێژینەوەی ستراتیژی

# بۆ کارابوونی چارەسەر متمانە بە پزیشکەکەت بکە

سەروەر سالار
رووداو- سلێمانی

توێژینەوە زانستییەکان دەربارەی کاریگەریی چارەسەر لەسەر نەخۆش ئاماژە بە گرنگیی متمانە دەکەن لەنێوان نەخۆش و پزیشکەکەیدا، پزیشکانی دەروونی دەڵێن متمانەکردن بەو کەسەی چارەسەرت دەکات، رادەی کاریگەریی چارەسەر زیاتر دەکەن.

توێژینەوەیەک کە لە ماڵپەڕی خزمەتگوزاریی هەواڵی تایبەت بە هەڵسوکەوتی تەندروستی (HEALTH BEHAVIOR NEWS SERVICE) بڵاوکراوەتەوە، دەڵێت تەنانەت لە تووشبووانی شێرپەنجەشدا ئەگەر نەخۆش متمانەی بە پزیشکەکەی نەبێت، ئەوە سەرەڕای وەرگرتنی چارەسەریش بەدەست گرفتی جەستەیی و دەروونییەوە دەناڵێنێ.

لە توێژینەوەکەدا هاتووە "تەندروستی جەستەیی و هزریی تووشبووانی شێرپەنجە، پەیوەندی هەیە بەوەی هەستیان چۆنە دەربارەی ئەو پەیوەندییەی بە پزیشکەکەیانەوە دەیانبەستێتەوە. ئەو نەخۆشانەی ئاسوودە نین سەبارەت بە پەیوەندییان لەگەڵ پزیشکەکەیان، زۆرترین کاریگەریی نەرێنییان لەسەر دەبێ".

بەڵام کەم نین ئەو کەسانەی ئاماژە بە کاڵبوونەوەی ئەو متمانەیە دەکەن و لە هۆکارەکانی دەدوێن. د.ئیدریس عەبدوڵڵا پزیشکی تیشک و سۆنار دەڵێ "بەگشتی ئێستا لەنێوان هاووڵاتی و حکومەتدا جۆرێک لە بێ متمانەیی هەیە و بە گومانەوە مامەڵە لەگەڵ هەموو شتێک دەکرێت و کەرتی تەندروستیش لەمە بەدەر نییە، ئەوە جگە لەوەی کاتی پێویست بۆ ئاخاوتنی نێوان پزیشک و نەخۆش نییە کە ببێتە هۆی بنیاتنانی متمانە".

بەڵام محەممەد سەلیم، تەمەن 28 ساڵان، دەڵێت گرفتی متمانەکە لە هەڵسوکەوتی پزیشکانەوە دەستپێدەکات نەوەک گومانکردن لە توانای زانستیی پزیشکانی کوردستان "ئەوەندەی گرنگیدان بە نەخۆش و هەڵسوکەوتی پزیشکان رۆڵی هەیە لە بەهێزکردنی متمانەدا، ئەوەندە خێرایی دەستنیشانکردن و چارەسەری نەخۆشییەکان گرنگ نییە، کەچی لای خۆمان تەنیا گرنگی بە لایەنی دووەم دەدرێ".

سەباح تاهیر، یاساناس، گومانی نییە کە متمانە کزە، هۆکارەکەش لەوەدا دەبینێ کە "وەزارەتی تەندروستی وەک پێویست لێپێچینەوە لەکاری نەخۆشخانە گشتی و تایبەتییەکان ناکات. کۆمپانیای ئەوتۆش هەن بێ بوونی هیچ هێڵێکی گشتی کارکردن سەرنجی خەڵکی رادەکێشن بۆ نەخۆشخانە بیانییەکان و بەرپرسەکانیشمان بۆ چارەسەر تەنیا روو لە دەرەوەی وڵات دەکەن و بە نەخۆشخانەکانی خۆمان رازی نین، ئیدی چۆن متمانەی هاووڵاتی لاواز نابێت؟".



**پسپۆڕێکی دەروونی:**

**دەرمانێکی ناکاریگەر کە متمانەی لەگەڵ بێت، کاریگەریی زیاتر دەبێت لە دەرمانێکی بەهێز کە متمانەی لەگەڵ نەبێت**

## متمانە بەر لە دەرمان

پزیشکێکی دەروونی دەڵێت پێویستە پزیشک بەرلەوەی نەخۆش چارەسەر بکات، ئەو هەنگاوانە بنێت کە متمانەی بۆ دروستدەکەن لەلای نەخۆشەکەی.

د.دانیاڵ سەعدی، هەڵگری بڕوانامەی دکتۆرا لە نەخۆشییە دەروونییەکان دەڵێت "پێویستە پزیشک سەرەتا بۆ نەخۆشەکەی روون بکاتەوە کە نەخۆشییەکەی چییە، ئەو چارەسەرەی بۆی نووسیوە رۆڵی چییە و سوود و زیانەکانی چین، نەخۆشییەکە ئەگەر چارە نەکرێ چی روودەدات، بەم هەنگاوە سەرەتایەک دروستدەبێت بۆ متمانەی نەخۆش بە پزیشکەکەی".

ئەوەی زۆر بەلای ئەو پزیشکە دەروونییەوە گرنگە، پزیشک بۆ ئەوەی متمانەی خۆی نەدۆڕێنێ، دەبێ نهێنی نەخۆشەکانی بپارێزێ "هەندێک پزیشک وێنەی نەخۆش و پرۆسە چارەسەرییەکانی وەک نەشتەرگەری، لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان دادەنێن، بێئەوەی رەزامەندی نەخۆشەکەیان وەرگرتبێ و ئەوەش پێشێلی ئیتیکی پزیشکییە".

د.دانیاڵ هەروەها نەریتی هەندێک لە پزیشکەکان بە نموونە دەهێنێتەوە کە سوکایەتی بەو پرۆسەی چارەسەرە دەکەن کە پزیشکێکی پێش خۆیان بۆ ئەو نەخۆشە دیاریی کردووە "لە نەستی نەخۆشەکەدا بۆچوونێک چەکەرە دەکات کە ئەو پزیشکە هەم متمانەی بەخۆی نییە و بە هێرشکردنە سەر ئەوەی دی خۆی دەردەخات، هەم گومانیشی بۆ دروست دەبێت کە ئەم پزیشکە ئامادەیە بۆ خۆدەرخستنی، سنووری تایبەتمەندی نەخۆشەکانیشی ببەزێنێ و لە شوێنی دیکەدا سووکایەتییان پێبکات".

بەبڕوای سەعدی "دەرمانێکی ناکاریگەر کە متمانەی لەگەڵ بێت، کاریگەریی زیاتر دەبێت لە دەرمانێکی بەهێز کە متمانەی لەگەڵ نەبێت".

## نەخۆش قوربانیی یەکەمە

پزیشکێکی پسپۆڕی تەندروستیی کۆمەڵ، دەڵێت پەیوەندیی نێوان پزیشک و نەخۆشەکەی پەیوەندییەکی مرۆییە و تەواو هەستیارە و پێویستی بە متمانەیەکی بەهێزی نێوانیان هەیە.

د.عەبدولفەتاح هەورامی، هەڵگری بڕوانامەی دکتۆرا لە پزیشکیی کۆمەڵ، بە (رووداو)ی گوت "ئەگەر نەخۆش متمانەی رەهای بە پزیشک نەبێت، ئەوە هەموو زانیارییەکانی پێ ناڵێت، بەبێ زانیارییە پێویستەکانیش مەحاڵە پزیشک بتوانێ دەستنیشانی نەخۆشییەکە بکات، چونکە نیوە زیاتری دەستنیشانی نەخۆشی لە ئەنجامی گفتوگۆی نێوان پزیشک و نەخۆش پەیدا دەبێ".

دەستنیشاننەکردنی نەخۆشیش، وەک ئەو پزیشکە باسی دەکات، بە پلەی یەکەم نەخۆش لێی زیانمەند دەبێ، چونکە بەردەوام بەدەست نەخۆشییەکەیەوە دەناڵێنێ، پاشان پزیشکەکە زیانی مەعنەوی پێدەگات کە نەیتوانیوە وەک پێویست هەموو رەهەندەکانی نەخۆشییەکە ببینێت، لە کۆتاییشدا سیستەمەکە زیانی ماددی دەکات کە سەرەڕای بە خەرجدانی رەگەزە ماددی و مرۆییەکانی، نەیتوانیوە نەخۆشەکەی چاکبکاتەوە.

پزیشکە پسپۆڕەکە دەڵێت هەڵەیە کارکردن بۆ کاڵکردنەوەی ئەو متمانەیە وەک چاکسازی لە سیستمی تەندروستی تەماشا بکرێت "هەر کارێک بۆ کاڵکردنەوەی ئەو متمانەیە هەڵەیەکی کوشندەیە و دواتر بە ئاسانی متمانەکە ناگەڕێتەوە شوێنی خۆی و کارێکی نائەخلاقییە و خزمەت بە نەخۆش و سیستمەکەش ناکات".

### چۆن متمانە بەهێز دەکرێ؟

د.عەبدولفەتاح هەورامی دەڵێت بەهێزکردنی متمانەی هاووڵاتیان بە پزیشک و سیستمی تەندروستی بەو رێگایانە دەکرێ:

1- ئەرکی حکومەت و پاشان وەزارەتی تەندروستییە هاووڵاتیان بکەنە سەنتەری گرنگیپێدانیان.

2- کۆلیژی پزیشکی و خوێندنی باڵا کار بۆ پێگەیاندنی پزیشکێک بکەن کە رێزی کەسایەتی نەخۆش بگرێ، نەک تەنیا رەچاوی بەرژەوەندی خۆی بکات.

3- رێکخراوەکان و میدیا رەخنەکانیان بۆ کارکردن نەبێت لەسەر کاڵکردنەوەی متمانە و هەڵەی کەسێک نەگشتێنن بەسەر سەرتاپای سیستمەکەدا.

4- سزادانی ئەو پزشکانەی کە لە هێڵە گشتییەکانی ئیتیکی پزیشکی دەردەچن، بەمەش هاووڵاتیان متمانەیان بە پزیشک زیاتر دەبێت.

5- دەبێت خێزان و تاک هۆشیار بکرێنەوە، سەبارەت بە ئەرکیان بەرامبەر سیستمی تەندروستی و ئەو مافانەی دەبێت بۆی دابین بکرێ.



دکتۆر ئیکرام حوسێن

# قەیرانی گەورەتر بەرێوەیە

سێ ساڵ لەمەوبەر توێژەرێک گوتی 2%ی خەڵکی هەولێر تووشی ڤایرۆسی جگەر بوون، بەڵام هەر رۆژی دواتر روونکردنەوەی دا کە هەڵەی کردووە و رێژەکە بریتییە لە 0.2%. جا نازانم تۆبەی پێ کرا کرا یان هەر بەراستی توێژەر هەڵەی وەها گەورە دەکات؟ کارەساتەکە ئەوەیە ئێستا گوتەبێژەکەی وەزارەتی تەندروستی بۆ خۆی دەڵێت 2.5%ی دانیشتووانی هەرێم تووشی ڤایرۆسی جگەر هاتوون.

بەرپرسی یەکەم لە بڵاوبوونەوەی ڤایرۆسەکە کەسی یەکەمی حکومەت و وەزیری تەندروستین، چەند وەختە هاوار دەکەین لە داعش ترسناکترە و مەترسیی زیاترە، بەڵام تەنیا یەک رێکار چییە نایگرنە بەر بۆ رێگرتن لە بڵاوبوونەوەی ترسناکترین جۆرەکانی ڤایرۆس.

تا ئێستا بەرێز وەزیری تەندروستیم نەبینیوە کاتێک لە شاشەی تەلەفزیۆنەکانەوە قسە دەکات، باسی ڤایرۆس بکات، باسی ئەوە بکات کە ئەگەر بڵاوببێتەوە چ قەیرانێک دروستدەکات، ئەو تەنیا باسی کۆنترۆڵکردنی دەرمان و نەشتەرگەری و سیستمی نیمچەتایبەت دەکات، لە راستیشدا دەرمان کۆنترۆڵ نەکراوەو دیاریکردنی نرخەکانیش تەنیا مەرەکەبی سەر کاغەزن.

بە گوتەی گوتەبێژەکەی وەزارەت، هۆکارێکی بڵاوبوونەوەی نەخۆشییەکە بەکارهێنانی ئامێری ددان شووشتنە، من پزیشکی ددانم، سێ ساڵ زیاترە لە کلینیکی تایبەت کار دەکەم، تا ئێستا کەسێک نەهاتووە سڵاوێکمان لێبکات، هەر بە دەمی پرسیار بکات کە ئێوە ئامێری پاکژ بەکاردەهێنن یاخود نا؟ بێگومان پزیشکانی ژنانیش کەس ناچێت بە لایاندا، ئەمە شوێنە یاساییەکان بەو شێوەیە لێپرسینەوەیان لەگەڵ دەکرێت، ئەی دەبێ شوێنە نایاساییەکان چۆن بن!

پێش مانگی رەمەزان سەندیکای پزیشکیی ددان هاتەوە هۆش خۆی تا شوێنی ددانسازەکان دابخات بە هاوکاریی برایانی ئاسایش، هەڵمەتەکەی یەک رۆژ و سێ ددانسازی گرتەوە، بەڵام بە یەک تەلەفۆنی بەرپرسێکی وەزارەتی تەندروستی، لەبەر خاتری سێ کارمەندی تەندروستی کارەکە راگیرا.

لە کۆی نزیکەی 40 ددانسازی شاری سلێمانی، تەنیا سیانیان کارمەندی تەندروستین، هەرچی شارۆچکە هەیە ددانسازێک، دووان یان سیانی ئێرانیی تێدایە، لەوانەیە هەر خۆی هەڵگری ڤایرۆس بێت، چونکە لە ئێران رێژەی تووشبووان زۆر بەرزە، لە پێنجوێن ددانسازەکە ئێرانییە و بە خەڵکەکە دەڵێ من بڕوانامەی ئەڵمانیام هەیە، جاران دژی ئەوە بووم خولی فێربوون بۆ ددانسازەکان بکرێتەوە کە هەندێکیان خوێندەوارییەکەشیان لە خولەکانی نەهێشتنی نەخوێندەوارییەوە وەرگرتووە، بەڵام ئێستا لەگەڵ ئەوەدام فێر بکرێن، تا لانیکەم ئەوانەی ویژدانیان هەیە خەڵکی لە بڵاوبوونەوەی ڤایرۆس بپارێزن، خۆ حکومەت هەیبەتی نەماوە و کەس بەقسەی ناکات.

ئێستا لە نەخۆشخانەکانی سلێمانی هەر کەسێک کاری ددانی بۆ بکرێت دەبێت پشکنینی ڤایرۆس بکات، بێگومان بەو هۆیەشەوەیە وەزارەت ئامارێان دەستکەوتووە کە چەند تووشبوو هەن، هەنگاوێکی زۆر باشە ئەگەر کلینیکە تایبەتەکانیش بگرێتەوە، ئەو کات ژمارەکە هەڵدەکشێ بۆ دوو هێندە، چونکە ئەوانەی سەردانی کلینیکە تایبەتەکان دەکەن، گومانی زیاتریان لەسەرە هەڵگری ڤایرۆسەکە بن بەراورد بە نەخۆشخانەکان، چونکە عەرەب و تورک و ئێرانی زیاتر دەچنە کلینیکە تایبەتەکان.

بەپێی پشکنینەکان بێت، رێژەکە لە سلێمانی بەرزەو بێگومان لە هەولێریش بەرزترە، بەڵام کێ هەیە رێگا لەو قەیرانە بگرێت کە ئەگەر گەورەتر ببێت هەزار کۆبوونەوەی پێنج قۆڵی چارەسەری ناکات و لە قەیرانی بودجە و داعش و سەرۆکایەتی و کۆچی گەنجانیش گەورەتر و مەترسیدارتر دەبێت.

# بە شەش رێگە بەرگریی جەستەت بەهێز بکە

رووداو- DW

وەک چۆن پرۆگرامەکانی دژە ڤایرۆس کۆمپیوتەرەکەت لە ڤایرۆس و پرۆگرامە نەخوازراوەکان دەپارێزن، سیستمی بەرگریی جەستەشت بەردەوام لە هەوڵدایە جەستەت لە ڤایرۆس و بەکتریا و کەڕووەکان و تەنە نەخوازراوەکانی دیکە بپارێزێ، بەڵام ئەو سیستمەش پێویستی بە گرنگیپێدان و پاراستنە تاوەکو لە کارەکانی بەردەوام بێت.

**ئەمانە چەند هەنگاوێکن بۆ پاراستن و بەهێزکردنی ئەو سیستمە:**



### 1 - خواردنی دروست:

بەشێکی زۆری خەڵکی پەنادەبەنە بەر خواردنە خێراکان و لە قوتوونراوەکان و چەورەکان کە وزەیەکی زۆر دەدەن، بەڵام لەڕووی بەهای خۆراکییەوە لاوازن و ڤیتامین و کانزای پێویستیان تێدا نییە. ئەوەش بەپێچەوانەی خواستی کۆئەندامی بەرگرییە. کۆئەندامی بەرگری پێویستی بەوەیە سەوزە و میوەی فرێش زۆر بخۆین و لە رەنگە جیاوازەکان هەڵبژێرین.



### 2 - خەوی پێویست:

کۆئەندامی بەرگری پێویستی بەماوەیەکی پێویستی خەوە بۆ ئەوەی خۆی رێکبخاتەوە و چالاکییەکانی بگێڕێتەوە. لەکاتی کەمخەویدا، سیستمی بەرگریی جەستە بەشێک لە تواناکانی لەدەستدەدات و ئەوەش رێگا خۆش دەکات بۆ ئەوەی ڤایرۆس و بەکتریا و کەڕوو پەلاماری شانەکانی جەستە بدەن.

توێژینەوەکان دەریانخستووە کە لەکاتی کەمخەویدا سیستمی بەرگری توانای دروستکردنی تەنیا 50%ی دژەتەنەکانی هەیە کە چەکی سەرەکیی کۆئەندامی بەرگرین بۆ جەنگ لە دژی ماددە نەخۆشخەرەکان. بۆیە پسپۆڕان ئامۆژگاریتان دەکەن لە شەو و رۆژێکدا لە شەش کاژێر کەمتر نەنوون.



### 3 - وەرزش:

وەرزشکردن زۆربەی سیستمەکانی جەستە چالاک دەکات، لەنێویاندا سیستمی بەرگریی جەستە، بەڵام وەرزشی تاقەتپڕوکێن بە تەنیا بۆ ئەو سیستمە باش نییە. بۆیە دەبێت هاوتا لەگەڵ وەرزشدا، نۆرەی پێویستی پشوو بدەیتە جەستەت. واتە بۆ بەهێزکردنی بەرگریی جەستەت، نە تەمبەڵ و کەمجووڵە بە، نە وەرزشی تاقەتپڕوکێن و ماوەدرێژی بێ پشوو بکە.

### 4 - دڵەڕاوکێ لاوازکەری بەرگرییە:

دڵەڕاوکێش وەکو تەنە نەخۆشخەرەکان دژی کۆئەندامی بەرگرییە و دەخوازێ لاوازی بکات. لەکاتی دڵەڕاوکێدا جەستە بڕێکی زۆر لە هۆرمۆنی "کۆرتیزۆڵ" دروست دەکات. ئەم هۆرمۆنەش ئامادەکاری دەکات بۆ رووبەڕووبوونەوە لەگەڵ ئەو مەترسییە گەورانەی جەستە رووبەڕوویان دەبێتەوە، وەک ئامادەکاری بۆ جەنگی دەستەویەخە یاخود هەڵاتن. وەک بەشێک بۆ خۆئامادەکردن بۆ ئەم پرۆسە کتوپڕە خۆپارێزییانە، مێشک فەرمان بە کۆئەندامی بەرگری دەکات چالاکییەکانی کەم بکاتەوە لەپێناوی فەراهەمکردنی سەرنجێکی زۆرتر بۆ ئەو بارە کتوپڕەی هاتووەتە پێش.




### 5 - کحول دژی سیستمی بەرگرییە:

کحول لەمپەر دەخاتە بەردەم کارکردنی وریایانەی بەشێک لە پێکهاتەکانی سیستمی بەرگریی جەستە. ئەگەر کەسەکە زێدەڕۆیی بکات لە خواردنەوەی کحولی، یان پێیەوە ئاڵوودە ببێت، ئەوە خانەکانی کۆئەندامی بەرگری تووشی لاوازی دەبن لە جەنگی دژی زیندەوەر و تەنە نەخۆشخەرە جیاوازەکان.

### 6 - جگەرە کۆئەندامی بەرگری دەپڕوکێنێ:

نیکۆتینی نێو جگەرە سیستمی بەرگریی جەستە ماندوو دەکات و چالاکییەکانی کەم دەکاتەوە. هەرەک جگەرەکێشان کاری پێکهاتەکانی رووکەشە شانەکانی کۆئەندامی هەناسە پەکدەخات و میکرۆب و تەنە نەخۆشخەرەکان ئاسانتر دەگەنە نێو قووڵایی جەستە.





# سوێری قەڵەوتان دەکات

رووداو- دەیلی مەیل

توێژەرانی بەریتانی دەڵێن ئەگەر ژەمەکانت سوێر و پڕخوێ بن، ئەگەری قەڵەویت زیاتر دەکات، جا بڕی کالۆری وەرگیراو لە خۆراکەوە هەرچەندێک بێت.

ئەوە یەکەمینجارە پەیوەندی لەنێوان بەکارهێنانی خوێ و قەڵەویدا دەدۆزرێتەوە. توێژەران دەڵێن بۆیان دەرکەوتووە ئەگەر رۆژانە تەنیا یەک گرام خوێ لە ژەمەکانتدا زیاتر بکەی، ئەوە ئەگەری قەڵەویت بەبڕی 25% زیاد دەکات.

توێژەران هەروەها جەختیشیان کردووەتەوە لەوەی بڕی کالۆری ژەمەکە هەرچەندبێ، زۆر خواردنی خوێ لە ژەمەکاندا ئەگەری قەڵەوبوون زیاتر دەکات.

توێژەرەکان گوتوویانە تاوەکو ئێستا بە وردی نازانن بۆچی خوێ دەبێتە هۆی قەڵەوبوون، بەڵام وای بۆ دەچن خوێ دەبێتە هۆی گۆڕینی سیستمی زیندەپاڵی خۆراک و رادەی هەڵمژینی چەورییەکان لەلایەن جەستەوە. بۆیە ئیدی دەکرێ لەنێو هۆکارەکانی قەڵەو بوون، ئاماژە بە زۆر خواردنی خوێ بکرێت و لە پلانی چارەسەرییەکانیشدا سنووردارکردنی بەکارهێنانی خوێ وەک هۆکارێکی یاریدەدەر لە رێکخستنی کێش تەماشا بکرێ.



رووداو هەمەجۆر
ژمارە (374) دووشەممە 2015/9/7

## ئەحمەد نیگا دەکات



**ڕێکەوت سەلام / رووداو- سلێمانی**

گۆرانیبێژی لاو ئەحمەد خەلیل کۆتایی بە کلیپکردنی بەرهەمێکی خۆی لەژێر ناوی (نیگا) هێنا.

ئەحمەد خەلیل بە (رووداو)ی گوت "بەرهەمێکم کە چەند رۆژێکە کاری وێنەگرتنی تەواو بووە، بڕیارە پاش ماوەیەکی دیکە بەشێوەی کلیپ بڵاوی بکەمەوە". بڕیار فەتاح کاری دەرهێنانی بۆ کلیپی گۆرانییەکە کردووە، بۆیە ئەحمەد پێیوایە لە رووی کلیپەوە ئەمجارە کارەکەی زۆر جیاوازە "چونکە بۆ یەکەمجارە بە ستایلێک کارم کردووە کە پێشتر لە کوردستان نەکراوە".

## تاهیر تۆفیق دەکرێتە کتێب



**هیوا سەلاح**
**رووداو- هەولێر**

جیهانبەخش کۆیی کە دەوڵەمەندترین ئەرشیفی هونەریی کوردی پاراستووە، دوو کتێب دەربارەی هونەری کوردی بڵاودەکاتەوە.

جیهانبەخش کۆیی سەبارەت بەم دوو کتێبە بە (رووداو)ی راگەیاند "کارەکانی ئەو دوو کتێبە بەرەو کۆتایی دەڕۆن، کتێبی یەکەم مێژووی میوزیکی کوردی لە ساڵی 1945 تاوەکو 2000 بە دۆکیومێنتەوە باس دەکات، کتێبی دووەمیش لەسەر مێژووی ژیان و بەرهەمەکانی هونەرمەند تایەر تۆفیقە، بەڵام زۆر بە تێرو تەسەلی و بەوێنەی دەگمەن کار و چالاکییەکانی ئەم هونەرمەندە دەخەینەڕوو".

جیهانبەخش ئەرشیفێکی مەزنی هونەرمەندانی پاراستووە، بۆیە داوا دەکات مەڵبەندێکی ئەرشیفی لە کوردستان بکرێتەوە بۆ ئەوەی هەموو کەلوپەل و وێنەو گۆرانییەکانی هونەرمەندانی تێدا هەڵبگیرێت.

## ئاشتی شەدەکەی مەردان شل دەکاتەوە



**رووداو- هەولێر**

گۆرانیبێژی گەنج ئاشتی هیدایەت، گۆرانییەکی عەلی مەردان بەناوی شەدە شل دووبارە دەڵێتەوە.

ئاشتی هیدایەت بە (رووداو)ی راگەیاند "ئەم گۆرانییە لەلایەن ژەنیاری بەتوانا نزار زێوەیی کاری دابەشکردنی میوزیکی بۆکراوە. لە ستۆدیۆی گرووپی سەنتەری هاوبەشی لوڕیش تۆمار کراوە".

هەروەها گوتیشی "ئەلبووێکی گۆرانیمان بەناوی ئەزموونێک تەواو کردووە کە بڕیارە لە ماوەی داهاتوودا بڵاوی بکەینەوە".

ئاشتی هیدایەت یەکێکە لە ئەندامە ئەکتیڤەکانی گرووپی میوزیکی لوڕ و مامۆستای پەیمانگەی هونەرە جوانەکانی سلێمانییە.

## محەممەد شێروانی شەهید دەبێت



**رووداو- هەولێر**

ئەکتەری گەنج محەممەد شێروانی دوای ماوەیەک بێدەنگی، بەشداری لە کورتە فیلمێکدا دەکات کە باس لە شەهید دەکات.

محەممەد شێروانی دەربارەی ئەم فیلمە بە (رووداو)ی راگەیاند "ئەم کارە کورتە فیلمێکە بەناوی شەهید، کە لە دەرهێنان و وێنەگرتنی سامی سەباحە، فیلمەکە تەنیا یەک کەس رۆڵی تێدا دەبینێت ئەویش منم".

دەربارەی چیرۆکی فیلمەکە شێروانی گوتی "فیلمەکە لە چاوی هاوێنەی فۆتۆگرافەرێکەوە باس لە پیرۆزیی شەهید دەکات، چیرۆکەکە ئەوکاتە دەست پێدەکات کە فۆتۆگرافەرەکە لە ناوچەیەکی کوردستان وێنەی سروشتی دار و باخ و دەشتاییەکانی کوردستان دەگرێت، بەڵام کاتێک دێتەوە ماڵەوە و وێنەکان دەخاتە سەر لاپتۆپەکەی وێنەی جیاواز و نامۆ دەبینێت کە لە شێوەی رۆحی شەهیدان لە هەموو شوێنێکەوە دەردەکەوێت، ئەمەش بە ئیلهام وەرگرتن لەو دەقە شیعرییەی عەبدوڵڵا پەشێو کە لە شیعری سەربازی وندا هاتووە".

## زانا جەبەلی میوزیک بۆ مێروولەکان دادەنێت



**هیوا سەلاح**
**رووداو- هەولێر**

ژەنیار و گۆرانیبێژی گەنج زانا جەبەلی میوزیکی فیلمێک بەناوی مەملەکەتی مێروولەکان دادەنێت.

زانا جەبەلی دوای ئەوەی بۆ ماوەی 6 ساڵ وازی لە گۆرانیگوتن و میوزیکژەنین هێنابوو، ئێستا خەریکی دانانی میوزێکە بۆ فیلمێک. لەوبارەیەوە بە (رووداو)ی راگەیاند "چەند مانگێکە سەرقاڵی دانانی میوزیکی فیلمێکم کە زیاتر لە 70 خولەک دەبێت".

زانا زانیاری زیاتری لەبارەی فیلمەکە ئاشکرا کرد و گوتی "فیلمەکە لە دەرهێنانی عەدنان عوسمانە و لە نووسینی نازم دڵبەندە. چیرۆکی فیلمەکە باس لە کارەساتی شنگال و پرسی ژنان و کچانی ئێزدی دەکات".

زانا گوتی لە کوردستان ئەو کەسانەی میوزیک بۆ فیلم دروست دەکەن لە پەنجەی دەست تێپەڕ ناکەن، بۆیە دەیەوێت بەشێوازێکی ئەکادیمی لەم بوارەدا ماستەر وەربگرێت، ئێستاش ئامادەکاری بۆ ئەم خەونەی دەکات.

## عەلیاوەیی مامۆستا راناگرن



**پشتیوان جەمال**
**رووداو- سلێمانی**

ناوەندی گاف گرووپ، کار لە چوار درامای نوێی تەلەفزیۆنیدا دەکەن و یەکێکیان تەواو کردووە.

مەریوان ئیبراهیم لە ناوەندی گاف گرووپ کە وەکو یاریدەدەری دەرهێنەر کار دەکات بە (رووداو)ی راگەیاند، بەرهەمە تەواوبووەکەیان نێوی دانیشتووانی عەلیاوایە لە نووسین و سیناریۆی لوقمان غەریب، بەرهەمی دووەمیشیان بەنێوی سەگەکانی رەزا بەگە کە لە داهاتوویەکی نزیکدا کاری تێدا دەکەن.

دانیشتووانی عەلیاوا چیرۆکێکی کۆمەڵایەتییە و مێژووەکەی دەگەڕێتەوە بۆ ساڵانی 1959-1960. مامۆستایەک دەچێتە ئاواییەکە بۆ ئەوەی زانست و زانیاری بڵاوبکاتەوە، بەڵام هەندێک لە دانیشتووانی ئاواییەکە دژایەتی دەکەن و دواتر شاربەدەری دەکەن.

هەریەک لە هونەرمەندان عەبدولی حەمەجوان، عەلی کەریم و عەلی توانا بەشدارییان لە دراماکەدا کردووە.

## دیلان نایەوێ ببێتە شاکیرا



**ڕێکەوت سەلام**
**رووداو – هەولێر**

کچە گۆرانیبێژی کورد دیلان خۆشناو کە شێوەی لە گۆرانیبێژی کۆلۆمبی شاکیرا نزیکە، دەڵێت نایەوێ بەهیچ کەسێکی دیکە بەراورد بکرێ و حەز دەکات خۆی بێت نەک کەسێکی دیکە.

دیلان خۆشناو کە لە ئەڵمانیا دادەنیشێ و بەشداری پرۆگرامی زەڤۆیسی ئەڵمانی کرد، ئێستا لە کوردستانە و بۆ یەکەمجار لە رێگای (رووداو)ەوە باسی نوێترین بەرهەمەکانی خۆی دەکات و دەڵێت "ئەلبوومێکی گۆرانیم لەبەردەستە، بەڵام هێشتا دیار نییە چەند تراک دەبێت، ئەگەری ئەوەش هەیە ئەلبوومەکەم بە زمانی کوردی و ئینگلیزی بڵاوبکەمەوە".

## شار، چیخۆف دەباتە سەقز

**پشتیوان جەمال**
**رووداو- سلێمانی**

تیپی شانۆیی شار بە بەرهەمی ڤانیای چیخۆف بەشداری فیستیڤاڵی شانۆیی سەقز دەکات کە ماوەی هەفتەیەک دەخایەنێت.

کامەران رەوف، دەرهێنەری شانۆیی ڤانیا بە (رووداو)ی گوت، لەلایەن سەرپەرشتیارانی فێستیڤاڵی شانۆیی سەقزەوە بە فەرمی بانگهێشت کراون و ئەوانیش دوو دەقی چیخۆفیان بەنێوەکانی خاڵە ڤانیا و باخی گێلاس لە بەرهەمێکدا بەنێوی ڤانیا کۆکردووەتەوە.


کامەران رەوف بەشداریکردنی تیپەکەیانی لەو فێستیڤاڵە بەلاوە گرنگە و گوتی "سەرکەوتنمان لەو فێستیڤاڵە دەروازەیەکە بۆ بەشداریکردن لە فێستیڤاڵی فەجری نێودەوڵەتیی تاران کە ساڵانە لە مانگی کانوونی دووەمدا ساز دەکرێ، بۆیە ئێمەش بەهاوکاری ئەو کەسانەی خولیای هونەر و ئەدەبی کوردین، بودجەیەکمان بۆ ئەو کارە کۆکردەوە".

فێستیڤاڵی شانۆیی سەقز دوێنێ یەکشەممە دەستیپێکرد و هەفتەیەک بەردەوام دەبێت.



## بەختی رووداو

**کاور**




کات گونجاوە بۆ باشترکردنی کارەکەت. کاتێک هەنگاو بۆ ئامانجێکی دیاریکراو دەنێی خەیاڵت بە شتی دیکەوە سەرقاڵ مەکە.

**گا**



ناتوانی کۆنترۆڵی راڕاییت بکەی، کێشەیەکت یەکلایی دەبێتەوە و بابەتێکی نوێ سەرنجت رادەکێشێ، هەموو ئەو شتانەی بیریان لێدەکەیتەوە لە قازانجت تەواو دەبن. هەنگاو بۆ پەیوەندیی ئەڤینداری قورسە.

**دووانە**



ئەو زانیاریانەی لە ماوەکانی رابردوو بەشوێنیاندا دەگەڕایت ئێستا خۆیان دێنە بەردەستت، بەڵام لایەنێکی تاریکی بابەتەکە وەک خۆی دەمێنێتەوە. ئەم ماوەیە کارەکان لە وادەی خۆی دوا مەخە.

**قرژاڵ**



گەشبین بەو ئێستا کاتێکی باشە، دەتوانی بیرکردنەوە و ئەزموونی ژیانت بەکار بخەی بۆ بەدەستهێنانی سەرکەوتنێکی نوێ، دەسکەوتێکی دارایی هەندێک گرفت چارەسەر دەکات.

**شێر**



هەفتەیەکی گونجاو دەبێت، بڕوابەخۆبوون رێگەی نوێت بۆ دەکاتەوە، دەتوانن سەفەرێکی دوور بکەن یان دەست بە خوێندن بکەنەوە. هەتا دەتوانی خەرجی کەم بکەرەوە و پاشەکەوت زیاد بکە.

**فەریک**



پشوویەک بدە بۆئەوەی ئاسوودەیی بۆ دەروونت بگەڕێتەوە. گلەیی لە خۆشەویستەکەت کەم بکەرەوە، چونکە لە خۆشەویستیدا چەند ببەخشیت هێندە وەردەگریتەوە.

**تەرازوو**




دڵتەنگی هەمیشە هۆکارێکی دیاریکراوی نییە، هەندێک جار بە هۆکارێکی سادە سەرهەڵدەدات، ئەگەر کۆنترۆڵی نەکەیت گرفتێک یان ئاڵۆزییەک بەدووی خۆیدا دەهێنێت. دەرامەت باش دەبێت.

**کەوان**




کاتێکی باشە، بڕیاری کۆتایی لەسەر کارێک دەدەیت و دڵخۆشت دەکات، گلەیی و گازندەکان نابنە چارەسەر بۆ گرفتەکانی ئێستا، بەڵکو دەبێت بەجدی مامەڵە لەگەڵ گۆڕانە نوێیەکان بکەیت.

**سەتڵ**



سەبرگرتنی درێژخایەن خۆشی گەورە دەهێنێت. هێز و توانات زیاد دەکات، ئەو کارانە جێبەجێ دەکەیت کە ئامادەکاریت بۆ کردوون. گومانەکانت کۆنترۆڵ نەکەیت هەنگاوەکانت تووشی ئاستەنگ دەبن.

**دووپشک**



لە هەڵبژاردنی کارێکدا بڕیاری خێرا مەدە، لە روانگەی هەستی خۆتەوە کەسایەتییەکان هەڵمەسەنگێنە، زۆرینەی کات هەستەکان راست نین. دەرگایەکی بەختەوەری گەورە لە ژیانت دەکرێتەوە.

**گیسک**



هەڵچوونەکانت کەم بکەرەوە. ئێستا کاتی هەوڵە گەورەکانە و هیچ هەلێک بەکەم مەزانە چونکە بەخت یارمەتیدەرە. هێز و توانایەکی زیاتر بەکاردەهێنی بۆ بەڕێوەبردنی کارەکان.

**نەهەنگ**



بیرکردنەوە و بۆچوونەکانت باشن، بەڵام بۆ ئەوەی سەرکەوتن بەدەست بهێنی و لە گرفت دوور بکەویتەوە گوێ لە بۆچوونی کەسانی نزیکت بگرە. گرنگی بە پەیوەندییەکانت بدە.



ئامادەکردنی: ئایار فەلەکی
ayarfalak@hotmail.com

# ئەوکاتەی هێشتا پێنجشەممە و هەینی دانەهاتبوو

**فەرهاد حەسەنزادە**
**وەرگێڕ (لە فارسییەوە): کیشوەر پیرۆتی**

سەردەمانێکی زۆر زۆر زوو کە هێشتا پێنجشەممە و هەینی دانەهاتبوو، پیاوێک چوو بۆ چوارشەممە بازاڕ تاکو کەرەکەی بفرۆشێ. خۆیشی وەکو کەرەکەی کەسێکی باش بوو. کەسێکی ساکار و دلۆڤان و کابرایەکی بێ فڕوفێڵ بوو. هیچ پێشی خۆش نەبوو گۆچانەکەی دەستی، واتە کەرەکەی بفرۆشێ. بەڵام بۆڵە و خوتەی منداڵەکانی بۆ کڕینی تەلەڤزیۆن ناچاریان کرد ڕازی بێت و گۆچانەکەی دەستی، واتە کەرەکەی بفرۆشێ و بە پارەکەی تەلەڤزیۆنێکی ڕەنگی بکڕێت.

بەیانیی ڕۆژی چوارشەممە، هێشتا هەتاو هەڵنەهاتبوو، لە گوندەکەیانەوە وەڕێ کەوت و پاش سەعاتێک گەیشتە بازاڕ. کەرەکە نەیدەزانی چی بەسەر دێت. پاش ئەوەی دوو سێ کەس هاتن و دەستیان بە سەر و ملیدا هێنا و نرخیان پرسی، تازە زانی خاوەنەکەی بە تەمای چییە.

بەڵام هیچکەس نەیدەکڕی. چونکە تاپۆی نەبوو. کڕیارەکان پێیان وابوو ڕەنگە ماڵی دزییەتی بێ. تاکو کابرایەکی قوڵەی سمێڵ گسک لەولاڕا هات و پرسی: "دەیفرۆشی؟"

کابرای خاوەن کەر گوتی: "ئەگەر کڕیار هەبێ، بەڵێ."

کابرا قوڵەی سمێڵ گسک هێندێک لە کەرەکە ورد بووەوە و گوتی: "مۆدێلی چییە؟!"

کابرای خاوەن کەر گوتی: "ئەمن مۆدێل و پۆدێل نازانم، بە چاک و بە خراپەوە هەر ئەوەیە وا لەبەرچاوتە."

کابرا قوڵەی سمێڵ گسک دەورێک بە دەوری کەرەکەدا هەڵسووڕا و پرسی: "ئەدی تاپۆ چی؟ هەیەتی؟"

کابرای خاوەن کەر، کە بە وشەی تاپۆ زۆر ناڕەحەت بوو، گوتی: "من لە تاپۆ و ماپۆ تێناگەم، چاک و خراپ هەر ئەوەیە وا لەبەرچاوتە."

کەرەکە خوداخودای بوو کابرا قوڵەی سمێڵ گسک نەیکڕێت. بەڵام کابرا پرسی: "داوای چی لێ دەکەی؟"

کابرای خاوەن کەر گوتی: "من نرخ و مرخ نازانم، یەکەو قسە سەد هەرمێ (1)."

کابرا قوڵەی سمێڵ گسک گوتی: "سەد هەرمێ! مەگین چییە! پێت وایە بێنزی دوایین مۆدێلە؟"

کابرای خاوەن کەر گوتی: "بۆ لە چیی کەمە؟"

کابرا قوڵەی سمێڵ گسک هەرچی عەیب و ئیرادی دنیا هەبوو لە کەرەی داماوی هەڵدا: "مۆدێلی نییە، تاپۆی نییە، هێندە پیرە لە کەڵکوکەرەم کەوتووە، زەڕەزەڕی نەماوە، چاوی دەرپەڕیون، گوێچکەی بەملاولادا هەڵدەسووڕێن، ناڵە لاستیقەکانی (2) دەبێ بگۆڕدرێن"؛ لە کۆتاییشدا گوتی: "ئەگەر تا هەتایە لێرە ڕاوەستی، کەس ئەم کەلاکەت لێ ناکڕێ."

کابرای خاوەنی کەرەکە هیچی نەگوت. بەڵام کەرەکە غیرەتی بزووت و چونکە ئەو هەموو عەیب و ئیرادەی پێوە نابوو، هەڵچوو. لە چاوتروکاندنێکدا هەڵسووڕا و لووشکەیەکی چاکی لە مەلاشووی کابرا قوڵەی سمێڵ گسک سرەواند و دوابەدوای ئەوە وەها زەڕاندی گوێی دنیای کەڕ کرد.

کابرا قوڵەی سمێڵ گسک بۆ ماوەیەکی زۆر لەسەر عەرزەکە دانیشت، نەیدەزانی ئەوە بازاڕەکەیە بە دەوری سەریدا هەڵدەخولێ یان بۆخۆیەتی کە بە دەوری بازاڕەکەدا هەڵدەخولێ. جا کە توانی هەستێتەوە، جلەکانی تەکاند و گوتی: "های های های! خۆ لووشکەش داوێ! عەیبەکانی کەم بوون، ئەوەشیان هاتە سەرێ."

خاوەنی کەرەکە کە ئەو کارە نامرۆڤانەیەی کەرەکەی زۆر پێ ناخۆش بوو، سێ مستەکۆڵە و چوار جنێوی ئاوقای کەرەکە کرد و ڕووی لە کابرا قوڵەی سمێڵ گسک کرد و گوتی: "لە بێشەرمیی ئەم نێرەکەرە خۆش بە." دەترسا ئەم کڕیارەشی لەدەست دەرچێ، پاڕاوە و گوتی: "من حازرم بە هەر جۆرێک کە ئێوە بفەرموون ئەو بێشەرمییە قەرەبوو بکەمەوە."

کابرا قوولەی سمێڵ گسک کە هێشتا بازاڕەکە هەر بە دەوری سەریدا هەڵدەخولا گوتی: "بە گوتەی پێشینیان ماڵی قەڵب سەر بەساحێبیەتی! کەری خۆت هەر بۆخۆت."

کابرای خاوەن کەر بە پاڕانەوەوە گوتی: "باوەڕت بێ ئەم کەرە، کەرێکی خراپ نییە. حەتمەن بە قسەکانت ناڕەحەت بوو کە لووشکەی لێدای. ئەگەر بیکڕی، ئامادەم بە کەمتریش بتدەمێ. ئاخر دەزانی چی، من دەبێ بەر لە ڕۆژئاوابوون، گۆچانەکەی دەستم، یانی کەرەکەم بفرۆشم و تەلەڤزیۆنی بۆ منداڵەکانم پێ بکڕم و بیبەمەوە بۆ گوندی."

کە کابرای خاوەن کەر ئەو قسەیەی کرد، هەم کەرە بەزەیی پێیدا هات و هەمیش کابرا قوڵەی سمێڵ گسک. کەرەکە بیری مراد و جەوادی کردبوو کە منداڵی خاوەنەکەی بوون. کابرا قوڵەی سمێڵ گسکیش بە دەرفەتی زانی و گوتی: "باشە. ئەگەر بە نیوەی نرخەکەی خۆی بمدەیەی، کەرەکەت لێ دەکڕم."

خاوەنی کەرەکە گوتی: "یانی دەتەوێ بە پەنجا هەرمێ گۆچانەکەی دەستم، یانی کەرەکەم لێ بکڕی؟"

کابرا قوڵەی سمێڵ کسگ هێندەی لەسەر ڕۆیی و لە سەروسەکتی کەرەی دا و عەیبی لێ دیتەوە تا ئاخرییەکەی بە شەست هەرمێ و هەژدە گێلاس کەرەی کڕی.

وەختایەک خاوەنی کەرەکە هەرمێ و گێلاسەکانی وەرگرت و ڕۆیی، کەرە بە چاوی پڕ لە فرمێسکەوە چاوی لێ دەکرد و هەناسەی هەڵدەکێشا. کەرەکە زۆری پێ خۆش بوو کابرا بزانێ چەندە ئەو و منداڵەکانی خۆشدەوێ.

ئێستا ئیتر کەرە خاوەنێکی دیکەی هەبوو، پێی وابوو لەباتی خەم و خەفەت باشتر وایە ئەمەیانی خۆشبوێت و خزمەتی خاوەنە نوێیەکەی و منداڵەکانی بکات و هاتوچۆیان پێ بکات. کەری داماو نەیدەزانی کابرا دەڵاڵە و خۆیشی کاڵایە. ئەو نەیدەزانی کاڵا قەت دڵ بە دەڵاڵ خۆش ناکا. کابرا قوڵەی سمێڵ گسک، جارێکی دیکە چاوێکی بە کەرەکەدا گێڕاوە و پاشان بردی بۆ "کەرواش" (3). کابرایەکی مل چەکچەکیلەی چەکمە لەپێ، بە شامپۆی فەرش کەرەی شووشت و بە سێشوار وشکی کردەوە. هەروەکو بووکی دەشتی لێ هات. کەرە زۆر خەنی بوو و کەیفی کرد. پاشان کابرا قوڵەی سمێڵ گسک کورتانێک و سەرکورتانێکیشی بۆ کڕی. کەرە زۆر خەنی بوو و کەیفی پێ کرد. پاشان ناڵە لاستیقەکانیشی بۆ سپۆرت کردەوە و کۆڵێکی زەنگوڵە و مەنگوڵە پێوە هەڵواسی. کەرە زۆر خەنی بوو و کەیفی پێ کرد. لە کۆتاییشدا تاپۆیەکی بۆ جێبەجێ کرد تاکو دیسانیش کەرە زۆر خەنی بێت و کەیفی پێ بکا، بەڵام کەرەکە نەیدەزانی تاپۆی دەستکرد چ سوودێکی هەیە، کەواتە خەنی نەبوو و کەیفی پێ نەکرد.

کەرە هەر لە کەیفی خۆیدا بوو و بیری لەوە دەکردەوە تا ئێستا بێجگە لە بارکێشان هیچی نەدیوە و پێی وابوو ڕابردووی لەخۆڕا لەکیس چووە و خاوەنەکەی پێشووی زوڵمی لێ کردووە، کەچی لەپڕدا خۆی لە چوارشەممەبازاڕ دیتەوە و تازە زانی کە جارێکی دیکەش دەبێ بفرۆشرێ.

کەسانێکی زۆر دەهاتن و دەچوون و مەزندەیان دەکرد، بەڵام هیچیان نەیاندەکڕی. کەرە سەری سوڕمابوو، ئاخر ئەو کەسانەی کڕیار نین بۆچی نرخی شتەکە دەپرسن. لەو فکرانەدا بوو لەپڕدا چاوی بە خاوەنەکەی پێشووی کەوت تەلەڤزیۆنێکی بە دەستەوە بوو، پێدەکەنی. کەرەکە کۆنەخاوەنەکەی خۆی ناسییەوە، بەڵام کابرا کەرەی نەناسییەوە. کەر لەخۆشیان کەوتە زەڕەزەڕ و ئاو بە لالەغاویدا هاتە خوارێ. بەڵام خاوەنەکەی دیسانیش هەر نەیناسییەوە. کەرە ناڕەحەت بوو، بیری کردەوە: "دروستە سەروسەکتم گۆڕاوە، بەڵام خۆ دەنگم هەروەک خۆی ماوە". تێگەیی هۆکارەکەی چییە، لەخۆشیی تەلەڤزیۆنەکە چاوی هیچی نەدەدی: "خۆشەویستیی تەلەڤزیۆنەکە کوێری کردووە"، سەری ڕاوەشاند: "مراد و جەواد تەلەڤزیۆنیان لە من خۆشتر دەوێ. خۆزگە زانیبام ئەو تەلەڤزیۆنە چی تێدایە وا لە من گرینگترە."

هەر لەو وەختەدا کڕیارێکی دیکە هات. لاقی درێژ و ریشی وەکو ڕیشی بزن وابوو. کەرە بۆ ئەوەی چاو لە سەروچاوی کابرا بکات، دەبوو سەری هەڵێنێ. کابرای لۆق درێژی ریش بزن هەرکە چاوی بە کەرەکە کەوت پێشکەنی. پێکەنینەکەی وەکو حیلەی ئەسپ وابوو. دەستەکانی پێکدا دا و گوتی: "دەیفرۆشی؟"

کابرا قوڵەی سمێڵ گسک گوتی: "ئەرێوەڵا دەیفرۆشم، چاکیشی دەفرۆشم. کەرێکی نموونەیە، هەموو دنیا بگەڕێی کەرێکی دیکەی ئاوات دەست ناکەوێ. خۆشڕکێف و خۆشڕەنگ و گەنجە. هەم زۆر خێرایە و هەمیش زۆر بار هەڵدەگرێ. ئەو کەرە دەلیایەک کەسایەتیی پیاو دەباتە سەرێ!"

کەرە زۆری کەیف بە تاریفەکانی کابرا قوڵەی سمێڵ گسک کرد. باوەڕی نەدەکرد هێندە کەری چاک بێ. هەربۆیە کەوتە زەڕەزەڕ، هەر دەیزەڕاند و بێدەنگبوونی نەبوو.

فرۆشیار گوتی:

"فەرموو دەنگیشی زۆر خۆشە. لەو گۆرانیبێژانەی ئێستا زۆر چاکتری دەڵێ."

کابرای لۆق درێژی ڕیش بزن دەستێکی بە سەروسەکتی کەرەدا هێنا و گوتی: "نرخەکەی چەندە؟"

ـــ شایانی نییە، بۆ کەسێکی بەڕێزی وەکو ئێوە دەکاتە پێنجسەد هەرمێ.

ـــ پێنجسەد هەرمێ! چ خەبەرە کاکە! ئەوە نرخی ئەسپێکە.

ـــ ئێوە ڕاست دەفەرموون قوربان! بەڵام خۆ هەموو کەرێک وەک یەک نییە. ئەم کەرە لە هەموو کەرەکانی دنیا جیاوازە. بەڵێ کەر هەیە بە پەنجا هەرمێ، بەڵام بەجارێکی لە کەڵک کەوتووە و پیر و لاکەوتە بووە. ئەم کەرە، هەم مۆدێلی لەسەرێیە، هەمیش شازە. زۆریش غارغارێنی پێ نەکراوە، هی خاتوونێکی پزیشک بووە بەیانی و بەیانی پێی چووەتە دەوامەکەی و ئێواران پێی گەڕاوەتەوە. نە باری بردووە و نە موسافیرکێشیی کردووە. قسەی لەسەر نییە.

ئەوەندەی نەمابوو کەرەکە بە درۆکانی کابرا دوو دانە شاخ لەسەر تۆقی سەری شین بێت و هێندەشی نەمابوو لەداخان لووشکەیەکی دیکەی وەکو ئەوەی پێشووی پێشکێش بکات، بەڵام سەری سوڕما کە دیتی کابرای لۆق درێژی ریش بزن هەرمێکانی لە توورەکەکەی دەرهێنا و خستییە نێو چنگی کابرای فرۆشیارەوە و گوێی لێی بوو گوتی: "من ئەم کەرەم بۆ فیلمێکی تەلەڤزیۆنی دەوێ."

کابرا قوڵەی سمێڵ گسک لەو وەختەدا کە هەرمێکانی دەخستە نێو توورەکەکەیەوە، ڕووی لە کەرەکە کرد و گوتی: "ئای لەو بەختەی! کەواتە زۆر بەناوبانگ دەبی، خۆزگە من لەباتی تۆ بوایەم و تەلەڤزیۆن نیشانی دابام."

بۆ کەر زۆر سەخت نییە هەم سەری سوڕبمێنێ و هەمیش خۆشحاڵ بێ. کەرەکە زۆر دڵی خۆش بوو، لەدڵی خۆیدا دوعای دەکرد: "خۆزگە تاکو ڕۆژئاوا نەبووە بچمە نێو تەلەڤزیۆنەوە. زۆرم بیری خاوەنەکەی هەوەڵیم و منداڵەکانی کردووە."

بەمجۆرە پاڵەوانەکانی ئەم چیرۆکە تەلەڤزیۆنیان وەدەست کەوت، هەڵبەت یەکیان چووە نێو تەلەڤزیۆنەوە و ئەوانەی دیکەش بە دەرەوەی ڕازی بوون.



**پەراوێزەکان:**

**(1) یەکەی دراوی خەڵک لەو سەردەمەدا کە هێشتا پێنجشەممە و هەینی دانەهاتبوو.**

**(2) ناڵی لاستیق: گۆیا سەردەمانی زوو، کە هێشتا ئاسن دانەهاتبوو، ناڵی کەریان لە لاستیق (لاستیک) دروست دەکرد.**

**(3) کەرواش: حەمامی کەران. هاوواتای "Carwash"؛ شوێنی شووشتنی ئۆتۆمبێل.**

**سەرچاوە:**

**در روزگاری که هنوز پنجشنبه و جمعه اختراع نشده بود، مجموعه داستان، فرهاد حسن‌زاده، مؤسسه‌ی انتشارات چرخ‌فلک، تهران چاپ پنجم ۱۳۸۹.**

# پاراستنی ڕۆحی منداڵ لەناو پەروەردەدا*

**دووەم: پەرژینی زیهنی**

پەرژینی زیهنیی منداڵ، واتە گەیاندنی منداڵ بە ئاستێک کە بتوانێ بیرکردنەوەی خۆی باس بکات. بە واتایەکی تر ئازادیی دەربڕینی ناخیەتی.

ئەگەر لەناو پاس یان قەرەباڵخییەکدا، پیاوێک خۆی بە ژنێکەوە بنووسێنێ، بەڵام ژنەکە نەڵێت "دەتوانیت کەمێک بچیتە ئەولاوە، هەراسان بووم" ناتوانین لەم ژنەدا باسی توانای خۆپاراستن بکەین. ئەو مرۆڤانەی لە قۆناغی منداڵیدا ڕێیان لێدەگیرێت قسە بکەن و هەستەکانیان دەرببڕن، لە کاتی گەورەییشدا ناتوانن هەستەکانیان دەرببڕن تەنانەت ئەگەر هەراسانیش بکرێن. زۆر جار ئەم جۆرە مرۆڤانە دەڵێن "بەهۆی تەربیەتمەوە نەمتوانی هیچ بڵێم" بەڵام لەڕاستیدا ئەمە نیشانەی لاوازییە کە بێدەنگ دەبن بەرامبەر بەو شتانەی نیگەرانیان دەکات.

پەرژینی زیهنی، کاتێک دروست دەبێت کە مرۆڤ بە ڕێزەوە گوێ بۆ دەربڕینەکانی بەرامبەرەکەی بگرێت و گرنگیی پێ بدات. بۆ نموونە باوکێک لەگەڵ کچەکەیدا قسە دەکات. کچەکە باسی ئەو ڕۆژەی بۆ دەکات لە قوتابخانە. ئەوان بەردەوامن لەسەر قسەی خۆیان، لەم کاتەدا دایکی کچەکە بێ ئەوەی ئاگاداری دەمەتەقێی ئەوان بێت، لە چێشتخانەکەوە بانگ لە هاوسەرەکەی دەکات و دەڵێت "وەرە بۆت باسبکەم ئەمڕۆ چیم بینی" بەم جۆرە دەیەوێت قسە لەگەڵ هاوسەرەکەی بکات... لێرەدا ئەگەر باوکی کچەکە بڵێت "یەک دەقە چاوەڕێ بە لەگەڵ کچەکەم قسە دەکەم، باسی ئەمڕۆی قوتابخانەیم بۆ دەکات" و کەشێک بڕەخسێنێ بۆ کچەکەی تا بەردەوام بێت لە قسەکانی، پەرژینی زیهنی بۆ کچەکەی دەنەخشێنێ.

نموونەکە دەکرێت بە پێچەوانەشەوە بێت. بۆ نموونە دایک و باوکی کچەکە لەسەر مێزی نانخواردن پێکەوە قسە دەکەن. کچەکەی دەیەوێت شتێک لەبارەی قسەی دایک و باوکییەوە بڵێت. لەم کاتەدا دەبێت دایکەکە بە شێوەیەکی زۆر جوان بە کچەکەی بڵێت "کچم شتێک بۆ باوکت باس دەکەم. با قسەکانی من تەواو ببێت ئینجا گوێ لە تۆ دەگرم. باشە؟" بەم جۆرە منداڵەکەی فێر دەکات کە چەندە گرنگە چاوەڕێی تەواوبوونی قسەی کەسانی تر بکات. دوای تەواوبوونی قسەکانیان، دایکەکە بە کچەکەی دەڵێت "کچم ئێستا نۆرەی تۆیە قسە بکە" بەم جۆرە منداڵ فێر دەبێت کە قسە بەکەس نەبڕێت و بە شێوەیەکی جوان قسە لەگەڵ کەسانی دەوروبەریدا بکات. هەروەک وزەی پێدەدرێت بۆ ئەوەی بە ئازادی هەستەکانی دەرببڕێت.

نموونەیەکی تر: دایک یان باوک بە تەلەفۆن قسە دەکات. لەم کاتەدا منداڵەکەی دێتە لایەوە و دەیەوێت شتێکی پێ بڵێت. لەم کاتەدا دایک یان باوک بەو کەسەی لە تەلەفۆندا قسەی لەگەڵدا دەکات دەڵێت "ببوورە منداڵەکەم شتێک دەڵێت، یەک تۆز چاوەڕێ بە ئێستا قسە دەکەینەوە". پاشان بە منداڵەکەی دەڵێت "ڕۆڵە گیان، بە تەلەفۆن قسە دەکەم، یەک تۆزی ماوە، چەند خولەکێکم پێدەچێت (دەکرێت ئاماژە بە سەعاتی سەر دیوارەکە بکات) دواتر قسە دەکەین، باشە؟". دەبێت لێرەدا ئەوەمان لەبیر نەچێت کە پێویستە دایک و باوک بەڵێنەکەیان ببەنە سەر و لەو ماوەیە زیاتر بە تەلەفۆن قسە نەکەن کە بە منداڵەکەیان گوتووە، دواتریش لەگەڵ منداڵەکەیاندا قسە بکەن.

ئەو ڕستەیەی کە دایک و باوک بە منداڵەکانیان دەڵێن "دواتر گوێ لەتۆ دەگرم؟" گرنگترین دەستەواژەیە بۆ چەسپاندنی پەرژینی زیهنی لە منداڵدا. دایکان و باوکان، هەم لە پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکاندا، هەمیش لە پەیوەندییان لەگەڵ منداڵەکانیاندا، پێویستە زوو زوو دەستەواژەی "دەبێت؟" وەک پرسکردن بەکاربهێنن. بەم جۆرە منداڵەکانیان فێری ئەوە دەکەن کە لە ژیانی ڕۆژانەیاندا پەرژینی زیهنییان بپارێزن. ئەگەر وایان کرد، کاتێک کە منداڵ لەگەڵ دایکی قسە دەکات و بێ ئاگایانە باوکی دێتە ناو قسەکەیانەوە، منداڵەکە بە ئاسانی دەتوانێت بڵێت "باوکە ببوورە، من لەگەڵ دایکم قسە دەکەم، تۆ دەتوانی بوەستی تا من قسەکانم تەواو دەکەم پاشان قسەی لەگەڵ بکەیت؟". خۆشترین شتیش لە پەروەردەی منداڵدا بینینی ئەمەیە کە هەڵسوکەوتەکانمان کاریگەری لەسەر منداڵەکانمان داناوە.

ئەو منداڵانەی پەرژینی زیهنییان بەزێندراوە، تێکشکێندراوە یان هەر دروست نەکراوە، لەکاتی گفتوگۆدا گرفتیان هەیە. ئەم منداڵانە بە خێرایی قسە دەکەن. بۆچی؟ چونکە ناچارکراوە ئەوەی لە زیهنیدایە بەخێرایی بیڵێت. بۆ نموونە دایکی دەڵێت "ئادەی، خێراکە دەی پێم بڵێ بزانم چیت دەوێت، ئیشم هەیە". منداڵەکەش ناچار دەبێت لە ماوەیەکی کەمدا هەموو شتەکانی بە دایکی بڵێت، ئەمەش وای لێدەکات بەردەوام بە خێرایی قسە بکات.

**وەرگێڕانی: محەممەد ئیسماعیل**

***ئەم وتارە بەشێکە لە کتێبی (پەروەردەی ڕەگەزیی منداڵ) ی نووسەری تورک ئادەم گیونەش کە وەرگێڕدراوە و بەشێوەی زنجیرە وتار لە (ڕووداو) بڵاودەکرێتەوە.**

## ئالان.. دوای هاتنەدەرەوەی لە کامێراکە

# منەتی ئەدەب و هونەر لەسەر سیاسەت

سەنگەر زراری



**"دەزانن ناوم چییە، بەڵام هەرگیز نازانن چیرۆکی ژیانم چۆنە؟!"**
**ئەلبێر کامۆ**

کاتێ (نیلۆفەر دەمیر)ی وێنەگر، تەرمی (ئالان) لە کەناری ڕووبارەکە دەبینێ، (ئەو منداڵە دوو ساڵانەی بووە قوربانییەکی دیکەی دەریای ئیجە و کۆچ و پەناهەندەیی)، تووشی شۆک دەبێ، بەڵام ناتوانێ هەر واش جێی بهێڵێ، یان بە دیارییەوە دانیشێ و بگری، ئەو دەزانێ تازە کارێکی گەورەی کەوتە ئەستۆ، ئەویش گەیاندنی گەورەیی ئەم کارەساتەیە بە گوێی دنیا، بۆیە دەکەوێتە وێنەگرتنی، دواتر دوودڵ دەبێ لە بڵاوکردنەوەی وێنەکان، بەڵام دیسان بیر لەوە دەکاتەوە کە نابێ ئەم کارەساتە بە بێدەنگی تێپەڕێ، ڕاستە هەزاران کەس دەگریێنێ، بەڵام ڕەنگە بشبێتە هۆکارێک بۆ کەمکردنەوەی برێک لەم کارەساتانە.

کاتێ دەبینین کە سیاسییەکانی دنیا، بە دیار وێنەکەی (ئالان)ی تەمەن دوو ساڵانەوە دۆش دادەمێنن و دەیکەنە هەڵڵا لە دوای وێنەکە، زیاتر دڵڕەقیی سیاسەت و بێباکیی سەرۆکە سیاسی مەشرەبەکانمان بۆ دەردەکەوێ، سەرنج بدە نووسیم (لە دوای وێنەکە)، نەک لە دوای کارەساتەکە، ئەمەم بۆ دوو مەبەستە، یەکەم: گرنگیی هونەر لە وێناکردنی وردەکارییەکانی ژیان بە دیار بخەم، دووەم: ئەوە بخەمەڕوو کە سیاسییەکان تەنیا ئەو شتانە دەیانجوڵێنێ و هەستی پێ دەکەن کە پێشانیان دەدرێ، نەک ئەوەی خۆیان بەدوویدا بچن و بزانن گوزەرانی خەڵک چۆنە.

ئەدیب، نووسەر و هونەرمەندان، درک بە گەورەیی تاک و ژیانی تاکەکانی کۆمەڵگا دەکەن و وردەکارییەکانی ژیانی تاکە کەسەکان دەیانوروژێنێ، هەر ئەوانن دەتوانن لە ڕێگای کارەکانیانەوە: "ژانری ئەدەبی، نووسین و کارە هونەرییەکان"، هەستی مرۆیی ببزوێنن و بجووڵێنن، ئەمە هەرگیز لە سیاسی و سەرمایەدارەکان ناوەشێتەوە، وێنەگرەکە لە جێگایەکدا باسی ئەوە دەکات کە بیری لەوە کردووەتەوە، ئاخۆ چۆن دایکی (ئالان) پێڵاوی لەپێی ئەم منداڵە کردووە و چۆن سەرەتا دەشێ منداڵەکە خۆی پێڵاوەکەی بە پێچەوانە لەپێ کردبێ و ڕاست و چەپی پێکردبێ، دواتر دایکەکە بۆی ڕاست کردووەتەوە. ئایا گەورە پیاوانی سیاسەت، ئەگەر تەرمێک ببینن، هەرگیز بیریان بۆ ئەم وردەکارییانە دەچێ؟ با ئەو کەسانە سەرۆکی وڵاتانی ئەورووپی و ئەمەریکی و وڵاتە پێشکەوتووو دیموکراتخوازەکانیش بن. بێگومان نەخێر، ئەگەر وا نەبووایە کۆبوونەوەکانیان لە دوای وێنەکە، ئەوەندە گەورە و فراوان نەدەکرد و زووتر دۆخەکەیان چارەسەر دەکرد.

بە قەولی چینییەکان، وێنەیەک گوزارشت لە دە هەزار وشە دەکات، تۆ بڵێ ملیۆنان وشە، ئەوە نییە وێنەکەی ئالان بە ملیۆنان وشەی لەسەر گوتراوە و نووسراوە و ڕشتەی نووسینەکانیش بەردەوامییان هەیە، بە جۆرێک پێدەچێ کۆتایی نەیەت؟

لەگەڵ ئالان، خەڵکی دیکەش خنکان، یەکێک لەوانە برایەکی نزیک تەمەنی خۆی بوو، لەم ڕێگای هات و نەهاتەدا، ڕۆژانە کارەساتی لە جۆری مەرگەکەی ئالان دووبارە و دەبارە دەبێتەوە، ڕۆژانە لە وڵاتانی دونیا منداڵ لە برسان (لەبەر هەژاری) و لە ترسان (لەبەر شەڕ و شۆڕ) دەمرن و گیان دەسپێرن، کەچی سیاسییەکان هەستیان ناجووڵێ، کەواتە ئەوە هونەرە کە هەستی سیاسییەکان دەجووڵێنێ، دەستیان دەگرێ و بەرەو شوێنی کارەساتەکانیان دەبا و پێیان دەڵێ ئەوەتا ئاگر و کەندەڵانەکە. ئەوە ئەدەبە کە مردنەکان لە (ژمارە)وە دەگۆڕێ و دەیانکاتە کارەسات، بەو مانایەی کە مردن لە لای ئەوان و لە لای دامودەزگا هەواڵییە بێ باکەکان، تەنیا بووەتە ژمارە، بۆ نموونە ئەگەر وێنەی ئەو منداڵە پەپوولەیە نەگیرابا و لە کامێراکە نەهێنرابا دەرەوە و بەم شێوەیە نەبینرابا، هەواڵەکەی لەوە تێپەڕی نەدەکرد کە بڵێن: "بە هۆی شەپۆلێکی ئاوەوە یازدە سەرنشین خنکان، کە بە نیاز بوون بە قاچاخ بچنە ئەورووپا، لە ناو قوربانییەکاندا ژن و منداڵیش هەن"، زۆر لەوە زیاتر هەڵوەستەیان لەسەر کردبا، هەر دەگەیشتە ئەوەی ناوەکانیان بڵاوبکەنەوە، وەک خۆمان دەبیینین کە تەنانەت هەندێکیان نابنە بابەتی هەواڵیش و بە پەنهانی سەر دەنێنەوە و کەس پێیان نازانێ.

ئەو وردەکاری و هەستبزواندنەیە، ئەدەب لە سیاسەت و لە مێژوو جیا دەکاتەوە و مرۆڤ دەخاتەوە ناو هەست و سۆزە مرۆییەکەی، مێژوو وەکو هەواڵەکانە، "شەست ملیۆن کەس لە جەنگی دووەمی جیهانیدا کوژران کە دەیکردە نزیکەی دوو و نیو لە سەدی دانیشتووانی جیهان"، ئەمە وەکو بابەتێکی ئاسایی دەخوێندرێتەوە، ڕەنگە تۆزێ سۆزدارانەش بخوێندرێتەوە، بەڵام هەرگیز وەکو ئەوە نییە کاتێک ڕۆمانێک، یان چیرۆکێک لەسەر ژیانی یەکێک لەم کوژراوانە دەخوێنینەوە، دوور نییە بە دیارییەوە دابنیشین و بگرین، هەر ئەم هەستەیە وا لە ئەدیبان دەکات ڕەشبینانە لە ژیان بڕوانن، ئەوان دەچنە ناو وردەکاریی هەست و سۆزی مرۆییانەی مرۆڤ و هەست بە خوێن و دەمارەکانیان دەکەن، هەروەک خوێنەریش پەلکێشی ناو ئەم ڕووداو و کارەساتانە دەکەن و فێری ئەوەیان دەکەن کە کارەساتەکانی ژیان بچووک نین، ڕۆماننووسی پورتوگالی خۆزێ ساراماگۆ (1922-2010) پێی وابوو کە گەشبینی، گەمژەییەکی تەواوە. ژان پۆل سارتەری فەیلەسووف و ڕۆماننووسی فەرەنسیش (1905-1980) دەیگوت: "ئەوەی هەست بە دەرد و مەینەتییەکان نەکا، بەشەر نییە، بەڵکو زیاتر لە نەبوونەوە نزیکە".

## فەرمانبەرێکی زیندوو



ڕەنگە شەیدای بووکی شیعر بین و تامەزرۆی ئەوە بین زوو زوو بە دیداری چاومان ڕوون ببێتەوە، دەشێت ناوبەناو شیعریش بنووسین، تەنانەت ڕێی تێ دەچێت، شاعیرێکی ڕاستەقینەیش بین، بەڵام ئەو هۆکارانە، بەرەو ئەو ئەنجامەمان نابەن کە توانای هەڵسەنگاندنی شیعرمان هەیە، دەتوانین لەبارەی شیعرەوە قسە بکەین و وەڵامی پرسیاری: بۆچی فڵان تێکست دەکەوێتە خانەی شیعرەوە، بدەینەوە.

زۆر لە شاعیرانی کورد، هەرچەندە شیعری جوانیان نووسیوە، بەڵام توانای ئەوەیان نییە و نەبووە، پەرەگرافێک لەبارەی هونەری شیعرەوە بنووسن. لە نیو سەدەی ڕابردوودا، کورد دەیان شاعیری تێدا هەڵکەوتووە، بەڵام بە دەگمەن، یەکێکیان، توانای ئەوەی هەبووە، لەبارەی شیعرەوە، یان تەنانەت لەبارەی ئەزموونی شیعریی خۆیشییەوە قسەیەکی جوانی هەبووبێت.

ئەدەب ئەوە نییە، کوتومت ڕەنگدانەوەی واقیع بێت، ئاخر ئەوەی بە موو لە واقیع لا نادات، ڕەنگە هەواڵ یان ڕیپۆرتاژ بێت، ئەدەب ئەوەیە کە باسی واقیعمان کرد، لەوە بچێت، زادەی خەیاڵە، یان کە بەرهەمی خەیاڵ بوو، لە واقیعی بچێت. خراپترین جۆری (هەڵسەنگاندنی ئەدەبی) کە ڕەنگدانەوەی فەقیرخەیاڵییە، ئەوەیە، ئەگەر لە چیرۆکێکدا، گێڕەرەوە کەسی یەکەمی تاک بوو، ئەگەر شیعرێک بە جێناوی (من) قسەی کرد، ئیدی پێمان وابێت، ئەوی دەپەیڤێت، خودی نووسەر یان شاعیرە و ئەوەی دەیڵێت، واقیعییە و لە خۆی قەوماوە.

گەلێک جار کە شیعرێکی لیریکم نووسیوە، هەندێک لە خوێنەران بیریان بۆ ئەوە چووە، ئەوەی نووسیومە، لە خۆم قەوماوە و پرسیاری ناوی ئەو کەسەیان لێ کردووم کە هۆنراوەکەم بۆ گوتووە و تەنانەت ئەگەر چیرۆکی ناو شیعرەکە بە کارەسات تەواو بووبێت، هاوسۆزیی خۆیان پیشان داوە و داوای سەبووریيان بۆ کردووم! لەمەیش کارەساتبارتر ئەوە بووە کە ساتیرم نووسیوە، بابەتەکەیان بە گاڵتە، وەک ساتیر قۆشمە بێت، وەرگرتووە، بێ ئاگا لەوەی ساتیر، تراجیدیایە لە بەرگی کۆمێدیادا و داریۆ فۆ لە سۆنگەی ساتیر نووسینەوە، ساڵی 1997 نۆبێڵی لە ئەدەبدا پێ بەخشرا.

نووسەر ئەوە دەنووسێت کە بە لایەوە گرنگە، ئەوەی سەرنجی ڕادەکێشێت و سەرسامی دەکات، نووسەر ئەزموون و بیرەوەرییەکانی خۆیشی دەگێڕێتەوە و دەشێت لە هەموو بەرهەمێکیدا، شتێک لە ژیانی ڕاستەقینەی خۆی هەبێت، بەڵام مەرجە هەمیشە خەریکی نووسینەوەی ژیاننامەی خۆی بێت، ئاخر بەرهەمی ئەدەبی بە پلەی یەکەم داهێنانی واقعێکی نوێیە کە جێی باوەڕ بێت، نەک وێنەگرتنێکی فۆتۆگرافییانەی واقیع. بۆچی چیخۆف بە کورتەچیرۆکێکی وەک (مەرگ)ی فەرمانبەرێک، کە هەشت سەد وشەیەکە، کارەکتەرێکی خوڵقاندووە، لە یادگەی مرۆڤایەتیدا (زیندووە) و هەیە چەندان (ڕۆمان)ی سەدان لاپەڕەیی نووسیوە، بێ ئەوەی کارەکتەرێکی نەمری خوڵقاندبێت؟ چونکە چیخۆف داهێنەر بووە و داهێنانیش زادەی کورتبڕییە، نەک درێژدادڕی. بۆ ئەوەی بەرهەمێک بنووسین بکەوێتە خانەی داهێنانەوە، دەبێت واقیع لە گۆڕاندا ببینین، ئاخر هەموو شتێک کاتەکییە، تەنیا گۆڕان هەمیشەییە.

نیتشە گوتەیەکی جوانی هەیە کە دەڵێت: (نووسین هونەری سەرلەنوێ نووسینەوەیە،) تەنانەت هەندێک وایان تەرجەمە کردووە کە گوتوویەتی: (نووسین هونەری کاوێژکردنە،) ئاخر ئەدیب هەر چییەک بڵێت، پێشتر شتی لەو بابەتە گوتراوە و کەس لە سفرەوە دەستی پێ نەکردووە. سارتەر ئەوەی بە لاوە پەسەند بووە، پێی بڵێن خوێنەر نەک نووسەر، یان فەیلەسووف، چونکە درکی بەوە کردووە، ئەگەر خوێنەرێکی باش نەبین، نەک هەر توانای داهێنانمان نابێت، بەڵکوو ڕەنگە لە هیچ بوارێکدا ڕستەیەکی سەرنجڕاکێش و دەگمەنیش نەڵێین. بۆرخێس دەڵێت: (هیچ شتێک لە کتێبخانەکەم جوانتر نییە کە وەڵاتی منە، کە لە هیچ کوێ جێم نەبووەوە، کە هەموو دەرگەکان بە ڕوومدا کڵۆم دران، دەگەڕێمەوە بۆ لای کتێبخانەکەم کە دونیایەکی بێ سنوورە.)

کە ئەم قسانە دەکەم، مەبەستم ئەوە نییە، خۆم بە خوێندەوار و ئەوی دی بە بێسەواد لە قەڵەم بدەم، نا، نووسەرە هەرە گەورەکانی دونیا، کەسانی بێفیز بوون، ئەوەتا هەنری میللەر کە ڕەنگە یەکەمین نووسەر بێت، ژیاننامەی تێکەڵ بە ڕۆمان کردووە، دەڵێت: خۆزگە قۆڵێکیان لە شانەوە دەبڕیمەوە، بەڵام دەمتوانی بەرهەمێکی وەک (وەرزێک لە دۆزەخ)ی ڕامبۆ بنووسم. دیورانت کە هەم چیرۆکی فەلسەفەی نووسیوە و هەم چیرۆکی شارستانی، دەڵێت: ئەو کەلەپوورە دەوڵەمەندەی مرۆڤایەتی بەجێی هێشتووە، بەرچاوی ڕۆشن کردمەوە، ئەگەر نا هیچم پێ نەدەنووسرا.

ڕەنگە ئەوە ئاسان بێت، لەڕێی چاوی کامێراوە، ڕوخساری کەسێک پیشان بدەین، بەڵام نیشاندانی سیما و ناخی ئینسانێک بەهۆی چاوی (گێڕانەوە)وە، کارێکی ئاسان نییە، ئاخر یەکەمیان وەک ئەوە وایە، فیلمێکمان دیتبێت و ناوەڕۆکەکەی بگێڕینەوە کە هەمووان ئەمەیان لە دەست دێت، بەڵام دووەمیان کە بریتییە لە نووسینی دەقێک، بکەوێتە خانەی چیرۆکی هونەرییەوە، ئاسان نییە. هەڵسەنگاندنی بەرهەمی ئەدەبییش، ئیدی هەر ژانرێک بێت، کارێکی سەختە و وەک گێڕانەوەی فیلم نییە، ئاخر زۆر لەوانەی لە خۆیان وایە، هەڵسەنگاندن بۆ ڕۆمانێک دەکەن، ڕاستییەکەی لە غەیری بە کورتی گێڕانەوەی ڕووداوەکانی، هیچی دیکەیان نەکردووە، کە ئەمەیش هەرچییەک بێت، ڕەخنەی ئەدەبی نییە.

2015/9/4
ستۆکهۆڵم

**(*) خیری مذکور، السباحە فی السراب**

## لە سلێمانی ژمارەی سپاردنی پێ نەدرا

# کاسکێتەکەی بەکر عەلی بە ئێران سپێردرا

بەرپرسی بەشی سپاردن لە کتێبخانەی گشتیی سلێمانی:

### چاپکردنەوەی کتێبەکە بە هەمان ژمارەی سپاردنی پێشوو نایاسایییە

**جەمال ئەحمەد جەمیل**
**ڕووداو- سلێمانی**

فەرەیدوون عارف، چەند ساڵێک لەوەوبەر کۆششێکی زۆری کرد لەپێناوی ئەوەی بەرهەم و یاداشتە دەستنووسەکانی شاعیرێکی تیرۆرکراو کۆبکاتەوە. فەرەیدوون کە چاپی یەکەمی ئەو کتێبە لە بازاڕدا نەما، ویستی جارێکی دیکە چاپی بکاتەوە، بەڵام لە سلێمانی ژمارەی سپاردن نەدرایە کتێبەکە. فەرەیدوون ئەوە بە "گەڵتەجاڕی" ناودەبات، چونکە پێنج ساڵ پێشتر بەرگی یەکەمی هەمان کتێب بێ هیچ کێشەیەک بڵاوکرایەوە.

فەرەیدوون و زۆر کەسی تریش تووڕەن لەوەی کە شاعیرێک، 21 ساڵ دوای کوشتنی، ژمارەی سپاردن نادرێتە کتێبێکی.

(کاسکێتەکەم بسپێرن بە پاییز)، ناوی کتێبی ژیان و بەرهەمە شیعرییەکانی بەکر عەلیی شاعیرە، ئەو شاعیرەی لە خۆپێشاندانێکی ئاوارەکانی حامیەی شاری سلێمانیدا لە ساڵی 1994 کوژرا، بەڵام بەشی سپاردن لە کتێبخانەی گشتیی سلێمانی، ژمارەی سپاردنی نەدایە چاپی دووەمی ئەو کتێبە.


فەرەیدوون عارف، دەڵێت کە بۆ وەرگرتنی ژمارەی سپاردن سەردانی کتێبخانەی گشتیی کردووە، بەڵام دواتر ئاگاداریان کردووەتەوە کە ژمارەی سپاردنی پێنادەن "گوایە ناوزڕاندنی تێدایە، پێمگوتن ئەوە گێڕانەوەی کارەساتێکە نەک ناوزڕاندن، بەڵام کەس وەڵامی نەدایەوە".

چراخان هەژار، بەرپرسی بەشی سپاردن لە کتێبخانەی گشتیی سلێمانی، هۆکاری پێنەدانی ژمارەی سپاردن بە بەرگی دووەمی (کاسکێتەکەم بسپێرن بەپاین) بۆ ڕێگرییە یاساییەکان دەگێڕێتەوە "ئێمە لەبەر ڕۆشنایی یاسای ژمارە 10ی ساڵی 1993 کە لە پەرلەمانی کوردستان دەرچووە کاردەکەین، بەپێی ئەو یاسایە، ئەو کتێبە ناوزڕاندنی کۆمەڵێک کەس و لایەنی تێدایە، بۆیە بەپێی مادەی 9ی یاساکە ناتوانین ژمارەی سپاردنی پێبدەین".

مەبەست لە ناوزڕاندنی کەس و لایەن، پێدەچێ ئەوانە بن کە بە کوشتنی ئەو شاعیرە تۆمەتبار دەکرێن. فەرەیدوون عارف دەڵێت "کەس نکوڵی لە کوشتنی بەکر عەلی ناکات، ئەو بە بەرچاوی خەڵکەوە لەسەر شەقامەکانی شار کوژراوە". ئەو سەرسەڕمانی خۆی لەوە دەردەبڕێت کە " لەدوای مردنیشی هێشتا لە وشەکانی ئەو شاعیرە دەترسێن، بۆیە ڕێ لە بڵاوبوونەوەی بەرهەمەکانی دەگرن".

بەکر عەلی، ساڵی 1968 لە گەڕەکی کانێسکانی سلێمانی لەدایک بووە، ساڵی 1993 کۆمەڵە شیعرێک لەژێر ناوی (ئەو شەوانەی لە پرچەکانت ڕەشترن) بڵاودەکاتەوە. پاش تیرۆرکردنیشی لە ساڵی 2010دا چاپی یەکەمی (کاسکێتەکەم بسپێرن بە پاین) بەتیراژی هەزار دانە بڵاودەکرێتەوە، بەڵام هەر زوو لە بازاڕدا نەما و سەرجەمیان فرۆشران.

فەرەیدوون عارف دوای بێهیوابوونی لەوەی




کە ژمارەی سپاردن نادەنەوە بە کتێبەکەی، ڕوو لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان دەکات بۆ چاپکردنی، بەڵام ژمارەی سپاردنی بەرگی یەکەمی کتێبەکەی دەخاتە سەر.

هەرچەندە نووسەر دەزانێت کە یاسا ڕێگە نادات ژمارەی سپاردنی بەرگی یەکەمی کتێبەکەی لەسەر بەرگی دووەم دابنێ، بەڵام ئەو دەڵێت "وەک تەحەدایەک ئەو کارە دەکەم، تاوەکو ئەو کتێبە بگەیەنمە دەستی خوێنەران".

بەرپرسی بەشی سپاردن لە کتێبخانەی گشتیی سلێمانی، دەڵێ بەهەموو شێوەیەک دانانەوەی ژمارەی سپاردنی بەرگی یەکەمی کتێبەکەی لەسەر بەرگی دووەم لەڕووی یاساوە ڕێگەپێدراو نییە "بەپێی یاسا دوای دوو ساڵ تێپەڕین بەسەر کتێبێکدا، دەبێت ژمارەی سپاردنی نوێی بۆ وەربگیرێت، هەروەها لەکاتی گۆڕینی ناوەڕۆک و بەرگی کتێبدا دەبێ ژمارەی نوێ وەربگیرێت".

زۆربەی شیعرەکانی ئەو بەرهەمە شیعرییەی بەکر عەلی ئەڤیندارین و بەشێک لە شیعرەکانیشی لەلایەن هونەرمەندانەوە کراونەتە گۆرانی. بەکر جگە لەژیانی خۆی وەکو شاعیر، لەنێو هەژار و کەمدەرامەتانی حامییەکەی سلێمانیشدا، وەک داکۆکیکاری مافەکانی ئەوان دەرکەوتبوو کە دوای ڕاپەڕینی ئاداری 1991، لەو شوێنەی پێیاندەگوت حامیەی سلێمانی و ئێستا پارکی ئازادییە، نیشتەجێ بووبوون. ئەوان لەوێ کۆمەڵێک خانووی قوڕینیان دروستکردبوو، بەکر عەلی خۆیشی یەکێک بوو لەوانە. دوای ئەوەی لەلایەن پارێزگاری سلێمانییەوە داوایان لێدەکرێت ئەو شوێنە چۆڵ بکەن، بەکر عەلی شاعیر وەک داکۆکیکاری ئەو خەڵکە دەناسرێ.

ڕۆژی 1994/9/1، ئاوارەکانی نیشتەجێی حامیە خۆپێشاندانێکی گەورە بۆ بەردەم پارێزگای سلێمانی ڕێکدەخەن، بەڵام گرژی دروست دەبێت و پاسەوانەکانی پارێزگاری ئەوکات بۆ بڵاوەپێکردنی خۆپێشاندەران تەقە دەکەن، بەوهۆیەشەوە بەکر عەلیی شاعیر دەکوژرێ و تائێستاش لەسەر کوشتنی ئەو شاعیرە، هیچ کەسێک تاوانبار نەکراوە.

ڕووداو
ژمارە (374) 2015/9/7



گۆران محەممەد
goran.mohammed@rudaw.net

# کەبابی پێنج قۆڵی

لە چێشتخانەی خواردنی خێرا، ئەوەی کورد پێیخۆشە پێی بڵێ فاستفوود، کورسی، خۆشقوون نین، یانی عەیب نەبێ کە قوونی دەخەیە سەر، ئیسراحەت ناکەی. ئاخر ئەوان گەرەکیانە بخۆی و بڕۆی، فاستفوود هەر ئەوە نییە کە خواردنەکەت زوو ئامادە دەبێ، ئەوەشە خێرا زلفنجی بکەی و بڕۆی.

کورسیی کۆبوونەوەکانی چوار کۆ یەک خۆشقوونن، یان قوونەکانی چوار کۆ یەک خۆشکورسین؟ ئەوەیان نازانم، لێ لێم روونە بەم زووانە تەواو نابن، ئاخر کۆبوونەوە ئەگەر کۆبوونەوە بێ، چۆن ئاوا زوو تەواو دەبێ؟

ئەوە مەعلوومە کە قوون هەمیشە حەزی لە کورسییە، ئەرێ کەس لە کورسیی پرسیوە، حەزت لە قوونە یان نا؟ دەی باشە کامیان شایەنی تێفکرینن، قوون یان کورسی؟ کامیان دەمێنن، قوون یان کورسی؟ کامیان بۆ کۆمەڵگە، پرۆسەی سیاسی، پێشڤەچوونی کۆمەڵایەتی و سەرهەڵدانی نەتەوەیی گرنگن، قوون یان کورسی؟

قوربان لە بنووسی ئەم دێڕانە مەگرن کە زۆر باسی قوون دەکا. ئاخر نە ئەو پاڵەوانەی مووڤیی پۆڕنۆیە، نە کورسیشی هەس تا ئێوە دەستی پێوە بگرن. خاڵە ئەوە رابەرانی میللەتن، قوون لە کورسی، کورسییان لە قوون مارە کردووە.

سەرچاوەیەکی تایبەت بە خۆم رایگەیاند: هەر کۆبوونەوەیەکی پێنج قۆڵی، لانیکەم دووسەت و پەنجا نەفەر کەبابی بۆ پاسەوان تێدایە. سەرزلەکانیش مەگەر هەر خوا بزانێ چ دەخۆن. جا تۆ لەوە گەڕێ پاسەوانەکانیان، بایی کۆنترۆڵکردنی دوو میحوەرن، داخ ئەوەیە پاسەوانی پەنجا کەسێک دەبن، لە میحوەری یەک کورسی دەلەوەڕن، تۆ بە من ناڵێی، ئەمە کۆبوونەوەیە یان کەبابوونەوە؟

کۆبوونەوەکان ئیجابی بوون، هەواڵێکی کۆنە، تکایە لە سۆنگەی بڕوابوون بە راستبێژییەوە، ئیدی زانیاریی قووڵترمان پێڕابگەیەنن. ئاخر خەڵکی رەشورووت خوازیارە بزانێ: داخۆ تکەکە ناسک بوو یان نا؟ حەبل بوو یان ران؟ قوربان دیارە باسی رانی رۆژ دەکەم نەک هی شەو، دەنا دەزانم رانی شەو جیڕ بێ باشە. ئەی توخوا کەبابە سەگبابەکە نانی لە بن بوو یان نا؟ تەماتەکە جوان برژابوو یان وەک مێژووی هەندێکتان بۆنساردی لێدەهات؟ توخوا پیازەکەی شیرین بوو یان وەک هەڵوێستەکانتان تیژ؟ بیبەری لەگەڵ بوو؟ ئەوە کام شێفی ئەحمەقە بیبەر بۆ کۆبوونەوەی کوردی دادەنێت؟

کۆبوونەوەی دوێنێ نەکرا، لە نێوانی دڵخۆشبوون بە ئەنفالنەبوونی سەتەها شیش کەباب و دڵتەنگی بە نەگەیشتن بە رێککەوتن، میللەتی کلۆڵ نازانێ شیش بۆ ئەم ببا، یان یاداشت لە شووشەی بەتاڵدا بۆ ئەویان ببا؟ تەبعەن بە ئیجازەی حەزرەتی شێخ.

تیڤییە ئەهلییەکانی ئەوبەر راست دەکەن بە کۆبوونەوە پێنج قۆڵییەکان دەڵێن چوار کۆ یەک. ئاخر کە چواریان قووڵ قووڵ سەودا و مامەڵەیان دەکرد، یەکیان وشەی یەکتربڕی حەل دەکرد.



ڕێبوار کەریم وەلی
rebwar.karim@rudaw.net

# بەردی گەورە نیشانەی نەهاویشتنە

**1**

پەندێکی پێشینانی فارسی هەیە دەڵێ "سنگ بزرگ علامت نزدن است" واتا هەڵگرتنی بەردی گەورە مانای ئەوەیە کە ناتەوێ بیهاوی. ئەوەی ئەمرۆ لە گۆڕەپانی سیاسیی کوردستان روودەدات رێک ئاوێنەی ئەو پەندەیە. وەک ئەوەی کە هەموو ورد و درشتی ئەو وڵاتە لەسەر قانون بنیات نرابێ و تەنیا یەک بڕ قانونی هەبێ کە پێویستی بە راستکردنەوە هەبێت. ئەگەرچی هەر لە بنەڕەتدا چەمکی قانون لە دنیادا لەژێر پرسیاردایە، بەوەی کە "قانون دزە گەورەکان دایدەنێن بۆ راوکردنی دزە گچکەکان"، بەڵام پرسیار ئەوەیە کە کام جومگەی ئەو وڵاتەی ئێمە بە قانون بەڕێوە دەچێت تا مەسەلەی سەرۆکایەتیی هەرێمی کوردستان ببێتە کێشەیەکی قانونی؟

گۆڕان کە یەکێتی و حیزبەکانی دیکەی کردووەتە پاشکۆی خۆی، سوور دەزانێ ئەو بەردەی هەڵیگرتووە لە خۆی و ئەوانیش گەورەترە. نە بۆی دەهاویشترێ و نە پێی دادەنرێتەوە. تووشی ئەوە بووە کە کورد دەڵێ "سوار بوون عەیبێک و دابەزین دوو عەیب"!

شەقامی کوردستان بە مەسەلەیەکەوە بارگاوی کراوە کە ورده ورده دەردەکەوێ هیچ پەیوەندی بە پەرۆشیی حیزبەکان بۆ دیموکراسی نییە، بگرە دانوستاندنێکی شەرمنانەیە لەگەڵ ماڵباتی بارزانی (نەک پارتی) لەسەر دەستکەوتی ژێر بەژێر و خێر و بێر. بۆیە ئەوەی ئێستا بەناوی کۆبوونەوەی چوار قۆڵی و پێنج قۆڵی بەڕێوە دەچن، دۆزینەوەی رێگەیەکە بۆ گەڕانەوە نەک هەڵکشان بەرەو لووتکە. گەوجاندنی خەڵکە و هیچ بەرهەمێکی دیکەی نییە جگە لە نائومێدیی زیاتر.

وەک چۆن واقیعی سەرۆکایەتیی کۆمار (سەرۆکایەتییەکی بەهێز و سەنگین) لە بەغدا بە مام جەلال دەستی پێکرد و بە مام جەلالیش کۆتایی هات (چونکە ئەوەی ئێستا لە بەغدایە بەس ناوی سەرۆک کۆمارە)، ئاواش لە کوردستان سەرۆکایەتیی هەرێمی کوردستان بە کاک مەسعود دەستپێدەکات و بەویش کۆتایی دێت. بۆیە باسکردنی ئەو مەورووعە تا ئەو کاتەی کاک مەسعود لە ژیاندا بێت ئاسنی سارد کوتانە. ئەگەر بە ناویش لەو پۆستەدا نەمێنێ، بە فیعلی مومارەسەی دەکات. ها! لە سلێمانی دانی پێدا نانێن، کێشە نییە، چونکە لە 10 ساڵی رابردوودا بە کردەوە دەرکەوتووە لەوێ کێ حاکمە. ئەوانەی گلەیی لە بارزانی دەکەن کە هیچی بۆ سلێمانی نەکردووە، دەتوانن پرسیار لە حیزبە حاکمەکانی ئەوێ بکەن کە بۆچی (سەرباری ئەمری راستەوخۆی مام جەلالیش) یەکێتی قوتابیانی پارتی دوای حەوت ساڵ هەوڵدان رێگەی پێ نەدرا یاریگایەک لە سلێمانی بکاتەوە! کەچی بەردەوام سەری کیسەیان بۆ وەرگرتنی ملیۆنان دۆلاری نەوت کراوە بوو. ئەگەر وەڵامی ئەو پرسیارە هەبوو، ئەو کاتە چارەسەری مەسەلەی سەرۆکایەتیی هەرێمیش ئاسانە.

## حیزبە شەرمنەکان

**2**

دەسەڵاتخوازی یەکێکە لەو چەند بنەما سەرەکیانەی کە لە فەرهەنگی سیاسیدا حیزبی پێ پێناسە دەکرێت. بە واتایەکی دیکە ئەگەر حیزبی سیاسی ئامانجی ئەوە نەبێت کە بگاتە دەسەڵات، یان تێیدا شەریک بێت، ئەوا گەورەترین فاکتەری بوونی خۆی لەدەست دەدات و، وا باشتر لایەنگرەکانی بۆ کاری خێرخوازی و چالاکیی کۆمەڵایەتیی دیکە هان بدات، نەک سیاسەت.

ئەوەی ئێستا بەناوی قانونخوازی و دەستاودەستکردنی دەسەڵاتەوە لە کوردستان بەڕێخراوە، هیچ نییە جگە لەوەی کە داوای پۆست لە پارتی و بارزانی دەکەن. پارتی ئێستا بە فیعلی دەسەڵاتەکانی بەدەستەوەیە. بەڵام نە پارتی هیچ پێشکەشی جەماعەت دەکات و نە ئەوانیش هێندە بوێرن بڵێن کاکە ئەوەمان دەوێ. گرفتەکە لەوێدایە کە گۆڕان و یەکێتی پێیانوایە سەردەمی حوکمڕانیی ماڵباتی بارزانی بەسەرچووە! ئەوانن کە دەبێ بۆ ماوەیەک کوردستان بەڕێوە بەرن. بەڵام شەرم دەکەن لەوەی ئەو داوایە بە ئاشکرا رابگەیەنن، باشە ئەگەر ئێوە هێندە تەبا و رێکن، بۆ یەک ناگرنەوە؟! بۆچی جەماوەری خۆتان دەستخەرۆ کردووە؟ ماڵباتی بارزانی قەت خۆیان لە پشت شیعار و دروشمدا نەشاردووەتەوە، نەک ئیدیعای حوکمی کوردستانی باشوور، بگرە هی پارچەکانی دیکەشیان هەیە و شەرمی لێ ناکەن، کەچی بەرامبەرەکانیان شەرمنن و وەکیلیش بۆ شەڕەکانی خۆیان دەگرن. هیچ عەیبی تێدا نییە کە گۆڕان یان یەکێتی داوای پۆست بکەن، کەسیش ناتوانێ بڵێ ناهەقن. بەڵام ئەو پۆستانە بە هاتوهاواری ناو پەرلەمان و فەیسبووک بەدەست نایەت، بەڵکو دەبێ لەسەر مێزی دانوستاندن لەگەڵ پارتی داوای بکەن.

بەڵام گرفتەکە ئەوەیە کە تەنانەت ئەگەر ئەمرۆ پۆستی سەرۆکی هەرێمیش رادەستی گۆڕان و یەکێتی بکرێت، دوو ساڵی پێدەچێت تا لەسەر کاندیدێک رێکدەکەون و ئەوکاتەش ئیتر ماوەکەی کۆتایی دێت.

## ئالان یان ئایلان

**3**

هێشتا ساغ نەبووەوە کە خاوەنی ئەو وێنەیەی لە کەناراوەکانی بۆدرومەوە دنیای هەژاند ناوی چییە؟ یەک دەڵێ ئالان و یەکێکی دیکە دەڵێ ئایلان. ئالان ناوێکی کوردییە و ئایلانیش تورکییە. هەر کامێکیان بێت کێشە نییە، چونکە نازناوی (کوردی) بوو.

بەڵام ئەو منداڵە تاکە تراژیدیایەکی کوردی بوو کە پەککەکە نەیتوانی بازرگانیی پێوە بکات، چونکە ماڵباتی ئەو منداڵە بەر لەوەی لە دەست زوڵم و زۆری بەشار ئەسەد و داعش رایانکردبێتە تورکیا، یەکێک بوون لەو هەزاران قوربانیانەی کە حوکمڕانیی پەکەکە وڵاتی لێ حەرام کردبوون. چونکە ئێستا بەرپرسانی ئەو حیزبە لە رۆژئاوا دەڵێن ئەوەی بە سیستەمەکەی ئێمە رازی نییە خواحافیزی بێت! عەبدوڵڵا کوردی وەک تەحەددایەک جەنازەی ماڵباتەکەی بردەوە کۆبانێ، پەنابەریی کەنەدای قەبووڵ نەکرد، چونکە هیچ ئومێدێکی نەمابوو، بەڵام بپرسن بۆچی مافی هاووڵاتیبوونی لە تورکیا قەبوڵ کرد؟!



سیروان کاکەیی

# سیاسییەکانی وڵاتەکەم خەریکی چین ؟

ئەوە زیاتر لە دوو ساڵە بابەتەکانی دەستوور و پرسی سەرۆکایەتی هەرێم و شێوازی حوکمڕانی بوونەتە قسەوباسی سیاسییەکان، میدیای کوردستانیش کردوویەتی بە بابەتێکی گەرم و وای لێهاتووە هەموو کۆمەڵگەی کوردستان تووشی نائارامی و شڵەژان هاتووە، ئەم پرسە باڵی کێشاوەتە سەر زۆر لە کێشە گەورەکانی کوردستان و ناوچەکە و هەموو شتەکان خەریکە دەبن بە پەراوێز بە شەڕی داعشیشەوە. تەنیا کاری رۆژانەی سیاسییەکانی کوردستان ئەوەیە چۆن مامەڵە لەگەڵ پرسی سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان بکەن، ئیتر وایە ئەگەر ئەم پرسە یەکلا کرایەوە، ئەوە هەموو دەرگا داخراوەکان لەسەر ئەم گەلە دەکرێنەوە و هیچ کێشەیەکی نامێنێ و دیموکراسیەت دەچەسپێ و کوردستان دەبێتە دەوڵەت و داعش لەناودەچێ و قەیرانی ئابووری چارەسەر دەکرێ و کێشەی ئاوارە بوون نامێنێ و زۆرشتی تریش. رەنگە لێرەوە پرسیارێک سەرهەڵبدات، باشە لایەنە سیاسییەکان هەقیان هەیە قسە لەسەر مەسەلەی حوکمڕانی و پرسەکانی تریش بە گشتی بکەن یان نا؟ بێگومان وەڵامەکەی زۆر ئاسانە، بەڵێ هەقیان هەیە ، بەڵام چۆن و کەی؟

لەم بەشەی ئەم بابەتە پێم باشە قسە لەسەر کەی بکەم .بێگومان کەی گرێدراوی کاتە ، لێرەشدا کات بە چەمکە فراوانەکەی قسەی لەسەر دەکرێ و لە چوارچێوەی هەموو ئەو رووداوانەی کە لە ئێستادا لە ناوچەکە روودەدەن و هەرێمی کوردستانیش لە ناوەڕاستی ئەو رووداوە گەرمانەدایە کە خۆی لە جەنگێکدا دەبینێتەوە شان لە شانی هەردوو جەنگی جیهانیی یەکەم و دووەم دەدات بەجیاوازیی کات و کاراکتەر و ئامانجە ستراتیجییەکان .

سیاسییەکانی وڵاتی ئێمە لە کاتێکدا خەریکی ململانێیەکی سیاسین لەسەر دەسەڵات کە شەڕی داعش بەر دەرگای ماڵی لێگرتووین و جارێکی تر رۆڵەکانی ئەم گەلە خێر نەدیوە لەسەر بنەمای ئەرکی نیشتمانی و پاراستنی شەرەف بە چەمکە فراوانەکەیەوە بە خوێن و گیانی خۆیان پارێزگاری لەم گەل و خاکە دەکەن، ئەمە جگە لەوەی بۆ دوو ساڵ دەچێت قەیرانی دارایی یەخەی کوردستانی گرتووە و بەغدا بودجەی لێ بڕیوە و مووچەی کارمەندانی دواکەوتووە و نزیکەی دوو ملیۆن ئاوارەش هاتوونەتە کوردستان و دەیان و سەدان کێشەی تری جۆراوجۆر .

پرسیاری گرنگ ئەوەیە ئێستا کاتی چ فەرمانێکە؟

بێگومان کات رۆڵی گرنگی هەیە لە دیاریکردنی ئەولەویات لەم ساتەوەختەدا، ململانێ لەسەر دەسەڵات و شێوازی حوکمڕانی و یاساکان، یان پاراستنی ئەزموونەکە؟

نە یاساو نە دەستوور و نە هیچ شێوازێکی حوکمڕانی پیرۆز نییە، چونکە دروستکراوی دەستی مرۆڤە و دەکرێ هەرکات و ساتێک کە گونجاو بێت قسەی لەسەر بکرێ ، بەڵام ئەزموونی گەلێک کە بە خوێن و خەبات و ماڵوێرانی بەدەستهاتووە، ناکرێ بخرێتە مەترسییەوە و شەڕ لەسەر دەسەڵات بکرێ !

شارڵ دیگۆڵ قسەیەکی هەیە دەڵێ: "من گەیشتمە ئەو قەناعەتەی کە سیاسەت پرسێکی زۆر پڕ بایەخ و (جدی)یە، بەشێوەیەکە نابێ لەناو دەستی سیاسییەکاندا بەجێبهێڵدرێ".

هەر لەم بوارەدا باراک ئۆباما دەڵێ: "پێویستە لەسەر سەرکردەکان، مومارەسەکردنی گاڵتەجاڕیی کاری سیاسی و ئومێدی سیاسی لەیەک جودا بکەنەوە".

نامەوێ هیچ جۆرە شیکارییەک بۆ ئەم دوو وتەیە بکەم و با خوێنەر خۆی لەناو ئەم دێڕانەدا شت هەڵێنجێ.

قسەکردن و گاڵتەجاڕی کاری سیاسی و تەنانەت خودی سیاسەتکردن و حوکمڕانی ئاراستەکراویش لەکات و ساتێکی وەکو ئێستادا مەسەلەیەکی یەکجار زۆر هەستیارە، چونکە لە ئێستادا ناوچەی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست لەناو ژانی گۆڕانکارییەکی گەورەدایە و هەرێمی کوردستانیش لە ناوەڕاستی ئەو یارییە گەورەیەدایە کە تیایدا جەمسەرگیرییە نێودەوڵەتی و هەرێمایەتییەکان یەکانگیر و تێکەڵاو بوون، بە جۆرێک چەندین خوێندنەوەی سیاسی هەڵدەگرێ و رەنگە بە ئاراستەیەکیش بڕوات کە لەلای هیچ کەسێک چاوەڕوانکراو نەبێت.

لەم ناوچە پڕ ئاڵۆزییەی جیهاندا هەریەکە لە فاکتەرەکانی ئابووری و ئاسایش و جیۆپۆڵەتیک رۆڵی کاریگەر دەگێڕن لە ترازووی هێز لە ناوچەکەدا و هەرئەو فاکتەرانەش وایان کردووە کە کوردستان بەشێک بێت لەو کێشمەکێشەی زلهێزەکانی جیهان و ناوچەکە کە هەموو لایەک بەقورسایی خۆیان خەریکی ئەو پرسە پڕمەترسی و ئاڵۆزەن.

لێرەدا، لەم ساتەوەختەدا کوردستان لەبەردەم دووریانێکی گەورەدایە، ئەویش بوون یا نەبوون.

لێرەوە دەڵێم یاری سیاسی و قسەی زل و فەلسەفە و بیروباوەڕی خەیاڵی و قسەکردن لەسەر چەمکە پیرۆزەکان لە روانگەی سیاسییەوە، دواجاریش ئاراستەکردنی بەشێوەیەک کە دووربێت لە خوێندنەوەی واقیعی، ماڵوێرانیی گەورەی لێ دەکەوێتەوە.

قسەکردن لە یاسا و سەروەرییەکانی دیموکراسیەت و شتەکانی تریش مەسەلەیەکی رەوایە، بەڵام بژارەی نادروست و دوور لە واقیع و سەپاندنی بیردۆزەی خەیاڵاوی بەبێ گەڕانەوە بۆ مێژوو کارەساتی لێ دەکەوێتەوە. بژارەی دروست ئەوەیە پێوەری عەقڵ و حیکمەت و لۆژیک بەکاربهێنرێ بۆ چارەسەری کێشەکان و کەڵک لە دەرهاوێشتەکانی مێژوو وەربگیرێ. لە دواجاردا سیاسەتکردن ئەگەر تەنها سیاسەت بێت ئەوە تەنها رێکارە و دەکرێ بژارەی خراپیشی هەبێ ،چونکە پەیڕەوی لە هیچ ریسایەک ناکات، هەر بۆیەش چارەسەری مەسەلەکان تەنیا بە سیاسییەکان ناکرێ بەڵکو بە سەرکردەی سیاسی دەکرێ ، چونکە مرۆڤ نابێ تەسلیمی کایەی سیاسی بێت و خەون و ئاواتەکانی گەلێکی خێرنەدیو بەرەو هەڵدێر ببات، بەڵکو دەبێت سیاسەت بکاتە ئامرازێک خزمەتی گەل و وڵاتی خۆی پێبکات.

وینستۆن چێرچڵ گوتەیەکی هەیە دەڵێ "مێژوو بخوێنەوە، مێژوو بخوێنەوە، هەموو نهێنییەکانی حوکمڕانی خۆی لەناو مێژوودا حەشار داوە".

لەم ساتەوەختەدا، ئێمە پێویستمان بەیەک شت هەیە، ئەویش وەرگرتنی بڕیاری دروستە، بۆ وەرگرتنی بڕیاریش دەبێ بزانین ئەولەویات لە ئێستادا چییە، شارەزایانی ئەم بوارە قسەیان لەسەر چەند رێگایەک کردووە :

1- بیرکردنەوەی دروست لە رێگەی عەقڵ و لۆژیکەوە.

2- لاساییکردنەوەی ئەزموونی سەرکەوتووی گەلان و کەڵک وەرگرتن لە مێژوو.

3- تاقیکردنەوە.

بژارەی دروست ئەوەیە کە کۆی خاڵی یەکەم و دووەم لەیەک بدرێ ، ئەوە دەبێتە رێگەی دروست بۆ دەربازبوون و وەرگرتنی بڕیاری دروست، بەڵام ترسناکترین رێگە ئەوەیە تاقیکردنەوە بەکاربهێنرێ، چونکە ئەمەیان زۆر تاڵە و مەترسیی ژێرکەوتن و لە دەستدانی هەلی تیایە، هەر لێرەش دەڵێم گەلی کوردستان ئیتر شایستەی ئەوە نییە بە تاقیکردنەوە مامەڵەی لەگەڵ بکرێ .

لێرەدا جێگەی خۆیەتی ئاماژە بە بەشێک لە مێژووی وڵاتی ئەمریکا بدەم کە چۆن لەکاتی جەنگدا مامەڵەی کردووە .

لە پاش تەواوبوونی ویلایەتی دووەمی سەرۆک کۆماری ئەمریکا فرانکلین رۆزڤێڵت، جەنگی دووەمی جیهانی هەڵگیرسابوو، بۆیە لە ساڵی (1940) بۆ جاری سێیەم هەڵبژێردرایەوە و بەوەش نەوەستا، ساڵی (1944) بۆ جاری چوارەمیش هەڵبژێردرایەوە تا لە ساڵی 1945 ماڵئاوایی لە ژیان کرد و دواجار ئەمریکا لەساڵی 1951 هەمواری ژمارە (22) ی بۆ دەستوورەکەی خۆی کرد، واتە شەش ساڵ لە پاش نەمانی رۆزڤێڵت لە ژیاندا، سەرۆکایەتی ئەمریکای بە دوو خول پابەند کرد نەک زیاتر .

راستە زۆر شت گۆڕاوە، بەڵام ئێستا ئێمە لە جەنگداین ، ئەمریکا ئەو کاتەو ئێستاش دەوڵەتە، ئێمە دەوڵەت نین، ئەمریکا جیهانی یەکەمە، ئێمە بەشێکین لە جیهانی سێیەم، ئەگەر نەڵێم جیهانی دواکەوتوو، ئەمریکا دەورە نەدرابوو بە نەیار، ئێمە دەورەدراوین ، ئێستاش ئەمریکا جڵەوداری یەکەمی دەسەڵاتی جیهانە و کەسیش ئەو قۆناغەی سەرۆکایەتی ئەمریکای بە نادیموکراسی لە قەڵەم نەدا، بەڵکو بەشێکە لە مێژووی پڕشانازیی ئەو وڵاتە زلهێزە و ئێستاش لەهەر لایەک فرۆکە هەڵگرەکەی فرانکلین رۆزڤێڵت لەنگەر بگرێ ئەوێ سنووری ئەمریکایە .



هیوا حاجی

# لە بوعەزیزییەوە تا ئالان

لە 17ی دیسەمبەری 2010، سەوزەفرۆشێکی تونسی بە ناوی محەممەد بوعزیزی لە شاری سیدی بوزەیدی تونس ئاگری لەخۆی بەردا. ئەو رووداوە بووە سەرەتایەک بۆ تەقاندنەوەی زنجیرەیەک رووداوی مەزن لە تونس و میسر و یەمەن و لیبیا و سووریا کە دواتر گەشبینان تێکڕای ئەو رووداوانەیان بە "بەهاری عەرەبی" ناساند. دوای نزیکەی پێنج ساڵ، لە 2ی ئەیلولی 2015، تەرمی کۆچبەرێکی کوردی کۆبانێ، بەناوی ئالان، لە کەناراوەکانی ئیجەدا بە خنکاوی دۆزرایەوە. دیمەنی هەژێنەری ئالان "خەفەتێکی گشتی" لەسەر ئاستی جیهان بەدوای خۆیدا هێنا. بەشێک لە وڵاتانی رۆژئاوا، وەک کاردانەوەیەک، دەرگایان بە رووی کۆچبەراندا کردەوە و تەنانەت ئامادەییان نیشاندا بۆ گۆڕینی سیاسەتەکانی کۆچبەری لە یەکێتی ئەورووپا.

محەممەد بوعەزیزی لە تونس خۆی کردە قوربانی بۆ ژیانێکی باشتر و شەرەفمەندانەتر بۆ ملیۆنان مرۆڤی تونسی کە بۆ چەند دەیەیەک لە بن دەسەڵاتێکی نادادپەروەر و نادیمۆکراتیکدا هەناسەیان لەبەر نەمابوو. ئالانی کوردی، بووە قوربانیی هیوای هەزاران خێزان کە گەیشتوونەتە ئەو باوەڕەی ئەو ژیانەی بوعەزیزی بۆی سووتا، لە نیشتمانەکەی خۆیان نایەتەدی. بۆیە سەری خۆیان هەڵگرت و دواتر تەنیا لاشەکانیان بە نیشتمان شادبوونەوە.

هەردوو رووداوەکەی بوعزیزی و ئالان، تەنیا دەرکەوتەی ململانێیەکی قێزەونی سیاسین کە لە ناوچەی رۆژهەڵاتی نێوەڕاستدا بەڕێوەدەچێت. تا ئێستا هەزاران بوعەزیزی بوونەتە قوربانی، ئالان تەنیا یەکێکە لەو 12 هەزار منداڵەی تا ئێستا دەستاڕی جەنگی ناوخۆیی لە سووریا هاڕیونی. بێگومان خێزانی ئالانیش یەکێکە لەو سەدان هەزار خێزانەی سووریا و عێراق کە بوونەتە سووتەمەنیی ململانێیەکی نادادپەروەرانە.

کە سەیری گۆڕانکارییەکانی ناوچەی رۆژهەڵاتی نێوەڕاست، بەتایبەتی سووریا و عێراق دەکەی، ناتوانی خۆت لەو راستیە لابدەی کە خەڵکی ئەم دوو وڵاتە باجی قورسی ململانێیەکی هەرێمایەتی و جیهانی دەدەن و هیچ یەکێک لە ئەکتەرەکانی ئەم ململانێیە بیر لە بەرژەوەندی و ئەو کاولکاریانە ناکەنەوە کە تووشی ئەم دوو وڵاتە بوونەتەوە. کێ هەیە لەو راستیە تێنەگات کە جەنگی سووریا، شەڕی رووسیا و ئێران لەلایەک و ئەمریکا و هەندێ لە هاوپەیمانە رۆژئاواییەکانە لەسەر نفوز و بەرژەوەندیی زیاتر لە ناوچەی رۆژهەڵاتی نێوەڕاستدا؟ کەس دەتوانێ نکۆڵی لەو راستیە بکات کە ئەوەی لە عێراقدا روودەدات، شەڕی ئێران و تورکیا و عەرەبستانی سعودییە لەسەر خاکی عێراق؟ راستە هەریەک لە سووریا و عێراق کۆمەڵێک تەنگژەی ئاڵۆزی نێوخۆییان هەیە، بەڵام بێگومان بەبێ دەستوەردانی دەرەکیی نادروستی وڵاتە ناوچەییەکان و هێزە جیهانییەکان، هەرگیز رۆژگار بەمرۆ نەدەگەیشت. تەنگژەی عێراق لە ململانێ و جەنگی باڵکانی نەوەدەکانی سەدەی رابردوو قورستر نەبوو. بە هەمان شێوەش، بەشار ئەسەد لە قەزافی و زەینولعابدین بن عەلی و موبارەک دیکتاتۆرتر نەبوو. هۆکاری هەرە بنەڕەتی لە نەگەیشتنە چارەسەری کێشەی عێراق و سووریا دەستوەردانی نادروستی نێودەوڵەتی و هەرێمایەتییە لەو دوو وڵاتەدا. کێ باجی ئەم هەلومەرجە دەدات جگە لە خەڵکی ناوچەکە؟

لەبەرامبەر ئەو راستییە تاڵەدا، ئەو ساویلکەییە سیاسیە بەهێزە کە پێیوایە چارەسەری کێشەکانی رۆژهەڵاتی نێوەڕاست، لەنێویشیاندا عێراق و سووریا، تەنیا بە دەستێوەردانی دەرەکی چارەپەزیرە. رەنگە مەزنترین تەحەدا لەبەردەم کێشەی ئەم ناوچەیە ئەو راستیە بێت کە لە ناوچەی رۆژهەڵاتی نێوەڕاستدا شتێک نییە بە ناوی "میللەت". میللەت بە مانای کۆمەڵە مرۆڤێک کە لە نیشتیماندا دەنگیان هەبێت، توانای خۆڕێکخستن و سازدانیان هەبێت و لە چوارچێوەی بەرژەوەندییەکی گشتی، دوور لە بەرژەوەندیی تەسکی ئێتنیکێک یان ئاینێک یان مەزهەبێکی دیاریکراو، بیربکەنەوەو هەنگاو بنێن. دانیشتووانی وڵاتانی رۆژهەڵاتی نێوەڕاست، لەنێوخۆیاندا تووشی چەندین فۆرمی جیاواز و خوێناوی دووبەرەکیی ئاینی و مەزهەبی و ناوچەیی و حیزبی و سیاسی بوونەتەوە بەشێوەیەک کە هەرگیز نەتوانن بیر لە شتێکی هاوبەش بکەنەوە .

میللەتانی رۆژهەڵاتی نێوەڕاست ناتوانن، تەنانەت لەسەر ئاستی وڵاتانی خۆشیان، رۆڵێکیان لە سیاسەتدا هەبێت تا ئەو دەمەی نەتوانن دابەشبوونە نێوخۆییەکانیان بەشێوەیەک لە شێوەکان سارێژ بکەن. دابەشبوونە نێوخۆییەکانی ئەم وڵاتانە، بەپیتترین دەرفەتی رەخساندووە بۆ دەستوەردانی دەرەکیی نادروست لەم ناوچەیەدا. دەستوەردانی دەرەکیی هێزە کۆلۆنیالییەکان لەسەرەتاکانی سەدەی بیست و دابەشکردنی هەرەمەکیانەی سەرزەمینی رۆژهەڵاتی نێوەڕاست ئێمەی گەیاندە ئەمرۆ. لە ئامادەنەبوونی چەمکی میللەت لە سیاسەتی رۆژهەڵاتی نێوەڕاستدا، دەستوەردانی ئایندەی نێودەوڵەتی لە خزمەتی خەڵکی ئەم ناوچەیە نابێت. بەکورتی، میللەتانی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست ناتوانن لە نێوخۆیان یەکگرتوو بن، چونکە شتێکی هاوبەش نابینن کە کۆیانبکاتەوە. لە هەمان کاتیشدا، ئەزموون پێمان دەڵێ کە دەستوەردانی دەرەکیش هەرگیز لە بەرژەوەندیی خەڵکی ئەم ناوچەیە نەبووە. ئەوجا گرێکوێرەکە لێرەدا ئەوەیە: نە بۆخۆت دەتوانی کێشەکانی خۆت چارەسەر بکەیت، نە دۆستێکی باوەڕپێکراویشت هەیە یارمەتیت بدا لە چارەسەرکردنی کێشەکانتدا. ئەمە رۆژهەڵاتی نێوەڕاستە!

وێنەی ئالان نەیتوانی وا لە وڵاتانی رۆژئاوا و بەتایبەت ئەورووپا بکات کە بیر لە چارەسەری نەخۆشیە راستەقینەکە بکەنەوە. وەرگرتنی کۆچبەری زیاتر باشیی خۆی هەیە و یارمەتی بەشێک لە لێقەوماوان دەدات، بەڵام ئەمە ئاوێک بە بڵێسەی ئاگری رۆژهەڵاتی نێوەڕاستدا ناکات. لیبیا، یەمەن، سووریا و عێراق لەبەردەم سووتانێکی راستەقینەدان. دیسان نە خۆیان دەتوانن تیماری برینی خۆیان بکەن و نە رۆژئاواش دەتوانێ یارمەتییەکیان بدات.

"بەهاری عەرەبی" کە بە ئاگری جەستەی بوعەزیزی دەستی پێکرد، لە راستیدا زستانێکی سەختی لێکەوتەوە. تابلۆی تراژیدیای خێزانی ئالانیش گۆڕانێکی راستەقینە ناهێنێتە کایەوە. میللەتانی ئەم ناوچەیە دەبێ گەیشتبنە ئەو باوەڕەی کە تەنیا خۆیانن ئەگەر بتوانن چارەسەرێک بۆ خۆیان بدۆزنەوە. بێگومان ئەمەش سەختترین بەشی هاوکێشەکەیە.

ئەم وتارانە گوزارشت لە رای نووسەرەکانیان دەکەن و بەهیچ شێوەیەک دەربڕی بۆچوونی تۆڕی میدیایی رووداو نین.



دلاوەر عەبدولعەزیز عەلائەددین*

# نەخشەڕێیەک بۆ چارەسەری پرسی کەرکووک

سەرلەبەیانی ئەمڕۆ (دووشەممە)، تیمی ئینستیتیوتی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بۆ توێژینەوە (ئینستیتیوتی مێری) لە هۆڵی ئەنجوومەنی پارێزگای کەرکووک ڕاپۆرتێکی سیاسی سەبارەت بە ئایندەی کەرکووک و شێوازی چارەسەرکردنی ئەو پرسە هەڵواسراوە پێشکەش بە خەڵکی پارێزگاکە و تێکڕای لایەنە سیاسییەکان دەکات. ئەو ڕاپۆرتە دەرهاویشتەی ساڵە وەختێکە لە توێژینەوەی مەیدانی لەنێو پێکهاتەکانی کەرکووک و لایەنە سیاسییە پەیوەندیدارەکان کە وەک چوارچێوەیەکی کارکردن (ورقە عمل) دەخرێتە بەردەم سەرکردە و کاراکتەرە لۆکاڵییەکانی کەرکووک هەتا بە دەستپێشخەریی خۆیان و بە هەماهەنگیی سەرجەم لایەنە کوردستانی و عێراقی و نێودەوڵەتییەکان، پرسی پارێزگاکەیان بەرەو چارەسەری کۆتایی ببەن.

شاراوە نییە کە ناکۆکی لەسەر شاری کەرکووک یەکێکە لە کێشە هەرە ئاڵۆزەکانی عێراق و بووەتە سەرچاوەی چەندین قەیران و سەرئێشەی سیاسی بێ کۆتایی. سەرەڕای پەیڕەوکردنی دەستوور لە ساڵی 2005 و چەندین ڕێککەوتننامەی سیاسیی تر، کەچی کێشەکە بەبێ چارەسەر ماوەتەوە. ماددەی 140ی دەستووری عێراق میکانیزمێکی بۆ چارەسەرکردنی پرسی کەرکووک دەستنیشان کردووە، بەڵام لەبەر لێڵی و ناڕوونیی ئەم ماددەیە و نەبوونی ویستێکی سیاسیی ئەوتۆ، کێشەکان بەردەوام بوونە و ڕێچکەکان گەیشتوونەتە بنبەست.

## هەوڵی کۆن و هەلی نوێ

لە ڕابردوودا چەندین ستراتیژ و نەخشەڕێگا لەلایەن دامەزراوە ناوخۆیی و نێودەوڵەتییەکانەوە پێشکەش کراون، بەڵام لەگەڵ ڕووداوەکانی پارساڵ، بەتایبەتی لەدوای سەرهەڵدانی لەناکاوی ڕێکخراوی دەوڵەتی ئیسلامی ناسراو بە (داعش) و ئاڵوگۆڕی دەسەڵاتی ئاسایشی لە زۆربەی ناوچە جێناکۆکەکان، بارودۆخێکی نوێ هاتە کایەوە کە بووە هۆی ئاوەژووکردنەوەی هاوکێشە سیاسی و ئاسایشی و ئیدارییەکان لەو پارێزگایە. بۆیەش لە ئێستادا پێویستە هەوڵی نوێ بۆ دۆزینەوەی ڕێگاچارە بدرێت بە شێوازێک کە ببێتە مایەی سەرهەڵدانی ئاشتەوایی لە نێوان پێکهاتە جیاوازەکانی شاری کەرکووک.

## ویستی سیاسی و ئامادەیی کەرکووکییەکان

سەرەڕای ئەوەی هەموو لایەنەکان درک بەوە دەکەن کە پێویستە کێشەی کەرکووک چارەسەر بکرێت، بەڵام ئەوەی هەتا ئێستا تەرکیزی لەسەر بووە، بریتییە لە بەڕێوەبردنی شاری کەرکووک نەک چارەسەرکردنی پرسەکەی. ئەمڕۆ کارەکتەرە سیاسییە لۆکاڵییەکانی شاری کەرکووک پێیان باشە کە هەرچی زووترە پرۆسەیەکی کارا، بەپێی نەخشەڕێگایەکی نوێ دەستی پێ بکرێتەوە. بەڵێ ڕاو بۆچوونی جیاواز و دژبەیەکتر دەربارەی جۆری چارەسەرەکان هەر ماون و تێگەیشتنی بیروبۆچوون و ڕوانگەی پێکهاتەکانی نێو کەرکووک گەلێک گرنگە، چونکە هەر چارەسەرێک هەڵقوڵاوی نێو کەرکووک بێت کاریگەری زیاتری دەبێت بۆ زامنکردنی سەقامگیری لە پارێزگاکە.

بەڵگەنەویستە کە سەقامگیری لە کەرکووک بەرپا نابێت تاوەکو ڕێککەوتنێکی سیاسی نەدۆزرێتەوە، هەموو پرۆسەیەکی چارەسەریش لە داهاتوودا شەرعیەت لە کۆدەنگیی سیاسییەوە وەردەگرێت. ئەو کۆدەنگییەش دەبێ بەزووترین کات بێتە کایەوە، چونکە ئەزموونی جیهانی سەلماندوویەتی کە دواخستنی پرسی ئاڵۆزی وەک کەرکووک کێشەی زیاتر دەخوڵقێنێ، بە ئاستێک کەوا ڕەنگە لە داهاتوودا گەیشتن بە سازان و بە چارەسەر ئەستەم بێت.

## چوارچێوەیەکی نوێ و ڕاسپاردەکانی ئینستیتیوتی مێری

هەرچەندە ماددەی 140 ناکۆکیی لەسەرە، بەڵام بەشێوەیەکی گشتی قۆناغەکانی ئەو ماددەیە تاڕادەیەک ڕەزامەندییان لەسەرە و دەکرێ بکرێنە بنەمایەک بۆ دۆزینەوەی چوارچێوەیەکی نوێ بۆ یەکلاکردنەوەی پرسە ئاڵۆزەکانی وەک دیاریکردنی سنووری جوگرافی و پرسیاری ڕیفراندۆم و تۆماری دەنگدەران و سەرژمێری.

بۆ ڕەخساندنی زەمینە بۆ ئەنجامدانی ئەو پرۆسانە، پێویستە چەندین هەنگاو بنرێن و سەرکردە سیاسییەکان لەسەر ئاستی عێراق بە گفتوگۆ و بەپێی هێڵێکی زەمەنی هەوڵ بدەن لەسەر هەنگاوە عەمەلییەکانی پێش و پاش پرۆسەی ڕیفراندۆم ڕێکبکەون. دیارە کە گەڕانەوەی تەرکیزی کۆمەڵگای نێودەوڵەتی بۆ سەر عێراق و ئەگەری دروستبوونی نیەت و ئیرادەی سیاسی بۆ چارەسەرکردنی کێشەکان، دەرفەتی زێڕینیان ڕەخساندووە بۆ گەیشتن بەو جۆرە ڕێککەوتنانە.

## 1 -کات و ساتی ئەنجامدانی ڕیفراندۆم

پێویستە ڕیفراندۆم لە ماوەی سێ ساڵی داهاتوودا، بەڵام بەر لە 31ی ئاداری 2018 ئەنجام بدرێت تاوەکو پرۆسەکە لەگەڵ هەڵبژاردنی گشتیی ئەنجومەنی نوێنەران (پەرلەمان)ی عێراقی ساڵی 2018 تێکەڵ نەکرێت. لەو سێ ساڵەشدا حاڵەتێکی تایبەت بە شێوەیەکی کاتی لە کەرکووک دابمەزرێ کە تێیدا حکومەتی خۆجێیی پارێزگاکە ئەو دەسەڵاتانەی پێبدرێت کە بۆ خۆبەڕێوەبردن پێویستێتی. هاوکات هەنگاوەکانی دروستبوونی متمانە پیادە بکرێت، باری ئاسایشی ئەو شارە ئاسایی بکرێتەوە و خاڵە ناڕوونەکانی ماددەی 140 کە پەیوەستن بە مافی بەشداریکردن لە دەنگدان و سەرژمێری و پرسیاری ڕیفراندۆم ڕوون بکرێنەوە.






ئەگەر ڕیفراندۆم لەماوەی ئەو سێ ساڵەی ئایندەدا ئەنجام نەدرێت، ئەوا ئەگەری زۆر هەیە کە حاڵەتی ئێستای ئەو شارە (وەکو ناوچەیەکی جێناکۆک) بمێنێتەوە. خۆ ڕەنگە سەپاندنی حاڵەتی دیفاکتۆ (ئەمری واقیع) لەماوەی کورتدا خاوەنداریتی ئەو شارە یەکلایی بکاتەوە، بەڵام لەوانەشە لەماوەی دووردا ببێتە هۆی بڵاوبوونەوەی ناسەقامگیری لەو پارێزگایە و ناڵەبارکردنی پەیوەندییەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان و حکومەتی عێراق.

## 2 - سنووری جوگرافی و مافی بەشداریکردن لە ڕیفراندۆم

پێویستە مەسەلەی سەرژمێری و سنووری جوگرافیی ڕیفراندۆم ڕوون بکرێتەوە. دیارە گەڕانەوە بۆ سنووری ئیداری کەرکووکی پێش هاتنی ڕژێمی بەعس و دووبارە دارشتنەوەی سنوورەکانی کۆمەڵێک ناوچەی جێناکۆک کارێکی نزیکە ئەستەمە، چونکە کۆدەنگیی لایەنە لۆکاڵییەکانی کەرکووک و تێکڕای پارتە سیاسییەکانی لەسەر نییە، بۆیە باشتر وایە سنووری ئیداری ئێستای پارێزگاکە ببێتە بنەما.

پێویستە لە ڕێگای ڕێککەوتنی سیاسییەوە بابەتی مافی بەشداربوون لە ڕیفراندۆم یەکلایی بکرێتەوە و دوا لیستی بەشداربووان لە ساڵی 2016دا ئامادە بکرێت. ئەو بابەتە زۆر هەڵدەگرێ، بەڵام ڕەنگە لە کۆتاییدا وا باشتر بێ کە، وەک ئەزموونی وڵاتانی دیکە نیشانیان داوە، ڕێگە بە هەموو دانیشتووانی شاری کەرکووک بدرێت بۆ ئەوەی دەنگ بدەن، جگە لە ئاوارە ناوخۆییەکان (النازحین) و ئەو هاوردانەی قەرەبووکردنەوەی داراییان وەرگرتووە و هەروەها ئەو هاوردانەی کەوا چاوەڕوانی قەرەبووکردنەوەی دارایین.

## 3 -پرۆسە و پرسیاری ڕیفراندۆم

دوای سێ ساڵی ئاماژە پێکراو و پەیڕەوکردنی بەندەکانی نەخشەڕێگاکە، پێویستە ڕیفراندۆم ئەنجام بدرێت و شێوازەکەشی وەڵامدانەوە بێت بە "بەڵێ" یان "نەخێر" و وەڵامی زۆرینەی ڕەها وەربگیرێت. دەکرێ پرسیارەکە ئەوە بێت: ئایا کەرکووک بخرێتە سەر هەرێمی کوردستانی عێراق؟

پێویستە ڕێککەوتن لەسەر ئەو لایەنە فەرمیە بکرێت کە پرۆسەی سەرژمێری و ڕیفراندۆم بەڕێوەدەبات. دیارە دەستووری عێراق لایەنی جێبەجێکاری دەستنیشان نەکردووە کە ئەنجامدانی پرۆسەی سەرژمێری و ڕیفراندۆم دەگرێتە ئەستۆ. بۆ ئەم مەبەستەش دەکرێت کۆمیسیۆنی باڵای هەڵبژاردنەکانی عێراق بەوکارە ڕابسپێردرێت. پێویستە چەندین لایەنی نێودەوڵەتی پەیوەندیداریش چاودێریی پرۆسەی ڕیفراندۆم بکەن و دان بە ئەنجامەکانیدا بنێن هەتاوەکو دواتر ئەنجامەکەی شەرعیەت وەربگرێت و جێبەجێ بکرێت.

## 4 - پێش و پاش ڕیفراندۆم

بەدرێژایی ماوەی پێش ئەنجامدانی ڕیفراندۆم، پێویستە پرۆسەیەکی بەردەوام بۆ جێگیرکردنەوەی باری ئاسایش هەبێت و داوا بکرێت کە دەسەڵاتی ئیداری پێویست لە بەغداوە شۆڕ بکرێتەوە بۆ حکومەتی خۆجێیی کەرکووک. پێویستە بەغدا و هەولێر ڕێز لە تایبەتمەندێتی کەرکووک بگرن و پشتگیری جێبەجێکردنی هەر دەرئەنجامێک بکەن کە لە ڕیفراندۆمی کۆتایی دەردەچێت. لەخۆگرتنی ڕوانگەیەکی ڕوون سەبارەت بە دۆخی پاش ئەنجامدانی ڕیفراندۆم دەکەوێتە ئەستۆی حکومەتی هەرێمی کوردستان و حکومەتی فیدراڵەوە. هەریەک لەو دوو حکومەتانە دەتوانێت لە ڕێگای پێدانی زەماناتەوە سەرنجی کەرکووکییەکان بۆخۆی ڕابکێشێ.

## 5 - پێشنیازە تایبەتەکان:

ا- بۆ حکومەتی هەرێمی کوردستان: پێویستە حکومەتی هەرێم ڕۆڵێکی دروستکەرانە بگێڕێت لە بونیاتنانی متمانە لە نێوان پێکهاتەکانی کەرکووک و گەیشتن بە چارەسەری کۆتایی و گشت پارتە سیاسییە سەرەکییەکان لە کەرکووک ڕوانگەی هاوبەش و هەماهەنگیی تەواویان لە بوارەکانی ئابووری و سیاسی و کۆمەڵایەتیدا هەبێت. بۆ نموونە، حکومەتی هەرێمی کوردستان، دەتوانێ دەرفەت برەخسێنێ بۆ کێبڕکێکردن لەسەر تەواوی پۆستە پیشەیی و ئەمنییەکان لە هەرێمی کوردستان بۆ هەموو پێکهاتەکان.

ب- بۆ حکومەتی عێراقی فیدراڵ: بارودۆخی ئاسایشی ئێستای کەرکووک حاڵەتێکی دیفاکتۆیە و دەرئەنجامی جێگۆڕکێی هێزەکانی بەرگرییە بۆ کۆنترۆڵکردنی ئەو ناوچەیە لە دوای 10ی حوزەیرانی 2014. دەبێت بارودۆخی ئاسایشی بە گوێرەی واقیعی ئێستا ڕێککەوتنی فەرمی لەسەر بکرێت، بەتایبەتی بۆ بەردەوامێتی هێزەکانی پێشمەرگە لە پارێزگای کەرکووک. هەروەها پێویستە حکومەتی بەغدا بودجەی پێویست بۆ خێراکردنی پرۆسەی چارەسەرکردنی کێشەی خاوەندارێتی زەویوزار و قەرەبووکردنەوە تەرخان بکات و بە یاسا بودجەی پترۆدۆلاری کەرکووک زیاد بکات.

ج- بۆ کاراکتەرە ناوخۆییەکان: پێویستە هێزەکانی ئاسایشی ناوخۆ یەکبخرێنەوە و دیاردەی بەدەستهێنانی چەک لەنێو شاری کەرکووک سنووردار بکرێت. هێزەکانی ئاسایشی پارتی دیموکراتی کوردستان و یەکێتی نیشتیمانی کوردستان ئامادەبوونی مەیدانییان لە کەرکووک هەیە و تا ڕادەیەک کێشەی هەماهەنگییان لەنێواندا هەیە. هەرچەندە ئەم دوو هێزە هێشتا لە هەرێمی کوردستانی عێراق یەکیان نەگرتووەتەوە، یەکگرتنەوەیان لە کەرکووک دەبێتە مایەی نیشاندانی نموونەیەکی باش بۆ بەشەکانی تری هەرێمی کوردستان. لە هەمان کاتدا پێویستە هێزەکانی ئاسایش پێکهاتەکانی تریش لەخۆ بگرن و تایبەت نەبێت بەیەک نەتەوە.

د - بۆ لایەنە نێودەوڵەتییەکان: پێویستە کۆمەڵگای نێودەوڵەتی هەوڵی جیددی بدات بۆ ئەوەی حکومەتی عێراق و حکومەتی هەرێمی کوردستان بەشداریی کارا بە نوێنەرانی سیاسی کەرکووک بکەن بۆ بەرەودان بە ئەگەرەکانی گەیشتن بە چارەسەری سیاسی. کۆمەڵگای نێودەوڵەتی دەتوانێ کارئاسانی بۆ پیادەکردنی پرۆسەی دیالۆگ و ئاشتەوایی لەسەر ئاستی لۆکاڵی لە کەرکووک بکات و پاڵپشتی دامەزراندنی پرۆسەیەکی سیاسیی درێژخایەن بکات.

## دواپەیام

ئینستیتیوتی مێری ئەو توێژینەوەی بە دەستپێشخەری و تەمویلی ناوەکی خۆی ئەنجام داوە، ئەویش لە ئەنجامی هەستکردن بەو بەشە بەرپرسیارێتییە مێژووییەی کە دەکەوێتە سەر شانی هەموو تاکێک و لایەنێک و دامەزراوەیەکی ئەو نیشتیمانە، بە ئامانجی بەشداریکردن لە پرۆسەی نیشتیمانسازی و بەدیهێنانی ئارامی و سەقامگیری و پێکەوەژیانی هەمیشەیی نێوان پێکهاتەکان. ئەو پرۆژەیە قابیلی دەوڵەمەندکردنە و لێرەبەدوا ئەرکی سەرشانی ئەنجومەنی پارێزگا و لایەنە پەیوەندیدارەکانە کە تا ئاستی بەجێگەیاندن کار لەسەر بڕگەکانی بکەن. ئینستیتیوتی مێری بەردەوام دەبێ لە هاوکاریکردن و هەوڵ و تواناکانی دەخاتە بەردەستی ئەو سەرکردە و ڕابەڕانەی کە پرۆسەکە دەگرنە ئەستۆ.

***سەرۆکی ئینستیتیوتی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بۆ توێژینەوە**



هێمن عەبدوڵڵا
hemen@rudaw.net

# بەدەم ڕێگاوە پێکەنین

ئەورووپای پاش کۆچی بەلێشاوی ئەم هاوینەی کۆچبەران چیدیکە ناتوانێ ئەورووپاکەی جاران بێت. ئەو ئەورووپایەی نیو سەدە زۆرتر پێش ئێستا جیهانی گیرۆدەی جەنگە جیهانییەماڵوێرانکەرەکان دەکرد و دانیشتووانی بەرەو کیشوەرەکانی دیکە کۆچیان دەکرد، ئێستا خۆی گیرۆدەی دەرهاویشتەکانی جەنگی برا موسڵمانەکان لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست بووە.

لە وێستگەیەکی شەمەندەفەر لە ئەڵمانیا چاوەڕێی هاتنی شەمەندەفەرم بەرەو هۆڵەندا. چاکەتێکی ڕەشم بەسەر دەستمدا داوە و کۆڵەپشتێکم بەکۆڵمدا داوە. گوێم لە میوزیکێکی کوردی گرتووە. دوو پۆلیسی ئەڵمانی بە دەورمدا دەخولێنەوە و تەماشام دەکەن. وا خۆم پیشان دەدەم کە ئاگام لێیان نییە، بەڵام هەموو جووڵەیەکیان لەبەر سێرەی سیلەی چاومە. گەنجێکی قژڕەشی دیکە لەتەنیشتم ڕاوەستاوە و زۆر نیگەران دیارە. شەو درەنگە و ئەگەر شەمەندەفەرەکەمان نەیەت، دەبێ لەو شارە بمێنینەوە و ڕۆژی دواتر بەڕێبکەوین. گەنجەکە خۆی پێناگیرێت و لێم دێتە پێشەوە: "تۆش دەچیتە هۆڵەندا؟ هۆڵەندی دەزانی؟" منیش بەئەنقەست، بۆئەوەی پۆلیسەکان گوێیان لێبێت، بەدەنگی بەرز بە هۆڵەندی لەگەڵی قسە دەکەم. سەیرێکی پۆلیسەکان دەکەم، بزەیەک دەکەن و بەخێرایی بەجێماندەهێڵن. تومەز وایانزانیوە کۆچبەرم و نێچیرێکی چەورم بۆ دەستگیرکردن!

بەدەم ڕێگاوە بەرەو هۆڵەندا گەنجەکە پێدەکەنێ و دەڵێت: "کۆچبەران سەریان لە پۆلیس شێواندووە. نازانن کێ بگرن و بۆیان نییە کێ بگرن"! ئەو هیندۆسە و خەڵکی سوورینامە. وڵاتێکی دڵڕفێن کە سەردەمێک هۆڵەندا داگیری کردبوو و ئێستا ژمارەی دانیشتووانی سوورینامی لە هۆڵەندا زیاترە لە ژمارەی سوورینامییەکان لەنێو وڵاتەکەی خۆیاندا. ئەو هەرچییەک دەڵێت لەگەڵیدا پێدەکەنێت. بەڵام جارێک کەمێک بێدەنگ دەبێت، ئینجا بە ڕوویەکی کەمێک گرژەوە دەڵێت: "ڕۆژئاواییەکان ئەوە دەدروونەوە کە لە ڕابردوودا چاندوویانە. وڵاتان داگیر بکەیت و شەڕ دروست بکەیت، ڕۆژێک دێت باجەکەی بدەیت".

وێنەکانی ئالان و غالیبی برای و گریانە بەکوڵەکەی باوکی ئالان ئەورووپاییەکانی هەژاندووە، بەڵام خراپتر لەوە دیمەنی ئەو کۆچە بەکۆمەڵە تاساندوونی کە لە هەنگاریاوە بەرەو نەمسا و ئەڵمانیا و وڵاتانی دیکە بەڕێگەوەیە. لەکاتی جەنگە جیهانییەکاندا ئەورووپا زۆر لە سووریا و عێراقی سەردەمی ئێستا دەچوو. مەیدانێک بوو بۆ یەکلاییکردنەوەی حیساباتی زلهێزەکان. ئەوکات ئەمریکا وەکو ئەورووپای ئێستا پەناگەیەکی ئارام بوو، مژدەی ژیانێکی خۆشتری دەدایە لێقەوماوان. بەڵام ئێستاشی لەگەڵدابێت، ئەمریکا لەپەنای قازانجەکانی کە کردی لە هێزی مرۆییان، بەڵام باجی وەرگرتنی کۆچبەرە ئیتالی و ئێرلەندییەکان دەدات. ئەورووپا هێشتا ماوەیەتی وای بەسەربێت. بیرمە پێنج ساڵ پێش ئێستا پرۆفیسۆرێکی هۆڵەندی پێیگوتم: "ئێمە لەوە تۆقیوین کە ئیسلام وەکو ئەسپی ترۆجان بێتە ناو قەڵاکانمانەوە، بەڵام لەبیرمان چووە کە ئیسلام پێشتریش لەو قەڵایانەدا هەر هەبووە".

ئێستا کە کۆچبەران وا زۆرتر ڕوو لە ئەورووپا دەکەن، لە ساڵانی داهاتوودا شایەتی بەهێزبوونی ئایدیۆلۆژیا دژە ئیسلام و دژە پەنابەرییەکە لە سەرتاسەری ئەورووپا دەبین. لەبەرامبەریشدا موسڵمان و کۆچبەر دەنگیان ڕەساتر دەبێت و بەهێزتر دەبن. ڕەنگە ئەوکات توندوتیژی لە ئەورووپا زۆرتر ببێت.

هاوڕێکەکەم کە گوێی لەو قسانە دەبێت، بە دەنگێکی پەرۆشانەوە دەپرسێت: "بەڕاستی پێشبینی دەکەیت ئەمە لە ئەورووپا ڕووبدات؟" وەڵامی دەدەمەوە: "هەموو شتێک دەبێت". دیسان بێدەنگ دەبێتەوە، ئینجا دەست دەکات بە پێکەنین و دەڵێت: "چاکتر. ئەوکات هۆڵەندییەکان دێنە سوورینام و لای ئێمە دەبنە پەنابەر".



بێستون عوسمان
bestoon.othman@rudaw.net

# ئالان بۆ نەهات بۆ باشووری کوردستان؟

ئالان! لەو ڕۆژەوەی کە وێنەی تەرمە بێ گیانەکەتم بینیوە، بۆ یەک چرکەش لەبەر چاوم لاناچیت... ڕووم نایەت لێت بپرسم بۆ ڕووتکردە ئەورووپا و نەهاتی بۆ باشووری کوردستان؟

چونکە وا ئێرەش چۆڵ دەبێ، گەنجانی وڵات، هەموو وەکو تۆ بەرەو "ئومێد" دەڕۆن.

خۆزگە باشووری کوردستان ببووایە بە لانەیەک بۆ تۆ و براکانی تۆ لێرە، بەڵام نەبوو...

لەوەتەی لێشاوی کۆچی گەنجانی باشووری کوردستان بۆ هەندەران دەستیپێکردووەتەوە، لێرە و لەوێ دەیان قسەی زل و بریقەدار دەبیستم. هەموو بوون بە خەمخۆرانی نیشتیمان و نیشتیمانپەروەری دەفرۆشنەوە بەو گەنجە داماوانەی لەبەر "بێ نیشتیمانی" ڕوویان کردووەتە وڵاتان و بەدوای خاکێکدا دەگەڕێن لەخۆیان بگرێت.

دەبووایە باشووری کوردستان ببێتە لانەیەک بۆ کوردی بەشەکانی دیکە و تێیدا سەربەست و ئازاد بژیایانایە، نەک دانیشتووانەکەی خۆیشی ڕووبکەنە وڵاتان و بەناوی کوردی ڕۆژئاواوە داوای مافی پەنابەری بکەن.

کاتێک دەسەڵاتدارانی ئەم وڵاتە نەیانتوانیوە ئەو نیشتیمانە ئارامە بسازێنن، کەس نابێت مافی ئەوە بدات بەخۆی لۆمەی خەڵکانێک بکات کە پەنا بۆ وڵاتان دەبەن بۆ ژیانێکی باشتر، بۆ ئەوەی لەشوێنێک بژین ڕێزیان لێ بگیرێت و وەکو مرۆڤ مامەڵە بکرێن.

کاتێک 24 ساڵ حوکمڕانی کوردی نەیتوانیبێ نەوەیەکی وابەستە بە نیشتیمان بەرهەمبهێنێ، کاتێک ململانێی دوو لایەن، نیشتیمانی دابەشکردبێت بەسەر دوو ڕەنگدا، کاتێک کە پێشمەرگەی وڵات کرابێت بە پاشکۆی دوو حیزب، کاتێک کە نان نەبێت خەڵک بیخوات و گەورەکان شەڕیان بێت لەسەر ئەوەی کێ سەرۆک دەبێت، کەس بۆی نییە لە گوڵێک کاڵتر بەو خەڵکانە بڵێت کە بۆ دابینکردنی داهاتوویەکی باشتر بۆ منداڵەکانیان ڕوودەکەنە غەریبی.

کەسیش هەڵنەسێت باسی ئەوەم بۆ بکات کە ئەمە کۆچی بیر و وزەیە. کام بیر؟ کام وزە؟ ئەو بیرەی کە لێرە بێت دەخەسێندرێت؟ ئەو وزیەی کە لێرە بێت قەتیس و یەخسیر دەکرێت؟

بۆ خۆم قەت بیر لەوە ناکەمەوە بە قاچاخ کوردستان جێبهێڵم و وەک پەنابەر بچمە وڵاتێکی دیکە. بەڵام ئەمە مانای ئەوە نییە کە ئومێدم بەوە هەبێت شتێک لە کوردستان دەگۆڕێت و ژیانمان بەرەو ئاسوودەیی دەڕوات. نەخێر هەتا بێت خراپتر دەبێت و ئەوەش مافی زیاتر بە خەڵکان دەدات کە لەپێناوی ژیانی منداڵەکانیان سنوورەکان ببڕن و بڕۆن.

لە بیرتان بێت کاتێک لە نەوەتەکاندا دەیان هەزار گەنج و پیری ئەم وڵاتە ڕۆیشتن، پێش هەموو شتێک دەیان ساڵ بە ناردنەوەی پارە خزمەتی ئابووریی وڵاتەکەیان کرد. دواتریش بە گەڕانەوەی هەندێکیان پردێکی پەیوەندی لەنێوان کوردستان و جیهان دروست بوو.

هەستی نەتەوەیی و نیشتیمانی سەروو جوگرافیان. کەسێک ئەگەر هەستی نیشتیمانی و نەتەوەیی پتەو بێت، لە هەر شوێنێکی جیهاندا بێت هەر نیشتیمانپەروەر و نەتەوەییە. کەسێکیش کە تەنها پێڵاوەکانی ببەستێتەوە بە نیشتیمانەوە، ئەگەر هەتا هەتایە لەسەر ئەو خاکەش بمێنێتەوە، هەر بارێکی قورسە بەسەر شانی نیشتیمانەوە و بێ لە زیان هیچی دیکەی پێ نابەخشێت.

ئەگەر دابەزین بۆ قووڵایی کێشەکان و هۆکارە ڕاستەقینەکان ببینین، دەبینین کە نیشتیمانفرۆشی جێهێشتنی نییە. نیشتیمانفرۆشی کردنە قوربانیی نیشتیمانە بۆ بەرژەوەندیی تاکەکەس، جا لە بەرزترین ئاستەوە هەتا نزمترین ئاست.

ئەوەی کە پێویستە بپرسین ئەوەیە: بۆچی نەتوانرا باشووری کوردستان بکرێتە کەنارێکی ئارام بۆ ئالان و هەر کوردێکی تر، هەتا لە دەریاکانی ڕێی غەریبیدا نەخنکێن. بۆچی نەتوانرا باشووری کوردستان بکرێتە نیشتیمانێکی یەکپارچە کە هەمووان هەست بە ئارامی و یەکسانی بکەن؟ بۆچی هەموو ئەمانە کران بە قوربانی دەسەڵات و پارە و نەوت و کورسی و نفوز؟

ئەم وتارانە گوزارشت لە ڕای نووسەرەکانیان دەکەن و بەهیچ شێوەیەک دەربڕی بۆچوونی تۆڕی میدیایی ڕووداو نین.

WWW.RUDAW.NET

RÛDAW
Rudaw Media Network
Rudaw readers know more



## هیڤیدار زانا
## له ئەوروپا یاخی بووه

«11

**خاوەنی ئیمتیاز :** تۆڕی میدیایی روداو

**سەرنووسەر :** سەلام سەعدی salam@rudaw.net

**جێگری سەرنووسەر :** ساڵح قادر rodan@rudaw.net

**بەڕێوەبەرانی نووسین:** نەوزاد مەحموود newzad@rudaw.net

هیڤیدار ئەحمەد hevidar@rudaw.net

**بەڕێوەبەری هونەری:** حوسێن هیمەتی himati@rudaw.net

**ئەندامی شانازی ستاف :** عەبدوڵڵا قرگەیی

**دیزاینەران :** بەختیار مستەفا ، هونەر مەرجان ، شاهۆ محەممەد

هەفتەنامەیەکی سیاسی گشتییە تۆڕی میدیایی روداو دەریدەکات   نووسینگەی سلێمانی : بەرامبەر پارکی ئازادی 07501130997   ناونیشان: هەولێر ـ شەقامی رووناکی   Tel: 0750 486 34 12 - 0750 488 56 96   rudaw@rudaw.net





